# جینۆسایدی ئەرمەن و رۆڵی کورد تێیدا

محمد حمەصاڵحتۆفیق


- پێشەکی
- کورتە باسێکی مێژوویی
- هۆکارە سەرەکییەکانی جینۆسایدی ئەرمەن لە دەوڵەتی عوسمانیدا
  1 ـ حکومەتی عوسمانی و جەنگەکانی و پێکهاتەی دەوڵەت
  2 ـ رۆڵی حیزب و رێکخراوەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەن
  3 ـ رۆڵی دەوڵەتە گەورەکان و نێردە مسیۆنێرەکان
- رۆڵی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەندا .. وەك ئەنجامدەر و وەك رزگارکەر
- ئەنجام و پەند


- **پێشەکی:**

ئەمساڵی 2015 سەدەیەك تێدەپەرێت بەسەر ترۆپکی کوشتارو قڕکردنی میللەتی ئەرمەن لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، ئەگەرچی کوشتارەکە بەشێوەی بچڕبچڕ دەگەڕێتەوە بۆساڵانی 1890کان بەڵام لەوساڵەو ساڵانی دواتر حکومەتی عوسمانی بە رەسمی پەردەی لەڕووی بڕیارو کردەوەکانی هەڵماڵی وچیتر سیاسەتی قڕکردنی ئەرمەنی نەشاردەوە لەژێر پەردەو پاساوی جۆراوجۆردا.

دەوڵەتی عوسمانی بەسەدەیەك زیاتر پێش جەنگی جیهانی یەکەم ودواتر هەڵوەشانەوەو لەناوچوونی لەئەنجامی ئەو جەنگەدا تووشی لاوازی وداڕووخان ببوو، گەلە ژێردەستەکانی،کەچەندین سەدەبوو بەدەست زوڵم و ستەمی بێئامانی کاربەدەستانیەوە دەیانناڵاند، کەوتبوونەخۆ بۆ رزگاربوون رژێمێکی ئیمپراتۆریی گەندەڵ کەچیتر نەدەگونجا لەگەڵ بیری

ناسیۆنالیستیی تازەچەکەرەکردووی ئەومیللەتانەداو بەتایبەتی گەلانی بندەستی عوسمانی لەئەوروپادا کە پاش زنجیرەیەك راپەڕین وشۆڕش لەناوچەی بەلکانداو بەهاوکاری ودەستێوەردانی ولاتە زلهێزەکانی وەك رووسیاو فەرەنساو بەریتانیا هەموو لە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی دەرچوون وسەربەخۆییان راگەیاند. ئەم بارودۆخە نوێیەش کاری کردە سەر میللەتانی تری ناو ئیمپراتۆرێتەکە، چەشنی ئەرمەن وکوردو عەرەب و تاد.. بۆخۆڕێکخستن وجۆشدانی تێکۆشان لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیاندا بەلام حکومەتی عوسمانی بەو دەسەلات وسوپایەی کەهێشتا مابووی سلی نەکردەوە لەسەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕین وشۆڕشانەو ئەوپەڕی تاوانی ئەنجامدەدا لەو پێناوەداو شێتگیرانە دەستی نەدەپاراست. سوپای عوسمانی هەرچەندە لەدوو جەنگی سەرەکیی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ رووسیای قەیسەریدا تێکشکابوو، لەسالانی 1828 ـ 1829 و1877 داو لەم قۆڵەشەوە ڕووبەری بەرفراوان خاك و قەڵەمڕەوی لێزەوتکرا بەلام هەر بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی زەبروزەنگ وسەرکوتکردنی گەلانی بندەستی.

سەبارەت بەکورد رژێمی عوسمانی درکی بەوەکردبوو کە چاوپۆشی کردن لەمیرنشینەکانی بەرەو ئاقارێکی باش ناڕوات وبەسوودوەرگرتن لەئاینی ئیسلام وئەقلییەتی پەیوەست بوون بە دەوڵەتی خیلافەت لەلایەك وکەڵك وەرگرتن لەناکۆکیی نێوان میرنشینە کوردەکان خۆیان ویەکتر قبووڵ نەکردنیان وشەڕوشۆڕیان بەدرێژایی چەندین سەدەی بوونیان بووبەهۆی لاوازییان وسەرەنجامیش لەناوبردنیان یەك لەدوای یەك تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەسەردەستی سوپای عوسمانی. هەرچەندە دواتر بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی وردە وردە کاری خۆی دەکردو لێرەولەوێی کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا ڕاپەڕین بەرپادەکرا، کەزۆربەیان بەسەرکردایەتی ڕابەرە ئاینی وسەرۆك خێڵ وفیودالەکان بوو و لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەتەوە سەرکوت دەکران وشکشتیان دەهێنا.

سەبارەت بەگەلی ئەرمەنیش، کەلەم باسەدا جێی مەبەستمانە، بۆماوەی چەندین سەدە دراوسێ وتێکەڵی کوردبوون لەکوردستانی باکورداو گەلێ هۆکار وایکرد کەدەوڵەتی عوسمانی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستدا قەتلوعامیان دەرهەق ئەنجامبدات ونزیکەی ملیۆن ونیوێك خەڵکی بێتاوانیان لێ قربکات ولەشوێن وماوای خۆیان ڕاپانگوێزێت، بەچەشنێکی هێندە دلڕەقانە کە تا ئەو دەمە نموونەی نەبووە لەمێژووی نوێی مرۆڤایەتیداو تائێستا پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچەوانی دەوڵەتی عوسمانی وحکومەتە رەگەزپەرستەکانی میراتگریەوە.

راسته لەمیانەی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی ئەرمەندا ئالۆزی وتەمومژو دەستتێوەردانی دەوڵەتە گەورەکان ونێردە مژدەدەرە مەسیحییەکان وتوندڕەویی ئاینی ومەسەلەی ناسنامەی خاك، کەوا هەرلایەك کوردوئەرمەن باکوری ئێستای کوردستانی بە هی خۆی دەزانی، کەبریتی بوون لە شەش ویلایەتی وان ودیاربەکر و ئەرززوم وخەرپوت وسیواس وبەدلیس وزۆرینەی دانیشتوانیان کوردبوون ولای کورد بەکوردستان لەقەڵەم دەدراو لای ئەرمەنیش بەئەرمەنستانی ڕۆژئاوا دادەنراو هەوڵێکی زۆری دەدا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەسەر ئەم خاکە ڕابگەیەنێت بێ حیساب کردن بۆ زۆرینەی دانیشتوانە کوردەکەی و لەم ڕووەوە مەسەلەی ئەرمەن سەرباری ڕەواییەکەی بەڵام لەلایەن رابەران وحیزبە ناسیۆنالیستەکانی ئەرمەنەوە کورتبینییەکی زۆری تێداکراو سەرەنجام بەوە شکایەوە کە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی بیانکەن بەناحەزودوژمنی یەکترو لەورێگەوە پلانەکەی سەربخات وتا ڕادەیەك کوردیش بەهەمان دەردببات.

بێگومان دەبێت پێ لەو راستییە بنێین کە لەو کوشتارەدا کورد یان بەشێك لەکورد، بە ئاگایی بێت یان بێئاگایی وخشتەبردنی بێت لەلایەن سیاسەتی حکومەتی عوسمانی و پاشتریش حوکمی‌ئیتیحاد و تەرەقی یان تورکە لاوەکانەوە بێت، رۆڵێکی خراپی بینیوە لەو کوشتارەدا، ئەگەرچی ئەم کارە تەنها بەشێك لە سەرۆك خێڵ یان کارتێکردووی نەزانی وتوندڕەوی ئاینییەوە بووەو لە گەلێ سەریشەوە سەرکێشیی حیزب وگرووپە نەتەوەپەرستەکانی ئەرمەنیش بە هۆی تۆڵەکردنەوەو پێش قەرەوڵی سوپای رووس کەمیان بە کوردی بێدیفاع نەکردووەو زەمینەیەك ڕەخساوە کەوا هەردوولا ببنە داردەستی تورك و وڵاتە زلهێزە بەرژەوەندخوازەکان و ئەنجام هەردوو بە گورگان خواردووبچن. رەنگە ئەم قسانە پاساو نەبێت بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەو قەسوەت ودڕەندییەی لەو سەردەمەدا ئەنجامدراوە، بەقەدەر ئەوەی کەپێویستە پەندێکی مێژووبێت بۆ هەردوو گەلی دراوسێ تابتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو "ڕقئەستورییەی" تائێستاش دڵ و دەروونی نەوە و وەچەکانی دواتری لێ پاك نەبوونەتەوەو بتوانرێت زەمینەی جۆراوجۆر سازبکرێت کەهەردوو گەل شانبەشانی یەکتر ئایندەی خۆیان بنیادبنێن وپەندی تەواویش لەخوێنی رژاو و ئێسکوپروسکی قوربانییان وەربگرن و بە لێکترتێگەیشتن بتوانن خەم ودووکەڵی ئەو مێژووە رەشە بڕەوێننەوە ولایەنە پرشنگدارەکانی هاوکاری ومرۆڤدۆستانەی سەدان کەسی کورد بخەنەڕوو کە رۆڵێکی جوامێرانەیان بینیوە لە رزگارکردنی ئەو ئەرمەنانەی باوباپیری نەوەی ئەمڕۆی گەلی ئەرمەنن.

- **کورتە باسێکی مێژوویی**

له مێژووییەکی دێرینی دەڤەری ئەنادۆڵدا، کە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی تورکیای ئەمڕۆ دەگرێتەوە، گەلی ئەرمەن شارستانییەتێکی دێرینی بنیاتناوەو له سەدەیەك پێش زایندا قەڵەمڕەوی ئەو دەوڵەتە رووبەرێکی فراوانی گرتووەتەوە، بێجگە لەحەوزی ئەنەدۆڵ بەشێکی سوریای ئەمڕۆ و باکوری میزۆپۆتامیا تا سەر دەریای ڕەشی گرتووەتەوە. بەڵام دواترو لەئەنجامی شەڕو ململانێی دەوڵەتەکانی رۆمان وبیزەنتەو ئێرانی کۆن ئەم ئیمپراتۆرییەتە داویە لەکزی ودواتر بووەتە بەشێك لە دەوڵەتی میدیا وئەوجا دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی و عەباسیی ئیسلامی بەهەندێ حوکمڕانی ئۆتۆنۆمییەوە لەسایەی هەردوو دەوڵەتەکەدا. شایانی وتنە گەلی ئەرمەن یەکەمین گەل ودەوڵەتە کەلەساڵانی 300ی زایینیدا بەڕەسمی چووبێتە سەر ئاینی مەسیحی وبەچەندین ساڵ پێش بەڕەسمی ناساندنی ئەم ئاینە بووە لەلایەن دەوڵەتی زلهێزی ئەو سەردەمەی رۆماوە. ئەرمەن لەمێژوویەکی زۆردوورەوە لەگەڵ کورد پێکەوە ژیاون و هەردوولا خاك و وڵاتیان لە ڕووی جوگرافییەوە تێکهەڵکێشی یەکتربووە، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە ئەمڕۆ بە کوردستانی باکوور دەناسرێت و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەمڕۆوە. لەسەروەختی بەرەوکزی چوونی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیی عەرەبیدا و لەئەنجامی شەڕەنگێزی وفراوانخوازی خێڵە تورکەکانی بانی ئاسیادا بەتایبەتی شەڕو داگیرکاریی جەنگیزخان وتەیموری لەنگ وهۆلاکۆ لەمەنگۆلیاوەو لەناوبردنی دەوڵەتی عەباسی. بەمە زەمینە خۆشبوو بۆ خێڵە تورکە جەنگاوەرەکان کە بەرەو ڕۆژئاوا بکشێن و دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن وەك دەوڵەتانی قەرەقۆینلوو و ئاق قۆینلوو پاش ئەمانیش دەوڵەتی تورکی سەلجووقی کەوڵاتی ئەنەدۆڵ بوو بە پێگەو بنکەی سەرەکییان وله ساڵی 1375 دا دەوڵەتی کیلیکیای ئەرمەنییان لەوێ لەناوبرد وبوون بەجێگرەوەی خیلافەتی عەباسی وپاش ئەمانیش بنەماڵەی تورکی عوسمانی بەهەمان کەش و هەوای داگیرکاری خێڵە تورکەکانی کە لە مەنگۆلیاو بانی ئاسیاوە هاتبوون دەوڵەتی خۆیان لەئەنەدۆڵداچەسپاندو پاش داگیرکردنی قوستەنتینییە "ئەستەمبوولی ئەمڕۆ" ئیمپراتۆرێتێکی پان و بەرینیان دامەزراند کەوا قەڵەمڕەوی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ئەرمەنستان وکوردستان و وڵاتانی قەوقازو باکووری ئەفریقاو میسرو دوورگەی عەرەب و ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت وڵاتانی عەرەبی هەمووی گرتەوە بەناوی خیلافەتی ئیسلامی سوننە مەزهەبەوە لەبەرامبەر ئیمپراتۆرێتی ئێرانیدا کە لەسەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە بوو بەدەوڵەتێکی شیعە مەزەب ولەگەڵ عوسمانییەکاندا، کەزیاتر لەشەش سەدە حوکمیان کرد، کەوتنە ململانێ وشەڕوشۆڕێکی قووڵەوە کەلەم نێوانەدا خاك ونیشتمانی کوردنشین و ئەرمەننشین بەردەوام دەبوون بەژێرپێی لەشکری شەڕکەری هەردوو لایەنی

عوسمانی وسەفەویـیـەوە و وڵاتی کوردان لەپاش شەڕی چاڵدێرانی نێوان ئەو دوو زلهێزە لـە 1514 دا بەتەواوی بوو بەدوو بەشەوە بەشی ئێرانـی سـەفەوی وبەشـە زۆرەکەشـی تـورکی عوسمـانی. بەهـەمان شـێوەش ئەرمەنسـتان بـوو بـەدوو کەرتـەوە لەسـاڵانی 1600 ەکانـدا و پاشـانیش زۆربـەی کەرتـە ئێرانییەکەی کەوتە سەر رووسیای قەیسەری لەئەنجامی جەنگ وداگیرکاریی نێـوان ئێـران و رووسـیادا لەساڵانی 1800 ەکان بەدواوە وئەم بەشەش بەردەوام بووە شوێنی جەنگ وداگیرکاریی نێوان رووسـیا و دەوڵەتی عوسمانی، کەتەنیا لەسەدەی نۆزدەدا چوار جەنگی گـەورە لەنێوانیانـدا بـەرپابوو. ئەرمـەن یەکەمجار لە ساڵی 1375 دا مەملەکەتەکەی کیلیکیا، کـە دوا دەوڵـەتیان بـوو بەسـەربەخۆیی لـەنێوان هێزەکـانی ئـەو سـەردەمەدا مابێتـەوە، لـە سەردەسـتی سـلجوقییەکان لـەناوبراو دووەمجـاریش کاتـێ کەسوڵتان محەمەد فاتیحی عوسمـانی لەسـاڵی 1453 دا قوسـتەنتینییە (ئەسـتەمبووڵ)ی گـرت ئیـدی میللەتانی غەیرە موسڵمانی بندەستی عوسمانی، بەتایبەتی ئەرمەن، کەوتنەبەر ستەمکارییەکی زیـاتر ودەبـوو لـەبری موسـوڵمان نـەبوونیان بـاجی"جزیـە" بدەنـە دەوڵـەت و بـەردەوام بـە چـاوی هـاوڵاتی پلەدوو تەماشادەکران و مامەڵەیـەکی پـڕ لەسـووکایەتی دەکـران، هەرچـەندە سـتەمکارییەکەی تـورکی عوسمـانی سـەرجەم میللـەتانی ژێردەسـتی ئـەم حوکمـە کۆنەپەرسـتەی گرتبـووەوە، بـەڵام هـی ئـەمان جیاکاریی ئاینیشی هاتبووەسەر. رژێمی حوکم لە دەوڵـەتی عوسمانیـدا لـە سـەر بناغـەی سیسـتەمێکی سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایـەتیی دواکـەوتووی فیـوداڵی رۆژهـەڵاتی دامـەزرابوو کەخـەڵکانی جووتیـار وشوانکارەو پیشەوەری بەباج وخـەراجێکی تـەواو سـتەمکارانە دەچەوسـاندنەوە و شـێوازێکی هـەرەمی هێجگار ناڕەوای باج کۆکردنەوە بـاری شـانی رەعییـەتی ئـەو ئیمپراتۆرییەتـەی تـەواو قـورس کردبـوو وچینی باڵادەست ئاغاو دەرەبەگی دێهات وفەرمانبـەرانی پلەبـەرزی گەنـدەڵ وبـەرتیلخۆر هاوپـەیمانی یەکتربوون لەبەڕێوەبردنێکی پڕ لەناعەدالەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگەدا.

ئەرمـــەن لەکۆمەڵگـــەی عوسمانیـــدا دووجـــۆر یـــان دووچـــین بوون،زۆرینـــەیان چـــینی جووتیـــاربوون لەدێهاتدا، کە بەزۆری لەشەش ویلایەتی رۆژهەڵاتی عوسمانیـدا. وان ودیاربـەکرو سـیڤاس وخـەرپووت وبـەدلیس وئەرزڕومـدا تێکـەڵ بـوون لەگـەڵ کـورد یـان دراوسـێی یـەکتربوون، چـینەکەی تـریش لەشـارەکاندا پیشـەوەرو دوکانـداربوون و لەگـەڵ جووتیـارە کـورد و ئەرمەنەکانـدا تەواوکـەری یـەکتر بوون. بەڵام چینێکی باڵای بازرگان وخاوەن کارگەو بەنك لەشـارەکاندا ولەپایتەختـدا گـەلێ جومگـەی ئـابووریی وڵاتیـان بەدەسـتەوەبوو و بەگشـتی ئـەم چـینەو بەشـێکیش لەپیشـەوەرە دەسـترەنگینەکان وخاوەن مانیفاکتۆرەکان حاڵ وگوزەرانیان لـەدوای رەشـەخەڵکەکەی تـرو بەتایبـەت جووتیـاری دێهات

باشتربوو و گەلێ جار دەبوونە مایەی ڕق وئێرەیی خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی ترو بەتایبەتی ئەوانەی کەوا کاریان لەبواری قەرز وسەلەمدا دەکرد و بەزۆریش لە شارەکاندا لەگەڕەك وکۆمەڵگەی تایبەت بەخۆیاندا نیشتەجێ دەبوون، هەروەها لەدێهاتیشدا گوندو نیشتەجێی تایبەت بەخۆیان هەبوو.

ئەم بارە لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی دواکەوتووی وەك کۆمەڵگەی عوسمانیدا بە تورك و کوردو میللەتانی تریشەوە گەلێ دیاردەی دزێوی لەخۆگرتبوو. بۆ نموونە لەو شارو نیشتەجێیانەدا کەوا ئەرمەنەکان تێکەڵی موسڵمان بوون نەدەبوو هیچ ئەرمەنییەك خانووەکەی لە خانووی موسڵمانێك بەرزتر بێت ونەدەبوو چەکی پێ بێت وئەگەر موسڵمانێك بە سواری بەلایدا تێپەڕیبا دەبوو ئەم لە ئەسپەکەی یان گوێدرێژەکەی دابەزێت وسەرباری ئەوەش بە وشەیەکی پڕسووکایەتی ناودەبرا کەوا "گاور"ی پێدەوترا بە مانای (کافر یان بێدین) وهەرچەندە ئەمە وەك وشەی "جاش" ئەوەندە لە سەر زاران دەوترایەوە کە مانا دزێوەکەی لەدەستدابوو بەڵام هەر بە جۆرە سووکایەتییەك لە قەڵەمدەدرا ولە سەرێکی تریشەوە دەوڵەت یاسای "ئەهلی زیممە"ی بۆ دەرکردبوون کە دەبوو باج یان (جزیە)ی غەیرە موسڵمانی پێبدەن وتەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی کە نەدەبوو زەنگی کەنیسە لێبدەن.

لە دێهاتیشدا، جووتیارە ئەرمەنەکان بەهەمان شێوەی جووتیاری کورد، کە ڕێژەی بەرچاویان لەو شەش ویلایەتەی ڕۆژهەڵاتی تورکیای عوسمانیدا بوون، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردو لای کورد کوردستان ولای ئەرمەنەکانیش بە ئەرمەنستانی رۆژئاوا لە قەڵەمدەدرا، هەردووك دەبوو باج وسەرانەیەکی زۆر بدەنە ئاغاو دەرەبەگە کوردەکان تا ڕادەی ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بۆ خۆیان نەدەمایەوەو دەوڵەتیش بۆ ئەوەی بەشە باجی دیاریکراوی خۆی بۆ بڕوات پشتیوانی ئەم سیستەمە ستەمکارە بوو وهەر سەرپێچییەك لەم یاساو ڕێسایە تووشی سزای دەکردن وبەپێی ئەو دەستوورە دەرەبەگایەتییە ملیان دابوو وبە درێژایی سەردەم وزەمان لەگەڵی ڕاهاتبوون. بەڵام لە گەلێ شوێن و ناوچە جووتیاری ئەرمەن ئەرکێکی قورسی تری کەوتبووە سەر، وەك هەندێ سەرچاوە دەیگێڕێتەوە، ئەویش سیستەم یان نەریتی (کریف) بووەو بەپێی ئەم نەریتە دەبوو جووتیاری ئەرمەن لە ماوەی چەند مانگی دوورو درێژی زستانی ساردو سەختی ئەو ناوچە کوێستانیانەدا، لە ماڵەکەی خۆیدا جێگەی کەسێکی خێڵەکی کۆچەر بکاتەوەو ئالیك وخزمەت بۆ ئاژەڵو ماڵاتەکەی دابین بکات، بەرانبەر بە کرێو مزێك لە گۆشت وبەرهەمی ئەو ئاژەڵەو دابینکردنی ئاسایش وسەلامەتیی ئەو کەسە لە دەسدرێژیی خەڵك وخێڵەکانی تر. واتە هەر خێڵێکی کوردی کۆچەر کۆمەڵە گوندو نیشتەجێیەکی ئەرمەننشینی هەبووە کە بۆ زستان لە ماڵەکانی خۆیان جێگەی حەوانەوە بۆ خۆیان

وماڵاتـەکانیان دابـین بکـەن وئەمـەش حاڵـەتی ناچاری بـووەو جاروبـاریش ڕوویـداوە کـە دەسـدرێژیی کراوەتە سەر کچ وژنی ماڵەکە یـان فڕێنـراون وئـەمیش هیچی بـۆ نـەکراوە، بـە تایبـەتی نـەریتی ژن هەلگرتن یان فڕاندن لەو سەردەمەدا باو بووە.

ئەڵبەتە تا ناوەڕاستی سـەدەی بیسـتیش لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا ململانێـی نێـوان خێڵـە کۆچـەرە خاوەن ئاژەڵو ماڵاتەکان وخەڵکە جووتیارە نیشتەجێکەی دێهات زۆر زەق وبەرچاو بـووەو بـەردەوام جووتیاری نیشتەجێ حەزی لە کۆچەر نەبووە چونکە زیانی پێگەیانـدووەو کشتوکاڵەکەی داوە بـەدەم ئاژەڵەکەیـەوەو ئـەمڕۆ لێـرە بـووەو سبەی ڕۆیشـتووە بـۆ شـوێنێکی تـرو بـە دوای لـەوەڕەوە بـووە بـۆ ئاژەڵەکـەی ودیاردەکـە لـە ناوچـەی سـلێمانی و گـەرمیان بـە کـوردو گـۆران نـاودەبرا، کـورد بـە واتـای کۆچەر هاتووە و گۆرانیش نیشتەجێ.

ئەڵبەتـە میللـەتانی بندەسـتی ڕژێمـی عوسمـانی بـە چـین وئـاین ومـەزەبی جیاوازیانـەوە بـە درێـژایی چەندین سەدە ناڵاندوویانە بە دەست ستەمەوە بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەقیـان پێـوە گرتـووەو بـووە بە یاساو ڕێسای نەگۆڕاوی ژیان و گوزەرانیان، ئەگەرچی بەیناوبەین نارەزایی و راپەڕینیش بەرپابووە بەڵام نەیانتوانیوە لەژێر ڕکێفی ئـەو سیسـتەمە دەربچـن وبـۆ چـەندین سـەدە بـەم رەنگـە بەیەکـەوە هــەڵیانکردووەو ئەرمــەنیش لەگــەڵ کــورددا لــەو جوگرافیایــەی کــە لــە چــەند هەزارســاڵێکەوە کۆیکردوونەتەوە یان کردوونی بە دراوسێی یەکتر پێکەوە ژیـاون و لـەڕووی پێکەوە ژیـانی ئاینییـەوە یـەکتریان قوبـووڵ کـردووەو چ توندڕەوییـەکی ئـاینیش لەلایـەن کـوردە موسـڵمانە باڵادەسـتەکانەوە نـەنوێنراوەو بـە حـوکمی دیفاکتۆیـەکی کۆمەڵایـەتیی ئـاینی تەواوکـەری یـەکتریش بـوون ولـەڕووی ئابوورییەوە ئەرمەنی پیشەگەر دابینکاری کەرەستەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری بـووە بـۆ کـوردە جووتیـارو شوانکارەو لە هەمان کاتیشدا سیستەمە خێڵەکییەکە جۆرە لەنگەرێك بووە بۆ هەردوولا.

دەوڵـەتی عوسمـانی چەشـنی ئیمپراتۆرێتـەکانی تـری مێژوو،لـە سـەر بنەمایـەکی عەسـکەرتاریەت دامەزراوە و بەردەوام لەجەنگدابووە بۆداگیرکردنی وڵاتان وفراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی بـە نـــاوی ئـــاینی ئیســـلامەوە وجەنگـــەکانی لەگـــەڵ ئیمپراتـــۆرێتی بیزنتـــەو گرتنـــی قوستەنتینییە(ئەستەموڵی)پایتەختی وبەگژداچوونی ئیمپراتـۆرێتی نەمسا ــ مەجـەر و داگیرکردنـی گەلێ وڵات ومیللەتی بندەستی ئـەو ئیمپراتۆریەتـە و جـەنگی بـەردەوامی لەگـەڵ رووسـیای قەیسـەری وشەڕوشۆڕی نەبڕاوەی لەگـەڵ دەوڵـەتی ئێرانـی سـەفەویی دژەمەزهـەبی شـایەتی مێـژووی خوێنـاویی

ئەم دەوڵەتەن کەهیچ کاتێك نەتورك ونە میللەتانی تری بندەستی بەئاسوودەیی نەژیاون. بەڵام ئیدارەدانی ئەم هەموو میللەت و وڵاتە پان وپۆڕە بەئەقڵییەت ورەفتاری دواکەتووی سەدەکانی ناوەڕاست نەدەگونجا لەگەڵ کاریگەریی چەرخی ڕێنیسانس وگۆڕانکاری سیاسیی ــ کۆمەڵایەتی ــ ئاینی ئەوروپای دراوسێیدا کەلە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەوە دەستی پێکردو سەرمایەداری ئەوروپی گەشەی کردو رژێمە فیودالەکانی ئەوروپای رامالی و وردەوردە بەهاکانی مافی مرۆڤ ودیموکراسی وبنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەشەکردندابوو. لە سەرێکی تریشەوە شۆڕشی پیشەسازیی ئەوروپاو بەرهەمهێنانی کاڵا پێویستی بەبازاڕی ساغکردنەوەو دابینکردنی کەرەستەی خاوبوو ئەمەش وایکرد دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپا پەل بۆ کۆلۆنی کردنی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین بکوتن وسیستەمی کۆلۆنیالی پەرەبسەنێت ولەگەڵیشیدا شنەبای نەتەوەگەری و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی هەڵبکات وکاریگەری خۆی لە سەر نەتەوە بندەستەکانی ئەم دەوڵەتە ستەمکارە دواکەوتووە جێبهێڵێت. بێگومان ئەم کەشە جیهانییە نوێیە یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئاوها رژێمێکی دواکەوتووی وەك دەوڵەتی عوسمانیدا، بۆیە وردە وردە خەریکبوو بنکۆڵ دەبوو و سەردەمی بە سەردەچوو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە بەرەو لاوازیی دەچوو، بەتایبەتی پاش راپەڕینی ئەوروپای ژێردەستی وپاشان ڕزگاربوونی وڵاتانی بەڵکان وشکستخواردنی سوپاکەی لەوقۆڵەوە وبەهەمان شێوەش لە قۆڵی رووسیای قەیسەرییەوە و دەستێوەردانی دەوڵەتە زلهێزەکان لەکاروباری ناوخۆی ئەم ئیمپراتۆریەتە لاوازکەوتووە، فەرەنساو بەریتانیاو رووسیا لە سەرێکەوەو ئەڵمانیای تازە یەکگرتوو وگەشەکردوو لە سەرێکی ترەوە. بێجگە لەوەش ئەمەریکا تازە دەستی دابووە پەلهاوێشتن بۆ رۆژهەڵات ومسیۆنێر(مژدەدەر)ە مەسیحییەکانی پرۆتستانت بەناوی خێرخوازی وهاوکاریی مرۆڤدۆستییەوە کاربکەنە سەرمیللەتە دواکەوتووەکان و بیانکەنە مەسیحی و ئەڵبەتە ئەم مسیۆنێرانە لەوڵاتانی ئەفریقاو ئاسیا گەلێ ئامانجی خۆیان پێکابوو ولەناو دەوڵەتی عوسمانیشدا جێگەی خۆیان کردبۆوە، بەتایبەت میللەتە ناموسڵمانەکانی وەك ئەرمەن وسریان وئاشووری ویۆنانی وتاد.. بێگومان ئەرمەن وەك ئاین مەسیحین بەڵام وەك ڕێباز گریگۆری وکاسۆلیکی وهیتریان هەیە. بەشێوەیەکی سەرەکی مەبەستی مسیۆنێرەکان کردنە مەسیحی ئەو خەڵکانەن کە ئاینیان نیە یان ئاینی خۆیان دەگۆڕن و بۆ رێبازی جۆراوجۆری مەسیحییەکانیش کار لە سەر ئەوە دەکەن بچنە سەر ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی پرۆتستانت، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا کاری سیخوڕی دەکەن بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵاتەکانیان و لەناو دەوڵەتی عوسمانیشدا هەمان مەبەستیان هەبوو و ئەرمەنەکان

بەحوکمی گەلێ هۆکار باوەشیان بۆ کردبوونەوەو ئەمانیش بەتەواوی هێزوتوانای ماددی ومەعنەویی خۆیانەوە باوەشیان بۆ کردبوونەوەو پشتگیرییان لەداخوازییەکانیان دەکردو بەگشتی رۆڵێکی بەرچاویان بوو لە فۆرمەڵە کردن وپێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەواری کاریگەر لەناو ئەرمەنەکانداو زووتر گەڵاڵە بوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی لەناو گەلی ئەرمەندا.

ئەڵبەتە ئەم بزووتنەوەیەی ئەرمەنەکان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە زیاتر کەوتە خۆ رێکخستن و بەپاڵپشتی لۆبییەکی ئەرمەنی لەئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپاو مسیۆنێرەکان ودەستێوەردانی دەوڵەت زلهێزەکانی ئەو سەردەمەو بەشەکەی بندەستی رووسیای قەیسەری لەئەرمینیا، کە بێگومان لە ئەرمینیا رۆژئاوای بندەستی دەوڵەتی عوسمانی پێشکەوتووترو گەشەکردووتربوو بەحوکمی ئەوەی رووسیا وڵاتێکی ئەوروپی بوو وزۆر جیاوازتر بوو لەدەوڵەتی عوسمانی نیمچە داڕووخاو.

ئەرمەنەکانبە حوکمی مێژووی دەوڵەتداریی کۆنیان لە ناوچەکەداو چەشتنی زوڵم وستەمێکی زۆر لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەستەبەرکردنی سۆزو پاڵپشتی دەوڵەتە گەورەکان و جیهانی مەسیحییەت تا دەهات شێلگیرتر دەبوون لە داخوازییان بۆ سەربەخۆیی ئەرمینیای رۆژئاوا بە تەواوی ئەو ناوچانەشەوە کە کوردستان بوون و رێژەی کوردیان تێدا لەوان زیاتر بوو بە پێیەی لە مێژوویەکی زۆر کۆندا هەمووی هەر مەملەکەتی ئەرمەنستان بووە بێ حیسابکردنی واقیعی دیموگرافی ئەو دەمە کە لە زۆربەی ئەو شوێنانەی ئەوان داوای دەوڵەتی ئەرمەنستانیان دەکرد بەزۆری کورد بوون وکەمایەتیی ئاشووریو سریانیشی تێدا بەرچاو بوو. ئەوان لە هەر چوار جەنگی سەدەی نۆزدەی عوسمانی ورووسیادا بە ئاشکرا پشتی رووسیایان دەگرت ودەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی 1877 ــ 1878 دا شکستێکی گەورەی تووشهات وگەلێ ناوچەی پان وبەرینی کەوتە ژێر دەستی رووسیاو ئەو دەمە حکومەتی سوڵتان عبدالحمید ئەم شکستەی لە ناوچەی ئەرمەن زانی وخۆیی لێدەخواردنەوەو لە پەیماننامەی سان ستیڤانۆ ساڵی 1878 بە تەواوی ملیدا بە چاکسازییەکی گەورە (تەنزیمات) لە دەوڵەتدا کە بە تەواوی دۆخی ئەرمەن چارەسەر بکات ولە رێککەوتننامەی بەرلینی هەمان ساڵدا جەخت لە سەر مەسەلەی ئەرمەن وچاکسازی کراو لەم سەروبەندەدا سێ حیزبی ئەرمەنیی نەتەوەخواز دروست کران کە حیزبی ئەرمەنەکان، هونچاك وداشناك بوون وئەم دوانەی دواییان بە گەرمی کەوتنە هەوڵو تێکۆشان بۆ چەسپاندنی چاکسازییەکان ودەستەبەرکردنی مافی ئەرمەن وفشارێکی زۆر خستە سەر سوڵتان عبدالحمید، کە نەیدەویست بەڕاستی کارەکە بکات ولە هەل ودەرفەت دەگەڕا بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئەرمەنەکان

وزەمینەسازی بۆ دەکردو کاری لە سەر دووبەرەکیی نانەوە دەکرد لە نێوان کوردو ئەرمەندا بەپێی سیاسەتی (پەرتکەو زاڵ بە) لەولاشەوە هەردوو حیزبە نەتەوە پەرستەکەی ئەرمەن خەڵکیان بەردەوام هاندەدا کەوا کار بکەن بۆ سەربەخۆیی ئەرمینیای رۆژئاواو هیچ حیساب نەکردنێك بۆ کورد کە زۆرینە بوون لە ناوچەکەداو بەردەوام وەك درِندەو کێوی وێنایان دەکرد بۆ دەوڵەتە گەورەکان، کە لەو سەردەمەدا کونسوڵیان لە زۆربەی شارەکاندا هەبوو، وەك وان، دیاربەکر، خەرپووت، بەتلیس، سیڤاس، ئەرزرِوم، حەڵەب، مووسڵ، بێجگە لە شارە تورکیەکانیش.

سوڵتان زۆر کاری لە سەر ئەم دژایەتیە دەکردو وای لە کورد گەیاند بوو کە ناچارە لەژێر فشاری دەوڵەتە گەورەکاندا مافی سەربەخۆیی بداتە ئەرمەن وبەم پێیە بارودۆخی کورد دەکەوێتە مەترسییەکی گەورەوە. ئەوەشی کە ئەرمەنی زیاتر شێلگیر کرد سەربەخۆیی و رزگاربوونی ولاتانی بەلکان و پێشتر بولگاریا بە فشارو پاڵپشتی رووسیاو دەوڵەتە زاهێزەکانی فەرەنساو بەریتانیاو حیزبە ئەرمەنیەکان وایان لە میللەتەکەیان گەیاند بوو کە مەسەلەی سەربەخۆیی ئەمانیش لە ئان وساتدایەو سوڵتان لە ژێر فشاری قورسدا ناتوانێت جێبەجێ نەکات. بەلام ئەمە خەیاڵ پلاوی وکورتبینی ئەو حیزبانە بوو ودام ودەزگای دەوڵەت وبەتایبەتی سوڵتان خۆی، کە دواتر بە سوڵتانی سوور یان سوڵتانی خوێنرێژ ناوی دەرکرد، لە ساڵی 1890دا لە بەشێکی زۆری عەشیرەتەکانی کورد هێزێکی گەورەی دروستکرد بەناوی "سوارەی حەمیدییە" و چەك وتفاقی باشی دانێ، بەناوی بەرهەڵستی سوپای رووس بەلام لە واقیعدا بۆ شەرِی ئەرمەن وتۆڵەکردنەوە بوو لێیان وهەرواش دەرچوو.

لە ساڵی 1894دا جووتیارە ئەرمەنەکانی ناوچەی ساسۆنی شاخاویی نزیك بە شاری مووش، بە هاندانی رِێکخراوە ئەرمەنیەکان راپەرِینێکی گەورەیان بەرپا کردو رەتیانکردەوە کە باج وسەرانە بدەن بە ئاغاو دەرەبەگە کوردەکان ودەوڵەتیش هێزی کردنە سەرو کوشتارێکی بێرِەحمانەی لێکردن ونزیکەی دە هەزار کەسی لێکوشتن بە ژن ومنداڵەوە. بۆ ساڵی دواتر لە شاری ئەستەموول زیاد لە پێنج هەزاریان کوشت وکوشتار تەشەنەی کرد بۆ دیاربکرو شارەکانی ترو چەندین هەزاریان لێکوژرا بە تەورو چەقۆو کوتەك و دەستدرێژییان کردە سەر سەدان ژن وسەدان گوندی ئەرمەنیان سووتاندو خەڵکەکەیان کوشتن. لە ساڵی 1896 هەمان قەسابخانەیان بۆ ئەرمەن سازکردو زیاد لە سی هەزاریان لێکوشتن وبەهەمان شێوەش لە ناوچەی زەیتوون وگەلێ شوێنی تر، کە بە داخەوە کوردی لەخشتەبراو زۆربوون کە وەك داردەستی عوسمانیەکان ئەو تاوانانەیان ئەنجامدەداو بە فتوای هەندێك مەلا سڵیان

**نەکردەوە لە کوشتن ولەناوبردنیان گوایە "کافرن" وئەمان خێریان دەگات. بێگومان حکومەتی عوسمانی زەمینەی بۆ ئەمەش خۆش کردبوو بە جاڕدانی "جیهادی پیرۆز".**

**سیاسەتی تاوان ودواکەوتووانەی سوڵتان عبدالحمید نارەزاییەکی زۆری لە ناو ئیمپراتۆریێتەکەیدا بەرپا کردبوو لەو سۆنگەیە گەلێ لە رۆشنبیران ومنەوەرانی تورك ومیللەتانی تری بندەست رێکخراوێکیان دروستکرد بەناوی "جەمعییەتی تەعالی وتەرەقی" وسەرباری گرتن وراوەدوونانی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە بەلام خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبووبووەوەو لە سوپاشدا پشتیوانییەکی باشی هەبوو بە ئەندامانی ئەم رێکخراوە دەوترا "تورکە لاوەکان" و ساڵی 1908 کوودەتایەکیان کرد بە سەر سوڵتانداو پابەندی دەستوورو پەرلەمانیان کرد. ئەڵبەتە تەواوی میللەتانی عوسمانی پشتگیرییان لێکرد وباوەشیان بۆ کردەوە بەو حیسابەی کە ئەم تاقمە نوێیە سنوورێك بۆ ستەم وئازارەکانیان دادەنێن ولەناویشیاندا ئەرمەنەکان لە هەمووان زیاتر پشتیوانییان کرد بەڵکو ئەمانە بەڵێنەکانیان ببەنەسەرو گۆڕانکاریی ڕیشەیی بکەن لە حوکمڕانیداو بەم پێیە حیزبەکانیان بوون بە هاوپەیمانی تورکە لاوەکان وتەنانەت پشتیشیان کردە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی کورد، کە لەو دەمەدا هەندێ گەشەی کردبوو ودەیویست راپەڕینێك بەرپا بکات لە کوردستاندا بە رابەرایەتیی شێخی نەهری. بەلام بەڵێنەکانی ئەم دەستە کوودەتاچییە هەر زوو بە درۆ دەرچوو و وەك سەردەمی عبدالحمیدو بگرە خراپتریش کەوتنەوە گیانی ئەرمەن وساڵێکی نەبردو لە 1909 لە شاری ئەدەنەو دەوروبەری قەسابخانەیەکی سامناکیان بۆ ئەرمەنەکان سازداو هەزارانیان لێکوشتن. بەلام هێشتا رێکخراوە ئەرمەنیەکان هەر هیوا بڕاو نەبوون ولەگەڵ تورکە لاوەکاندا مانەوە تا ساڵی 1914 کە جەنگی یەکەمی جیهانی جاڕدراو حکومەتی تورکە لاوەکان چووە پاڵ ئەڵمانیا لەو جەنگەداو ئەمجارە بە ئاشکراو بێپەردە کەوتنە وێزەی ئەرمەن بە پاساوی هاوکاری کردنیان بۆ سوپای رووسیاو بە تایبەتیش پاش ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر سوپای عوسمانیدا هات لە زستانی 1914 لە شەڕی ساری قامیشدا لە رۆژهەلاتی وانەوە بەرانبەر بە سوپای رووس، کەوا ئەرمەنەکان بە چەند فەوج ولیوایەك بەشدارییان تێدا کردبوو، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە کۆمەڵکوژیەکانی سالانی پێشتردا دەربازبووبوون و هەلاتبوون بۆ ئەرمینیای رۆژهەلات وئەمانیش پاش داگیرکردنی وان وقارس و ئەرزڕوم و خاکێکی بەرفراوان لە تورکیای عوسمانی درێغییان نەکرد لە تۆڵە کردنەوەو قەتلوعامی کوردو تورك بە ژن ومنداڵیانەوە بە هەمان دەستووری کوشت وکوشتاری عوسمانیەکان بۆ ئەرمەن وئەمەش درزی قووڵی لە نێوان ئەرمەن وکورددا بە تایبەتی**

دروست کرد کە تاقە سوودمەند لێی حکومەتی عوسمانی ودواتریش سیاسەتی تورکە لاوەکان بوو، کە سیاسەتی تورکچێتییان کردبوو بە دروشمی سەرەکی حوکمڕانییان وتورکیایان دەویست کە جگە لە تورك هیچ میللەتێکی تری تێدا نەبێت وبگرە هێند پەڕگر بوون لە پان ــ تورکیزم و تۆرانیەتدا کە دەیانخواست تەواوی میللەتە نەژاد تورکەکانی بانی ئاسیا تا مەنگۆلیا بخەنە بندەستی خۆیان وئیمپراتۆرێتێکی گەورەی تورك نەژادی لێ پێکبێنن. بۆیە وەك هەنگاوی یەکەم شێلگیرانە کەوتنە گیانی ئەرمەن وویستیان بە تەواوی بنەبڕیان بکەن و هەر لە سەرەتای ساڵی 1915وە فەرمانێکی حکومەتیان دەرکرد بە گواستنەوەی ئەرمەنەکان بۆ بیابانەکانی سوریاو میزۆپۆتامیا بە بیانووی بەرەکانی جەنگ و هاوکارییان بۆ سوپای رووس وهاوپەیمانان لە جەنگداو وەك ئەنجامدەرانی هەر جینۆسایدێك کە دواتر دژ بە جوولەکەو تووتسی وکەمبۆدی و کوردو..تاد روویدا، کارەکەیان لەژێر پەردەی نکوولی لێکردن و چاوڕاووتەڵەکەبازییەکی کەموێنەدا ئەنجامدا.

لەم سەردەمەدا هەر سێ حوکمڕانی خوێنڕێژ تەلعەت پاشاو ئەنوەر پاشاو جەمال پاشا کە تەواوی جڵەوی "ئیتیحادو تەرەقی" وحکومەت وسوپایان بە دەست بوو لەژێر پەردەی جەنگدا کەوتنە پلان دارشتن بۆ لەناوبردنی ئەرمەنەکان. شەوی 1915/4/24 فەرمانیاندەرکرد بە رەشبگیرکردنی دووسەدو پەنجا کەسی ناوداری ئەرمەن لە ئەستەمووڵی پایتەختدا، کە هەموویان رۆشنبیرو نوسەرو بازرگان وئەندامی پەرلەمان و پیاوماقووڵی ئەرمەن بوون کە لە پایتەختدا خەڵکی دیاربوون وبێجگە لە ئەرمەن حکومەتیش گوێی لە قسەیان دەگرت. ئەمانە هەموو دەسبە سەرکران و بە رەفتاری پڕ لە سووکایەتی بە شەمەندەفەر رەوانەی ئەنقەرە کران ولەوێ هەموویان کوشتن و تەنها پانزە کەسیان بە رێکەوت لێ دەرباز بوو. ئەم دەسپێکەش بۆ چاوشکاندنی ئەرمەنەکان بوو کە ئیتر لە پایتەخت خەڵکی دەم سپی و پیاوماقووڵیان نەمێنێ خۆپیشاندان رێکبخەن وسکاڵا بگەیەننە حکومەت ئەم کارەی لە زۆربەی شارەکان ئەنجامدا بە هەمان مەبەست وپاشان کەوتە راگواستنیان لە هەر شوێنێك نیشتەجێ بووبێتن، بەپێ و بە سواری وڵاخ ولە ژێر پاسەوانی جەندرمەدا، بەناو بەرەو حەلەب ودیرالزور وبیابانەکانی سوریاو ئەوانەی کە لە شارو ناوچەکانی دوور بوون بە شەمەندەفەری گواستنەوەی کەلوپەل وئاژەڵ تا سنوورەکان دەبران وزۆربەیان لە رێگا دادەگرتن وپاش ئەوەی کە رووتیان دەکردنەوە دەیانکوشتن. ئەمانە هیچ دەرفەتێکیان بە ئەرمەنەکان نەداماڵ ومولکیان بفرۆشن بەڵکو بەناوی ئەوەوە کە دواجار دەیانگێڕنەوە شوێنی خۆیان هەرچیەکیان هەبوو لێیان زەوت دەکردن بەو حیسابەی کە بۆیان هەڵدەگرن و خانوو وزەوی‌و دوکانەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە

داگیر دەکرا یان هانی خەکی دەدا بۆ ئەو کارە. حکومەت دەزگایەکی تایبەتی دروست کردبوو بۆ ڕایی کردنی کاروباری گواستنەوەو لەڕاستیشدا کوشتن ولەناوبردنی ئەرمەن بوو، بەم دەزگایە دەوترا "تەشکیلات مەخسوسە" کە زۆربەی ئەندامەکانی تاوانبارانی بەندیخانەکان بوون وبەریاندابوون بۆ ئەوەی بە تایبەتی ئەرمەن بکوژن. لەگەڵ شوێنیش قەسابەکانیان بەکرێ دەگرت بۆ سەربڕینیان. ئەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ زۆر لە چەرکەس ولازو خەڵکانی تری موسڵمان کەوا لە جەنگەکانی رووس وتورکدا، لە دەست کۆمەڵکوژیی رووس وتۆڵەستێنە ئەرمەنەکان هەڵاتبوون وحکومەت لەو شوێنانە نیشتەجێی کردبوون کە بەزۆری ئەرمەننشین بوون لە رۆژهەڵاتی تورکیاداو ئەمانە پێیاندەوترا "موهاجیر" و لە زێدی خۆیان تووشی ستەم وتالآن وبڕۆ بووبوون، بۆیە لە دەرفەت دەگەڕان بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە ئەرمەنی ئاین مەسیحی بکەنەوە چونکە خۆیان لە سەر موسڵمان بوونیان دەربەدەر بووبوون. بەم پێیە دەوڵەت فەرمانی راگواستن وفڕکردنی ئەرمەنی دەرکرد ئەم موهاجیرانە لە هەموو کەس ولایەك لەبارتربوون بۆ کوشتن وتالآنکردنیان.

ئەم شەپۆلە نوێیەی لەناوبردنی ئەرمەن لە سەرەتای ساڵی 1915وە دەستی پێکرد، لەژێر پەردەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە تێیدا دەوڵەتی عوسمانی چووە پاڵ ئەڵمانیاو تا کۆتایی جەنگ و بگرە پاش ئەوەش هەر بەردەوام بوو.لەم کوشتارەدا تەواوی توندڕەویی ئاینی تێدا زیندووکرایەوە بە فەتواو فەرمانی گەلی لە پیاوانی ئاینی بە مەلاو شێخانی تەریقەتەوەو مەسەلەکە بە "جیهاد" لێکدەدرایەوە دژ بە کافرانی غەیرە موسڵمان ودام و دەزگای دەوڵەتیش، بێجگە لە هاندانی ئەو مەلا و شێخانە، رەشەخەڵکەشیجۆشدەدا بۆ تالآن کردن وکوشتنی ئەو خەڵکە بێتاوانە، کە ئەگەر خەتاو لایەنگیرییەك بووبێت بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ عوسمانیدا لە شەڕدا بوون، ئەوە بەهۆی هاندان وکورتبینی حیزب و رێکخراوە شۆڕشگێڕە ئەرمەنیەکانەوە بوو، کە بەرانبەر بە گرووپەکەی "تورکە لاوەکان"و ئەو ئەقڵییەتی تورکچێتی وتاوانکردنەی هەیانبوو هێشتا کاتی نەهاتبوو با مەسەلەی ئەرمەنیش رەوا بووبێت.

لە سەرێکی تریشەوە سوارەی حەمیدی کوردو ئەقڵی خێڵەکیی ودواکەوتوویی کورد، یان بەشێك لە کورد هەلێکی وای ڕەخساند کە ببنە داردەستی عوسمانیو ئەرمەن بەو دەردە ببرێن کە بران وتێکڕا نزیکەی ملیۆن ونیوێك دوورخرانەوەو لەناوبران وزۆر بە نامرۆڤانە ژنیان ئەتك کراو منداڵیان سەربڕاو لە پیادەڕێی دووروودرێژدا زۆرێکیان بە نەخۆشی و لەبرسانا مردن وهەرچی دەرەو شێوی قووڵ هەیە پڕ بوو لە ئێسك وپرووسکیان، یان لە شارو نیشتەجێکانی سەر دەریای رەش پۆل پۆل بە

کەشتی و بەلەم دەبران وهەڵدەدرانە نێو دەریا، یان لە چیاو هەڵەتە بەرزەکانەوە هەڵدەدرانە خوارەوەو پارچە پارچە دەبوون، یان لە گەوڕی ئاژەڵو ئەشکەوت ودێرو کەنیسەکانیاندا ئاگردەدران و بە دووکەڵ دەیانخنکاندن یان دەیانسووتاندن.

هەر بۆ نموونە "لە شاری بەدلیس لە کۆی 18 هەزار ئەرمەنی تەنها 300 ــ 400 ژن ومنداڵ مایەوەو لە شاری ئەرزڕوم لە بیست وپێنج هەزار تەنها 200 کەس رزگاریان بوو، لە شاری مووش دیسان لە کۆی 25 هەزار ئەرمەن وهەزارانی تر کە لە دێهاتی دەوروبەریدا نیشتەجێ بوون لە دوای قەسابخانەکە یەك کەسیان لە ژیاندا نەمان".

هەروەها لە شاری وان کاتێ کە ساڵی 1915دا سوپای ڕووس داگیری کرد نەیتوانی بچێتە ناو شارەوە لەبەر بۆگەنی تەرمی ئەو هەزاران ئەرمەنەی قەتلۆعامیان کردبوون.ئاماژەیەك بە ژمارەی ئەو ئەرمەنانەی تووشی ئەو کارەساتە هاتن پرۆفیسۆر نەرسیسیان، پاش لێکۆڵینەوەلە سەدان بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگ، باس لەم ژمارانە دەکات: (کوشتاری سەردەمی سوڵتان عبدالحمید 300 هەزار، کوشتاری ئیتیحادییەکان یان تورکە لاوەکان یەك ملیۆن ونیو، هەلاتووان بۆ قەوقازو وڵاتە عەرەبەکان 800 هەزار)، بەڵام هەندێك سەرچاوەی کوژراوانی ئەرمەن بە 600 هەزار لە قەڵەم دەداو تورکیاش ئیدیعای ئەوە دەکات کە ژمارەکە لە 300 هەزار زیاتر نیە.

لێرەدا نموونەی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر دێنینەوە کەوا تەڵعەت پاشا برووسکەیەك دەنێرێت بۆ کۆمیتەی راگواستنەکان لە حەڵەب، کە لە 1915/9/16دا نێرراوە: "پێشتر پەیوەندییان پێوەکراوە سەبارەت بەوەی کە حکومەت، بە فەرمانی جەمعیەت (کە مەبەست لێی کۆمیتەی تورکە لاوەکانە)، بڕیاریداوە هەموو ئەو خەڵکەی، کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە، لە ناو تورکیادا لەناوببرێن. ئەوەشی کە لە دژی ئەم فەرمان وبڕیارە بوەستێتەوە لە پۆستەکەی دەردەکرێت. پێویستە ئەو خەڵکانە (واتە ئەرمەنەکان ـ نووسەر) لەناو ببرێن، ئەگەر لە رێگەی گرتنەبەری رێوشوێنێکی کارەساتاویشەوە بێت. پێویستە بە هیچ شێوەیەك گوێ نەدرێت بە مەسەلەی تەمەن و رەگەزو ئازاری ویژدان".

ئـــیـــمـــزا:

وەزیری ناوخۆ، تەڵعەت

- **هۆکارە سەرەکییەکانی جینۆسایدی ئەرمەن لە تورکیای عوسمانیدا**

## 1ـ حکومەتی عوسمانی وجەنگەکانی وپێکهاتەی دەوڵەت:

ئیمپراتۆریاکانی مێژووله سەر بنەمای فراوانخوازی وداگیرکردنی خاکی گەلان و وڵاتانی تر بەند بوو. مەزهەبی سونەی ئاینی ئیسلامی کرد بووە دروشمی حوکم وخۆی وا دەناساند کە درێژکراوەی حوکمی ئیسلامیی سەردەمی دەوڵەتانی ئەمەوی وعەباسییەو هەر بەناوی ئیسلامەوە قەڵەمڕەوی حوکمی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو باشووری رووسیاو باکووری ئەفریقاو نیمچەدوورگەی عەرەب تا یەمەنی گرتبووەوەو لە ناوەرۆکیشدا ئایدیایەکی پان تورکیزم ودرێژکراوەی میرنشین ودەوڵەتە نەژاد تورکەکانی پێش خۆی بوو، بە تایبەتی دەوڵەتی سەلجووقی. سیستەمی سیاسی ـــ ئابووریی دەوڵەتەکە فیودالی بوو، کە لە هەر ویلایەت ودەڤەرێکی ئەم ئیمپراتۆریەتە پان وبەرینە کۆمەڵێك سەرۆك خێڵ وخاوەن زەویی کشتوکاڵی باج وخەراجێکی زۆریان کۆکردەوە لە شوانکارەوجووتیاری زەویبەند لە دێهاتداو پیشەگەر ودوکاندار لە شارو شارۆچکەکاندا، بەجۆرێك کە بەردەوام خەڵکی هەژاری ئەم دەوڵەتە رەنجیان دەداو ئەوانیش زۆربەی بەری ئەم رەنجەیان دەبرد وبە هەماهەنگی لەگەڵ چینێکی باڵاو مامناوەندی خاوەن دەسەڵات لە کارمەندانی حکومەت، کە زۆربەی زۆریان گەندەڵو بەرتیلخۆر بوون، باجەکانیان دابەش دەکردو ئەوی کە دەمایەوە دەگەیشتە سوڵتان وبابی عالی وبەشێکی زۆری لە سەر ڕابواردن وخۆشگوزەرانیی سوڵتان ودارو دەستەکەی سەرف دەکراو باقیاتی بۆ راییکردن وئیدارەدانی لەشکرو سوپایەکی قەبە بوو، کە سوڵتان بەکاریدەهێنا بۆ سەرکوتکردنی هەر نارەزایی وبزووتنەوەیەکی نەیاری لەناوخۆدا لەلایەك وبەڕێوەبردنی جەنگ وشەڕو شۆڕی بەردەوام مێژووی ئەم دەوڵەتە جەنگی ماڵ وێرانکەر بووە بە تایبەتی لەگەڵ رووسیای قەیسەری ودەوڵەتی ئێرانی سەفەوی وقاجاریدا، کەوا لەگەڵ ئەمیاندا، واتە ئێران، بەرگێکی مەزهەبیی پۆشیبوو، کە عوسمانی سونەو ئێران شیعەو ململانێیەکی سەخت باڵی کێشابوو بەسەر شەڕو داگیرکاریی هەردوولادا بۆ خاك وقەڵەمڕەوی یەکتر. لە نێوانی شەڕو شۆڕی ئەم دوو زلهێزەی زەمانی خۆیدا کوردو خاکەکەی زیانمەندی یەکەم بوو، چ لە ڕووی دابەشکردنی خاك و وڵاتیەوەو چ لە ڕووی زوڵم وستەمی بێئامانەوە کە خەڵکەکە لە هەردوو بەرەی داگیرکەرەوە بەریدەکەوتن.

له سەرێکی تریشەوە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەردەوام جەنگ وناکۆکی بووە لەگەڵ رووسیای قەیسەریداو فەڵەمڕەوی عوسمانی رۆیشتووە تا پشت وڵاتانی قەوقازو لەم قۆڵەشەوە بەشێك لە کوردو ئەرمەن وچەرکەس لازو چیچان ومیللەتانی تری قەوقاز بەردەوام بوون بە سووتەمەنی جەنگەکان وکاتێ عوسمانی داگیری کردووە میللەت و کەمینە ئەتنیکییە ناموسڵمانەکانی چەشنی ئەرمەن وکوردی ئێزیدی بەر زەبرو زەنگی چەوساندنەوەو کوشتن کەوتن وهەر کاتێکیش رووسیا داگیری کردووە خەڵکە موسڵمانەکانی چەشنی چەرکەس وچیچان وئەوانی تر بەر چەسانەوەو ڕاگواستن کەوتوون.

ئەرمەنیش کە جێی ئەم باسەمانە، وڵاتەکەیان واتە ئەرمینیا چەشنی کوردستان دابەش بووبوو بەسەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وئێراندا، پاشان لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی نێوان ئێران وورووسیاو شکستی ئێران لە جەنگدا بەشەکەی ئەرمینیای بندەستی ئێران بەر رووسیا کەوت. ئەرمەن، وەك پێشتر باسم کرد، مێژوویەکی زۆر کۆنیان لە ناوچەکەدا هەیەو سەردەمانێك فەڵەمڕەوی حوکمی دەوڵەتەکەیان، لە پێش زاین وسەرەتای پەیدابوونی مەسیحییەتدا، تەواوی وڵاتی ئەنەدۆڵو کوردستانی باکووری گرتبووەوەو خاکی نێوان دەریای قەزوێن دەریای سپی ناوەڕاستی لە بندەستدا بووە، پاشان کەوتووەتە بندەستی دەوڵەتی میدیاو پاشانیش دەوڵەتی عەرەبیی ـ ئیسلامی تا دەگاتە دەوڵەتە تورك نەژادەکانی ئاق قۆینلۆو قەرەقۆینلۆو سەلجووقی ودواجاریش دەوڵەتی عوسمانی. مامەڵەی عوسمانییەکان لەگەڵ کەمینە ناموسڵمانەکانی فەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرەکەیاندا مامەڵەی ئیسلامیی سیستەمی "ئەهلی زیممە" بوو، واتە ئەوانە دەبوو باج یان جزیەیەکی تایبەت بدەن، کە فرەجار پێیدەوترا باجی کوفر.

ئەرمەن، کە لە ساڵانی سێسەدی زایینییەوە دەوڵەتەکەیان ئاینی مەسیحییەتی بە رەسمی کردبووە ئاینی دەوڵەت، کۆنترین میللەتانی ئاین مەسیحیی ناوچەکە بوون وبەپێی ئەو سیاسەتی جیاکاریی ئاینییە بەر زوڵم وستەمێکی زۆری کاربەدەستانی عوسمانی دەکەوتن، هەرچەندە دانیشتوانی شارنشینیان بەزۆری پیشەگەری دەستڕەنگین و خاوەنداریی دامودەزگایی دارایی نێو دەوڵەتی عوسمانی بەزۆری بە دەستی ئەوانەوە بوو وئەمەش بووبووە مایەی ئەوەی کە خەڵکە رەشوڕووتەکەی رەعییەتی دەوڵەت هەست بە جۆرە دژایەتییەك بکەن بەرانبەریان. بەڵام لە سەرێکی ترەوە جووتیارە گوندنشینەکانی ئەرمەن گیرۆدەی سیستەمە سیاسی ـ ئابوورییە فیوداڵەکەی دەوڵەت ببن، وەك سەرجەمی جووتیارو زەحمەتێکیش گیرخواردوو بە دەست ئاغاو دەرەبەگ وکاربەدەستە گەندەڵو

بـەرتیلخۆرەکانی دەوڵەتـەوە، بێجگـە لەمـە گرفتـاری سیسـتەمی ئـەهلی زیممـەو جیاکـاریی ئـاینی دەبوونـەوە.

لـە ئـەنجامی سـتەمی دەوڵـەت وکاریگـەریی مـژدەدەرە ئـەوروپی وئەمریکییـەکان لـەناو کۆمەڵگـەی ئەرمەنیدا، کە خۆی لە چالاکی فریاگوزاری وئـاینی وکردنـەوەی قوتابخانـەی تایبـەت بـۆ ئەرمەنـەکان ودەسگرۆیی کردنیان بۆ تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆکانی ناوخۆو دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیـدا، کـە بـوو بـەهۆی پەیـدابوون ودەرکـەوتنی توێـژێکی بەرچـاو خوێنـدەواری ئەرمـەن وخـاوەن بڕوانامـەو پاشـانیش بـەو حوکمـە بەدەسـتهێنانی وەزیفـەی حکومـەت و لـە سـەرێکی تریشـەوە دەسـتێوەردانی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری جۆراوجۆری دەوڵـەتی عوسمانیـدا، لـە سـەدەی هـەژدەو نۆزدەدا بەو ئاڕاستەیەی مافی سەربەخۆیی بەدەستبێنن ودەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورە لە ڕۆژهـەڵاتی ئەنـەدۆڵو بـاکووری کوردسـتاندا دروسـت بکـەن وشـکۆی مێـژووی دێرینیـان بگێڕنـەوەو داواکاریشـیان زیـاتر لـەو شـەش ویلایەتـەی ڕۆژهـەڵاتی ئەنـەدۆڵ بـوو، دیاربـەکر، وان، سـیواس، بـەدلیس، ئـەرزڕوم، خەرپووت، کە لەپاڵ دانیشـتووە ئەرمەنەکەیـدا بـەڵام زۆربـەی دانیشـتوانی کوردبـوون، بەتایبـەتی لـە دێهاتدا، کە زۆربەیان جووتیارو شوانکارەی کۆچەربوون.

دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1839 جاڕی سیاسـەتی ڕیفۆرمخوازی دا، کـە پێیـدەوترا تـەنزیمات وبـە پێی ئەو سیاسـەتە، کـە لـە ئـەنجامی فشارو دەسـتێوەردانی وڵاتـانی ئـەوروپاوەو بـە تایبـەتی دەوڵەتـە زلهێزەکـانی بـەریتانیاو فەرەنسـاو ئـەڵمانیاو ئیتاڵیـاوە هاتـە ئـاراوەو ئەمـەش مەسـەلەی ئەرمـەن وداواکارییەکانی زیاتر بردەپێشەوە، هەرچـەندە ئـەم سیاسـەتە بـە کـەمی جێبـەجێکراو لـە سـەردەمی سوڵتان عبدالحمیددا بە تەواوی پشتی تێکرا.

بزووتەنەوەی ڕزگاریخوازی ئەرمەن زیاتر بەوە شێلگیربوون لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی زۆربەی وڵاتانی بەڵکان، بە تایبەتی بولگاریاو یۆنان لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی رزگاریان بوو، بە پاڵپشتی وکاریگـەریی دەوڵـەتانی ئـەوروپاو بـە تایبـەتی رووسـیا، کـە تـەنها لـە سـەدەی نـۆزدەدا چـوار جـەنگی گـەورە لـە نێـوان ئـەم ودەوڵـەتی عوسمانیـدا بـەرپابوو. لـە جـەنگی 1826 ــ 1829 سـوپای عوسمانی شکستی هێنا لە بەرانبەر رووسیاداو گـەلێ ناوچـەی ئەرمەننشـینی لـە دەسـتداو کەوتـە سـەر رووسیا. لە جەنگی 1876ـ 1878یشدا رووسیا زۆربەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی داگیرکـرد، لەوانــەی کــە ئەرمــەن وکــورد تێیانــدا نیشــتەجێبوون ولــە ئەســتەمووڵی پایتــەختی دەوڵــەتی

عوسمانیەنزیکبووەوە. رووسیا لە پەیماننامەی سان ستێڤانۆی 1878 مەرجی خۆی بە سەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند کە بە چاودێریی رووسیاو دەوڵەتانی تر دەبێت حکومەتی عوسمانی ڕیفۆرمەکان جێبەجێ بکات ومافی سەربەخۆیی ئەرمەنیش لە شەش ویلایەتەکەدا، کە لە دیدی ئەرمەن ورۆژئاواوە بە ئەرمینیای رۆژئاوا ناودەبرا جێبەجێبکات، بێ هیچ حیساب کردنێك بۆ مافی کورد کە لەو ویلایەتانەدا زۆرینە بوون. پاشان دەوڵەتە زلهێزەکانی تربەم هەژموونەی رووسیا بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا ڕازی نەبوون ولە هەمانساڵدا، واتە 1878 ڕێککەوتننامەی بەرلین هاتە ئاراوە بە بەشداری دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپاو هەندێك دەستی رووسیا کورتکرایەوەو بەریتانیا بوو بە وەسیی جێبەجێکردنی ڕیفۆرم وچاکسازی سەبارەت بە ئەرمەنەکان. لێرەوە مەسەلەی ئەرمەن زیاتر چووە پێشەوەو لە جوغزی کاروباری ناوخۆی حکومەتی عوسمانی چووە دەرەوەو رەهەندێکی نێودەوڵەتیی زیاتری وەرگرت. ئەمانیش تا دەهات زیاتر پشتیان بە گفت وبەڵێنی ئەو دەوڵەتانە دەبەست وبە حوکمی ئەوەی ئەوان دەوڵەتی مەسیحیی ئاین وئەمانیش کۆنترین میللەتی مەسیحین لە رۆژهەڵاتداو تاڕادەیەکی زۆریش پەترپارکییەتی ئەرمەن لە ئەستەمووڵ و رابەرە ئاینیەکانی تری ئەرمەن رۆڵێکی باشیان بینی لەم رووەوە.

لە دوای ڕێککەوتننامەی بەرلین ولەمیانەی هەوڵ وکۆششی ئەرمەکاندا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەرمەن لە ئەرمینیای بندەستی رووسیاوە، زەمینەیەك ڕەخسا بۆ ئەرمەنەکان کەوا بەهەر نرخێك بووە حکومەتی سوڵتان عبدالحمید ناچار بکەن سیاسەتی "تەنزیمات" جێبەجێ بکات ولە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی لۆبییەکی بەرچاوی فشاریان دروستکردو لە ناوخۆشدا کاریگەرییەکی تەواویان لە سەر سەفارەتەکانی ولاتانی ئەوروپاو لەم قۆناغەشدا ئەمەریکا هەبوو لە پایتەختی حکومەتی عوسمانیداو هەروەها زۆربەی کونسوڵی ئەو ولاتانەش کە لە تەواوی شارە گەورەکانی تورکیای عوسمانیدا رۆڵێکی بەرچاویان دەگێڕا لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیداو لەم دەمەدا حکومەتی سوڵتان عبدالحمید کە زیاتر ناوی بە "پیاوە نەخۆشەکە" رۆیشتبوو، گەلێ جار ملکەچی فەرمان و دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتان دەبوو، بەلام لە مەسەلەی ئەرمەندا بەردەوام خۆی دەدزییەوەو سیاسەتێکی فریودانی پەیڕەوی دەکرد.

شایانی وتنە لە هەموو جەنگەکانی رووسیا ـ عوسمانی سەدەی نۆزدەدا بەردەوام ئەرمەنەکان پشتگیریی رووسیایان دەکردو میلیشاکانیان پێش سوپای رووس دەکەوتن دژ بە سوپای عوسمانی. ئەم بارە وای لە حکومەتی سوڵتان کرد بە چاوی بێگانە پەرست ودوژمنەوە بڕوانێتە ئەرمەن وبەردەوام

لەهەل ودەرفەت بگەڕێت بۆدۆزینەوەی چارەسەرێك كەوایان لێبكات شكست بێنن،ئەنجام لەجیاتی ئەوەی بەردەوام بێت لەسیاسەتی چاكسازیی"تەنزیمات"داو مافی میللەت وكەمینە ئاینی وئەتنێكانی ناو ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دابین بكات، بەپێچەوانەوە رەفتاریان كردو تادەهات ستەم و سەركوتكردنی دامودەزگای داپڵۆسێنەری عوسمانی لە سەر ئەو میللەتانە زیادی دەكرد وئەنجام چارەسەرەكە بە لەناوبردنی ئەرمەن شكایەوەو بەو پاساوەی بوون بە پێش قەرەوڵی لەشكری رووس وخۆپیشاندان دەكەن وئاژاوەدەگێڕن و دەبێ خاكی دەوڵەتی عوسمانییان "لێپاكبكرێتەوە "،پاش ئەوەی لە سەروەختێكی مێژووی عوسمانیدا كۆڵەكەی ئابووریی بنیاتنان و وەگەڕخستنی چەرخی پێشخستنی ئەم دەوڵەتەبوون وبە "میللەتی سادیقە" ناویان دەركردبوو.

لەم سۆنگەیەوە حكومەتی سوڵتان عبدالحمید، سیاسەتێكی نەگریسی لەئاست میللەتانی ژێردەستی دەكرد و بەگژیەكتریدا دەدان و وای لەقەڵەم دەدا كەوا ئەرمەن بەدەستی كوردەكان لەناودەبرێن وهەرواش لەدەوڵەتە زلهێزەكانی ئەو دەمەی دەگەیاند ولەهەمان كاتیشدا "سوارەی حەمیدیی" لەعەشایەری كورد پێكدەهێنا بۆلێدانی ئەرمەن وهانی جەردەو پیاوكوژی دەدا لەدژیان ولە سەرێكی تریشەوە ئەرمەنی دەكرد بەگژ كورددا وهانی دەدان پترپەل ڕابكێشن بەو ئاراستەیەی دەوڵەتەكەیان خاكی كوردان هەموو بگرێتەوە وبە دیوێكی تریشدا لەژێر پەردەی"جیهادی پیرۆز" ولەناوبردنی كافران بیری توندڕەویی ئاینی ئیسلامی جۆش دەداو مەلای كوردی هەڵدەخەڵەتاندو دەمی چەوردەكردن.بۆهاندانی كوشتاری ئەرمەن وتالآن كردنی ماڵ وسامانیان وداگیركردنی موڵك وزەوی وزاریان لەلایەن سەرۆك خێڵ وئاغاكانەوە.

## 2 ـ رۆڵـی حـیـزب و رێـکـخـراوەکـانـی بـزووتـنـەوەی رزگـاریـخـوازی ئـەرمـەن:

وەکپێشتر ئاماژەمان پێدا، بە حوکمی گەلێ هۆکاری نـاوخۆیی ونێودەوڵـەتی بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی ئەرمـەن پـێش کـورد پەیـدابوو وگەشـەی کـرد، هەرچـەندە هـەردوو میللـەت لـەژێر دەسـتی دەوڵـەتی عوسمانیدا بوون وگرفتاری دەستی یەك سیستەمی سیاسـی ئـابووریی بـوون وهـەردووولاش لـە ناوچـەی جوگرافیی دراوسێو لە هەمان کاتدا تێکەڵ بەیـەکیش دەژیـان وخـاکی هـەردوولا لـە نێـوان عوسمـانی وئێرانیدا دابەش کرابوو وپاشتریش خاکی ئەرمینیای بندەستی ئێران لە دوای جەنگی ئێران ورووسیا لە ساڵی 1828دا بەر رووسـیا کـەوت، بـەڵام هۆشـیاریی نەتەوایـەتیی لـەنێو ئەرمەنـدا زیـاتر گەشـەی کرد، لەبەرئەوەی یەکەم بەشەکەی ئەرمەن لە رووسیادا، وەك د.کـەمال مەزهـەر دەڵـێ زووتـر تێکـەڵی گەشەکردنی ئابووری وکۆمەڵایەتی سیستەمی سەرمایەداری بووولە دیـوی عوسمانیشـەوە ئەرمەنـەکان زیـاتر هـەلیان بـۆ ڕەخسا توێـژی خوێنـدەوارو رۆشـنبیریان تێـدا دەربکـەوێت بـە حـوکمی کاریگـەریی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان کـە لـە ناوەڕاسـت وکۆتـایی سـەدەی هـەژدەوە دەسـتیان کێشایە نێـو کاروبـاری سیاسی وئابووری دەوڵەتی عوسمانی بـۆ بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان ولەمـەدا ئەرمـەن سـوودمەند بـوو وەك میللـەتێکی کریسـتیانی هـەوا خـوای رووسـیاو وڵاتـانی ئـەوروپاو دووەم چـالاکیی بـەرفراوانی مـژدەدەرە مەسـیحییەکان لـەنێو ئەرمەنـەکانی شارنشـین ودێهـات نشـینی دەوڵـەتی عوسمانیـداو بـە تایبـەتی لـە بەشـی ڕۆژهـەڵاتی ئەنادۆڵـدا کـە بـە ئـەرمینیای رۆژئـاوا ناویـان دەبـرد، بـە توانایـەکی ئابووریو رۆشنبیری و ئاینیی گەورەوە، کە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا 675 قوتابخانـەی تایبـەت بـە ئەرمەن هەبووەو لە هەمان کاتیشدا دامەزراوەی ئاینی ئەرمەن و بە تایبـەتی پەتریارکیـەتی ئەرمـەن لە پایتەختی عوسمانیدا هێزێکی مادی ومەعنەویی گەورەی هەبووەو تەنانـەت سـوڵتان و دامودەزگـای دەوڵـەتیش حیسـابی زۆریـان بـۆ کـردووەو دەسـتەبژێری سیاسی ــ ئابوریی ــ ئاینی ــ کۆمەڵایەتی ــ رۆشـنبیریی ئەرمەنـەکان لـە ئەسـتەمووڵ پایتـەختی عوسمانیـدا پێگـەو کاریگەرییـەکی بەرچـاویان هـەبووەو بەنکـەکان ودامـەزراوە داراییـەکان زۆربـەیان بـە دەسـت ئەرمەنـەوە بـوون وبـە حـوکمی خوێندەواری زۆریان وخـاوەن بڕوانامـەیان زۆرێـك لـە وەزیفـەکانی دەوڵـەتیان بـە دەسـتەوە بـووە، بـە

ڕادەیەك كە وتراوەو باوبووە لە كۆمەڵگەی ئەو دەمی عوسمانیدا كەوا قەڵەم بۆ ئەرمەن وشمشێر بۆ ئەلبانیەكان.

سالی 1885 تاقمێك دەستەبژێری خوێندەواری ئەرمەن حیزبێكی نەتەوەییان دروستكرد لە شاری وان، بە ناوی "ئەرمەنەكان"، بەڵام ئەم حیزبە زۆر كاریگەریی نەبوو لەناو ئەرمەنەكاندا. سالی 1887 كۆمەڵێك لاوی رۆشنبیری ئەرمەن لە جنێڤ حیزبێكی سۆشیال دیموكرات ناوەرۆك نەتەوەییان دامەزراند بەناوی "هونچاك" كە دروشمی خەباتی چەكداریی ئەرمەنی هەڵگردو ئیدیعای ماركسیەتی دەكردو لە پایتەخت و شارەكانی تردا رابەرایەتی و رێكخەری خۆپیشاندانی ئەرمەنەكان بوو بۆ جێبەجێ كردنی بەرنامەی چاكسازیی "تەنزیماتی" دەوڵەتی عوسمانی، كە لە سالی 1839دا جاری لێدراو بە پێی ئەو بەرنامەیە حوكمی ئۆتۆنۆمیی دەدرا بە ئەرمەن لە ئەرمینیای رۆژئاوادا. ئەم حیزبە رۆژنامەیەكی دەردەكرد بەناوی "هونچاك"ەوە بە واتای زەنگ و كاریگەریی لە نێو ئەرمەندا تا نزیكەی كۆتایی سەدەی خایاندو پاشان بەهۆی ئینشیقاقی ناوخۆیانەوە زۆر لاواز بوو وكاریگەرییەكی ئەوتۆی نەما. بەهێزترین حیزبی نەتەوەیی ئەرمەن سالی 1890 دیسان لە جنێڤ دروستبوو بە ناوی "داشناك سوتیۆن"، كە بە كورتییەكەی بە داشناك یان تاشناك ناوی دەركرد و رۆژنامەیەكی دەركرد بە ناوی "تروشاك" واتە ئاڵاو ئەمیش بەرنامەی خەباتی چەكداریی ئەرمەنی جاڕداو حیزبێكی نەتەوە پەرستی توندڕەو بوو وڕابەرایەتیی بزووتنەوەیی نەتەوایەتیی و رزگاریخوازی ئەرمەنی لە ئەستۆ گرت هەر لە خۆپیشاندانی شارەكان و رابەرایەتیی راپەڕینی چەكداری كە بە "فیدایی" ناویان دەركردبوو. ئەڵبەتە راپەڕین و جموجوولی ئەرمەنەكان لە سالی 1894 ـــ 1896 لە ناوچەكانی زیتوون وساسۆن وشاری ئەستەموولو شوێنەكانی تریش لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دووەمدا بە رابەرایەتیی سەرەكیی ئەم حیزبە بوو وبە هەماهەنگی لەگەڵ حیزبی هونچاكدا، كە قەتڵوعامی ئەرمەنەكانی لێكەوتەوە.

گومانی تێدا نیە كە بە دەستهێنانی مافی زەوت كراوی ئەرمەن وتەواوی گەلان وكەمینە نەتەوەیی و ئاینی مەزهەبیەكانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی مافێكی تەواو رەوا بوو ولە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەوە زۆرینەی گەلە مەسیحیەكانی بندەستی عوسمانی لە ناوچەكانی بەڵكانی ئەورووپای رۆژهەلاتدا شۆڕش و راپەڕینییان بەرپا كرد و یەك لە دوای یەك رزگاریان بوو. دەوڵەتی عوسمانی بە بەراورد لەگەڵ رووسیاو وڵاتانی ئەورووپای دراوسێی زۆر دواكەوتوو بوو وهێشتا بە لۆجیكی فیودالیزمی دواكەوتووی سەدەكانی ناوەڕاست كاروباری دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد ورەعییەتەكەی لە

خـراپترین بـاری گوزەرانـدا دەژیـاو لـەژێر بـاری گرانـی بـاجی جۆراوجـۆردا دەینالاّنـد ومەسـەلەکە سـەبارەت بـە میللـەتانی غـەیرە تـورك زۆر خـراپتر بـوو و بـە تـەواوی گرفتـار بووبـوون بەدەسـت کاربەدەستانی گەندەڵی ودواکەوتووە. لەبەرئەوە کوردو ئەرمەن ویۆنانی وچەرکەس و تاد.. لە هەوڵدا بوون بۆ دەرباز بوون لە ژێردەستەیی وستەم، بەڵام دەوڵـەتی عوسمـانی لـە جیـاتی ئـەوەی خـۆی نـوێ بکاتەوە لە ئیدارەدان وسیستەمی حکومەتدا کەچی تا دەهات زەبرو زەنگی زیـادی دەکـرد. بـۆ نموونـە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە کەوتە شەڕکردن لەگـەڵ میرنشـینە کوردەکانـدا، کـە چـەندین سـەدە بـوو نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبوو بەڵام دەوڵـەت لێنەگـەڕاو لـەجیاتی کـاراکردنی بەرنامـەی چاکسازیی "تـەنزیمات"ی سـاڵی 1839 هـەموو ئـەم میرنشـینانەی لـەناوبردو ئاسـتی زوڵـم وسـتەمی گەیانـدبووە دۆخێك لە توانایدا دەربێت.

ئەڵبەتە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەرمەن وگەلانی تری غەیرە تورك و غەیرە موسڵمان خراپتر بوو. لـەو سەردەمەشدا کەوا کاریگەریی ناسیۆنالیستی وهەندێ لایەنی ئیجابی سەرمایەداریی ئـەوروپا سـەبارەت بە دیموکراسی ومافی مرۆڤ بەرە بەرە دەگەیشتە لای گەلانی غەیرە تورك وغەیرە موسڵمانی نـاو ئـەم دەوڵەتە دواکەوتووەو خۆیان ئامادە دەکرد کەوا بەشـێك لـە مـافی زەوتکـراو یـان بـۆ بگەڕێتـەوەو لـەم پێناوەدا ناڕەزاییەکان دەردەبڕی و راپەرینیان سازدەکرد بەڵام لە ئاست دەسـەڵاتی ملـهوڕی عوسمانیـدا بێجگە لە کوشـتوبڕو دەربـەدەری ومـاڵوێرانی هـیچ مـافێکی تـر بـە دەسـت نـەدەهات. لـەم بارودۆخـە ناهـەموارو پـڕ لـە سـتەمەی دەوڵـەتی عوسمانیـداو بـە تایبـەتی لـە سـەردەمی سـوڵتان عبدالحمیـدی دووەمـدا، کـە بـە سـوڵتانی سـوور یـان سـوڵتانی خوێنڕێـژ نـاوی دەرکردبـوو، حیـزب و رێکخـراوە سیاسیەکانی گەلی ئەرمەن ئاستی تێکۆشانی خۆیان هەڵکشاند بۆ ڕاپەڕین وبزووتنەوەی چـەکداری بـە ئامانجی ئەوەی لەم رێگەیەوە مافی خوراوی گەلی ئەرمەن بە دەستبێنن بەشێوەیەکی بەرچـاو حیزبـی داشناك رۆڵی پەرگرانەی دەبینی ولەجیاتی کاربەدەسـتانی عوسمـانی زیـاتر کـورد، یـان فیـوداڵی کـورد یان بە هۆکاری ستەمکردن لە ئەرمەن دەزانی بە حوکمی وەرگرتنی باج وسـەرانەی زۆر لـە جووتیـارە ئەرمەنـەکان، ئەگەرچـی ئەمـە سیاسـەتی حـوکم بـوو لـە دەوڵـەتی عوسمانیـداو لەئـەنجامی لایـەنگری ئەرمەن بۆ رووسیالە جەنگەکانی عوسمانی ورووسـیاداو دەسـتێوەردانی وڵاتـانی ئـەوروپا بـۆ کاروبـاری عوسمانی وپشتگیریی بەهێزیان بۆ ئەرمەنەکان لە ڕێگەی سەفیرو کونسوڵو مـژدەدەرە مەسـیحییەکان وداموەزگاکانی تریانەوە، کە بوو بووە هۆی ئەوەی سوڵتان عبدالحمید وکاربەدەستانی باڵای عوسمانی

ڕقیـان لێهـەلگرن وبـەدوای هـەل ودەرفـەتی لـەباردا بگـەڕێن بـۆ لـە ناوبردنیـان، لـە جیـاتی ئـەوەی چارەسەری کێشەکە بکەن بەلابردن یان کەمکردنەوەی زوڵم وستەم لە سەریان.

لەلایـەن ئەرمەنەکانیشـیانەوە بـاڵی تونـدڕەوی بزووتنـەوە نەتەوەییەکـەیان کـورتبینی لـە دیـدو بەرنامەیدا هەبوو کە لە ئاست حوکمێکی ملهوڕی وەك عوسمانیداو بێئەوەی دەرفـەتی بابـەتی گونجاو بێت خەڵکە ستەمدیدەکەی خۆی بە گورگـان خـواردوو داوکردنیـە خـۆراکی ڕق وتۆڵـەی ئـەم سوڵتانە خوێنمژەو دامودەزگا ستەمکارەکەی وئەم مەسەلەیە درێژەی کێشا تا سەردەمی حوکمی تورکە لاوەکان "ئیتیحادو تەرەقی" کە لە ژێر پەردەی جەنگی جیهادی یەکەمدا 1914ـ 1918 بـە بەرنامەیـەکی چڕی ڕاگواسـتن وکوشـتن قڕیـان خسـتە زیـاد لـە ملیۆنێـك خـەڵکی ئەرمـەن وپاشـتریش لـە سـەردەمی حوکمی کەمالییەکاندا درێژەی پێدرا تا ساڵی 1923.

ئێمە نامانەوێ ئەم تاوانە کەموێنەیـەی کوشـتن وسـووتاندن وخنکانـدن وبرسـی وتینـووکردن وتـالان کـردن و ڕاگواسـتنی خـەڵکی سـڤیلی ئەرمـەن بخەینـە ئەسـتۆی لایـەنی قوربـانی، کـە زۆربـەی زۆری ئەوانــەی فــەوتان بێگونــاه بــوون، بــەلام نەخوێندنــەوەی واقیعــی ئــەو ســەردەمە لەلایــەن باڵــە نەتەوەپەرستە توندڕەوەکەی ئەرمەنەوە، بە تایبـەتی داشـناکییەکان بیـانووی دا بـە دەسـت عوسمـانی وپاشتریش تورکە لاوەکانەوە کە ئەو قەسابخانە بێئامانەیان بۆ سازبکەن.

هەڵەیەکی کوشندەی تری ئەم باڵە توندڕەوە ئەوە بوو کەوا کوردی ودراوسـێ و خـاوەنی ڕاسـتەقینەی بەشـی زۆری خـاکی ولاتەکـەی نەدەخوێنـدەوە، کـە ئـەوانیش وەك زۆرینـەی دانیشـتوانی هـەر شـەش ویلایەتەکەی دیاربەکرو وان و بەدلیس وخەرپووت وئـەرزڕوم وسـیواس ومـافی ژیـان وسـەربەخۆییان هەیـەو سـوور بـوو لـە سـەر ئـەوەی کـە ئێـرە ئـەرمینیای ڕۆژئاوایـەو دەبـێ دەوڵـەتێکی ئەرمـەنی سەربەخۆی تێدا دروست بکرێت ولەگەڵ ئـەرمینیای ڕۆژهـەلاتی بندەسـتی ڕووسـیادا یـەکبگرێت، بـەو پێیە ڕۆژگارێك لەپێش زاییندا لەم شوێنەدا مەملەکەتێکی ئەرمەنی هەبوو و قەڵەمڕەوی حـوکمی لـە ڕۆژئاواوە تا سەر ڕووباری فـورات و حەڵـەب ڕۆیشـتووەو لـە ڕۆژهەلاتیشـەوە تـا سـەر دەریـای قـەزوێن (خەزەر) درێژبووەتەوە.

سیاسەتی حیزبە ئەرمەنیەکان ئەوە بوو کە بە هیچ شـێوەیەك ڕازی نـەدەبوون کـورد ببێتـە شـەریکە بەشیان لەو دەوڵەتە ئەرمەنیەدا کە بـەنیازبوون لـە "ئـەرمینیای ڕۆژئـاوادا" دروسـتی بکەن،ئەگەرچی زۆرینـەی دانیشتوانیشـی کـورد بـوون وئـەو خاکـەش لەلایـەن کـوردو دەوڵـەتی عوسمانییـەوە هـەر بـە

کوردستان دەناسراو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و رابەرانی لەو دەمەدا کە هەوڵیان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەدا قایل بوون بەوەی بەشی باکووری وڵاتەکەیان، بۆ نموونە فارس و ئەرزەروم بدرێتە ئەرمەنستان وببنە دوو دەوڵەتی دراوسێ ودۆست لە ئایندەدا بەڵام ئەوان هەمیشە کاریان بۆ ئەوە دەکرد دەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورەی لە سەر دروست بکەن ولە جیاتی ئەوەی پێکەوە لەگەڵ کورد بژین پێیان باشبوو کوردی لێدەرپەڕێنن یان لەناویان ببەن.

ئەوان لە دوای پەیماننامەی بەرلینەوە ساڵی 1878 وپاش ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان بوون بە پشتیوانیان ولۆبییەکی گەورەیان لە رووسیاو ئەوروپاو ئەمەریکادا دروست کردبوو بە چاوکردن لەوەی لە بەڵکاندا روویدەداو پاشان لە ئەنجامی جەنگی بەردەوام وگەرم بوونی شەڕو شۆڕ تێیداو دەستێوەردانی وڵاتانی ئەوروپا زۆربەی ناوچەکانی بەڵکان رزگاری بوو، ئەمانیش دەیانویست سیاسەتی پەلاماردان وگەرمکردنی شەڕ لە شەش ویلایەتەکەی عوسمانیدا پەیڕەوی بکەن پاش جاڕدانی خەباتی چەکداریو بەمەش کورد کەوتە سلکردنەوە لێیان وترسی ئەوەیان لێنیشت سەرتاپا خاکیان، واتە کوردستان بخرێتە سەر دەوڵەتی ئەرمەنستان وجێگەی کوردی تێدا نەبێتەوە، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا پروپاگەندەی ئەرمەن لە ناوخۆو ئەوروپادا وای لە قەڵەم دەدا، کە کورد دەیانکوژێت وستەمیان لێدەکات وتا دەهات ناکۆکیی نێوانیان قووڵتر دەبووەوە.

ئەڵبەتە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیش وبە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیددا ئەم لایەنەی زیاتر پەرەپێداو لە کاتێکدا کە سیاسەتی دەوڵەت ئەوەبوو کەوا ئەرمەن قڕبکات وبە هەموو شێوەیەك کاری بۆ دەکرد، بەڵام هەموو تاوانەکانی دەدایە پاڵ کوردو پتر ناکۆکیی دەخستە نێوانیان. ئەرمەنەکان کەوایان دانابوو لە پاش پەیماننامەی بەرلین حکومەتی عوسمانی زوو بەرنامەی چاکسازی جێبەجێ بکات وزەمینە ساز بکات بۆ ئەرمەنستانی سەربەخۆو دەوڵەتە گەورەکانیش لەبەر تەماحی خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کە وردە وردە بەرەو داڕووخان دەچوو، زیاتر پێیان لە سەرئەم مەسەلەیە دادەگرت ولە سەرێکی تریشەوە پاڵپشتی ڕەفتاری نێردە مسیۆنێرەکان وسەفارەت و کونسوڵیەتەکانی رۆژئاواو دەستێوەردانیان لە هەموو کاروبارێکی ئەم دەوڵەتەداو دەست لە پشتدانی بەردەوامیان بۆ ئەرمەنەکان هێندەی تر شێلگیری کردبوون کە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و رزگاربوونیان لە ستەمی عوسمانی و دامودەزگا رزیوەکانی زۆر نزیك بووەتەوەو پاش ئەوەی نائومێد بوون لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی چاکسازی لەلایەن سوڵتانەوە ویستیان هەر شەش ویلایەتەکە بکەنە گۆمی خوێن وشەڕی پارتیزانییان لێبڕاوانە دەست پێکردو بەهۆی کورتبینی نەتەوە

پەرستەکانیانەوە زیاتر کوردیان کردە ئامانج، چ لە پەلاماردانی چەکدارانەو چ لە پرۆپاگەندەی بەدناوکردنیدا لەلای مسیۆنێرو وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی وەك چۆن لە بەڵکاندا ڕوویدا، رووسیاو وڵاتانی ئەوروپا ناچار بکەن لەڕووی سەربازییەوە دەستوەربداتە وڵاتەکەو لە ئەنجامی گەرمبوونی شەڕو داگیرکاریدا ئەمان "ئەرمینیای رۆژئاوا" ببچڕن ودەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورەی تێدا دامەزرێنن. ئەڵبەتە لەم بەینەدا گەلی کورد بە گشتی وسەرۆك خێڵی شوانکارەو کۆچەری کوردو دەرەبەگی کورد کە باج وملّکانەیان لە جووتیاری کوردو ئەرمەن وەردەگرت و سەرداری بێ رکابەری وڵات بوون زەرەمەندی یەکەم دەبوون لەلایەك وبزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش، کە خەباتی خۆی جۆش دابوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان گەورەترین شکستی دەهێنا،ئەم دۆخە مەترسی ناکۆکییەکی تەواوی دروست کردبوو لای هەردوولاو سیاسەتی دەوڵەتیش قووڵکردنەوەو تیژکردنی ئەم ناکۆکییە بوو.

لە کوودەتای ساڵی 1908ی تورکە لاوەکانی "ئیتیحادو تەرەقی"دا بزووتنەوە نەتەوەییەکەی ئەرمەن بوو بە هاوپەیمانی تورك وبە تەواوی پشتی کردە کوردو هەر هەوڵێك بۆ نزیکبوونەوەو هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا کە لە چەند لایەن و رابەرێکی کوردەوە هەوڵی بۆ دەدراو لە ئەنجامی رەفتاری نەتەوەپەرستیی داخراوی ئەرمەنەکان و بەتایبەتی سەرانی حیزبی داشناکی باڵا دەست لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەندا بە ئاکام نەدەگەیشت.

شیاوی وتنە لەم ڕووەوە گەلێ لە ڕابەرانی کورد هەوڵیاندا وەك شێخ عوبەیدوڵای نەهری ومەلا سەلیمی بەتلیسی وحوسێن بەدرخان وعەبدولڕەحمان بەدرخان بەڵام بێ ئەنجام بوو، تەنانەت ئەمی دواییان لە رۆژنامەی "کوردستاندا" لە ساڵانی 1900ـ 1902 زۆر نووسین وبانگەوازی دۆستایەتیی نێوان کوردوئەرمەنی بڵاوکردەوەو بەهەمان شێوەش لە رۆژنامەی (ترۆشاك ـ ئاڵا)ی حیزبی داشناکدا بانگەوازی بێپەرواى دۆستایەتیی هەردوولای دەکرد بەڵام بێسوود بوو.

دواتر، هاوپەیمانیی ئەرمەن وتورکە لاوەکان سێ ساڵی نەخایاندو تورکەکان لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمید خراپتر کەوتنە گیانی ئەرمەن وهەر سێ سەرکردەکەیان، کە بە سێ پاشاکە ناسران، ئەنوەرو تەڵعەت وجەمال بە ئاشکرا شاڵاوی لەناوبردنی ئەرمەنیان دەستپێکردو ئەڵبەتە نکووڵیش لەوە ناکرێت کەوا کورد وەك تاك و وەك خێڵو وەك خاوەن مڵك (دەرەبەگ)و وەك جەندرمەو سەربازی دەوڵەتی عوسمانیش بەشداربوو پاش ئەو مەترسییەی لە سەر باسکراو لە ئەنجامی

توندڕەوی ئاینیدا کە لە سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدەوە بانگەشەی "جیهادی پیرۆز"ی بۆ ڕاگەیەندرابوو.

ئەڵبەتە پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی، بە بڕیاری ملهوڕانەی ئیتیحادییەکان چووە پاڵ ئەڵمانیا، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، دژ بە رووسیاو بەریتانیاو فەرەنساو وڵاتانی هاوپەیمانی، ئەرمەنەکان وبزووتنەوە چەکدارەکەیان بە فورسایی تەواوی خۆیانەوە چوونە پاڵ هاوپەیمانان وهێزەکانیان کەوتنە پێش سوپای رووسیا لە قەوقازداو بوون بەهۆی شکست وبەزینێکی قورسی سوپای سێی عوسمانی لەبەرەی جەنگ وشەڕی ساری قامیشداو کەوتنە تۆڵەکردنەوەیەکی بێئامان لە کوردی ناوچەی وان و ئەو دەڤەرانەی سوپای رووس داگیری کردن وهەر کەسێکیان، لە ژن وپیاوو منداڵی کورد بە تایبەتی، دەستکەوتایە دەیانکوشت. ئەمەش بوو بە دابڕان وناکۆکی ودژایەتییەکی تەواو لە نێوان کوردو ئەرمەنداو دەوڵەتی عوسمانیش، بە رابەرایەتی ئیتیحادییەکان وهەرسێ سەرکردەکەی، ئەمجارە بێپەردەو بە ئاشکرا قەتلوعامی ئەرمەنی جاڕداو لە سەرەتای بەهاری ساڵی 1915وە فەرمانی راگواستنی دەرکردن بۆپێدەشت وبیابانەکانی سوریاو زۆر بێڕەحمانە کاروانی ئەرمەنە راگوێزراوەکانی لەناودەبردو تەنانەت هەرچی تاوانکارو بەندیی هەبوو بەرەڵای کردن و رێکخراوێکی لێدروست کردن بەناوی یەکەی تایبەت "تەشکیلاتی مەخسووسە" بۆ سەربڕین وتاڵان کردنیان. ئەڵبەتە ئەمە سیاسەتیجاڕدرابوی دەوڵەت بوو بەڵام سیاسەت بانگەشە توندڕەویی ئاینی "جیهادی پیرۆز"و هۆکاری برسێتی وگرانی وتاڵان وبڕۆ وتەماحی زەوی وزارو ملك ومالی ئەرمەنەکان، کە زۆرێکیان لە ڕووی ئابوورییەوە لە خەڵکە کوردو تورکەکە دەوڵەمەندتربوون وچاوچنۆکیی ئاغاو دەرەبەگەکان بۆ داگیرکردنی ملك ومالیان بە هاندانی دەوڵەت وقووڵبوونەوەی ناکۆکیی ودژایەتیی نێوان کوردو ئەرمەن بەهۆی کورتبینی وسیاسەتی هەڵەی حیزب و رێکخراوە شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکانی ئەرمەنەوە بە تایبەتی داشناکەکان، با بڕێکی وای دروست کردبوو کە خەڵکە بێتاوان و بێدەرەتانەکەی ئەرمەن ببن بە قوربانی سیاسەتێکی چەوتی رابەرە نەتەوەییەکانیان لەلایەك وسیاسەتی لە مێژینەی دڕندانەی تورکەکان، چ لایەنگرانی سوڵتان وچ لایەنگرانی تورکە لاوەکان بۆ قڕکردن ولەناوبردنی خەڵکە بێتاوانەکەی ئەرمەن، کە لە یەك کاتدا بوون بە سووتەمەنی هەڵەی ڕابەرانیان وستەم وملهوڕانی تورکە لاوەکان وگوێ نەدانیان بە نارەزایی وپرۆتێستۆی وڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکاو تەواوی خێرخوازانی دنیا، لە ناوخۆو دەرەوەداو کارەساتێك بەرپابوو کە تا ئەو دەمە لە جیهاندا وێنەی نەبوو و بوو بە یەکەم جینۆسایدلە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا.

لەم پەلامارو شالاوی قڕکردنەدا سەرچاوە ئەرمەنیەکان باس لە فەتاوتان ولەناوچوونی نزیکەی ملیۆن ونیویێك ئەرمەن دەکەن وزۆربەی لێکۆڵەرو مێژوونووسانیش کۆکن لە سەر ژمارەی 600ـ 800 هەزار کەس وتورکیاش دەڵێ ژمارەکە لە 300 هەزار کەس تێناپەڕێت وهەندێ مێژوونووسیشیان زۆر لەوە کەمتری دەکەنەوە. ئەم قوربانیانە هەرچی ماڵو مڵك و بەرژەوەندییان هەیە فەوتاو بەناو "لیژنەی راگوێزراوان" دەیخاتە لای خۆیو کاتێ گەڕانەوە بۆیان دەگێڕێتەوە، بەلام ئێستاو ئەوساش هەرچیان بوو فەوتاو تێداچوو و ئەوانەشیان کە بە هەر رەنگێك بووە لەو قەسابخانەیە رزگاریان بوو دەوڵەتی تورکیا نەیهێشت جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵو حاڵیان وبوون بە پەڕاگەندەی ولاتان.

## 3 ـ رۆڵی دەوڵەتە گەورەکان ونێردە مسیۆنێرەکان لە مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەندا

وەك پێشتر باسمان کرد، دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو لاوازی وداڕووخان دەڕۆیشت وبە کردەیی نەیدەتوانی خۆی نوێ بکاتەوەو هاوشان لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمدا بڕوات وتەنها سیستەمێکی دواکەوتووی باج سەندن لە خەڵك وجەندرمەو سوپایەکی قەبەو سەرکوتکەر هێشتبوویەوەو سەرجەمی رەعییەت ومیللەتانی بندەستی دەست زوڵم ونا عەدالەتی وباری گرانی هەژاریو برسێتی ودواکەوتوویەوە دەیانناڵاند.

بە پێچەوانەشەوە رووسیاو دەوڵەتە ئەوروپییەکانی دراوسێی دەمێك بوو چوو بوونە قۆناخی سەرمایەدارییەوە سەرباراری لایەنی سەلبی لایەنی ئیجابی گەلێ زۆر بوو لەڕووی سیاسی کۆمەلایەتییەوەو کۆمەڵگە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی وبەشێکی زۆر لە مافەکانی تاك فەراهەم ولەڕووی سیاسییەوە دیموکراسی وتاڕادەیەك عەدالەتی کۆمەلایەتی رەخسابوو وپێچکەی پیشەسازی بەرەوپێش دەڕۆیشت وسەرمایە تا دەهات زیاتر لەم ولاتانەدا کەڵەکە دەبوو، لەبەرئەوە سیاسەتێکی کۆلۆنیالیان پەیڕەو دەکرد کە هاوشانی پێویستیەکانی بەرەو پێشچوونی پێچگەی سەرمایەداری و نەشونماکردنی بوو. بۆیە پەلکوتان بەرەو داگیرکردنی ولاتانی دواکەوتوو، بەتایبەتی لە ئاسیاو ئەفریقادا هاوزەمان بوو لەگەڵ سەرهەڵدان وپێشکەوتنی ولاتە ئەوروپاییە

سەرمایەدارەکاندا، بۆ دەستەبەر کردنی کەرەستەی خاوی پیشەسازی وپاشانیش دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان.بەم پێیە ئیمپراتۆریتی عوسمانیی پان وبەرین کەوتە بەر چاوتێبڕین و دەستێوەردانی دەوڵەتە سەرمایەدارییە گەورەکانی ئەوروپاورووسیاو هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆی کنەی دەکردو هەوڵی ئەوەی دەدا پارووپەکی چەوری بەر بکەوێت وبەپێی سیاسەتی کۆلۆنیاڵی خۆیشی لە پاشەڕۆژی داڕووخانی ئەو دەوڵەتە دواکەوتووەدا بەشێکی باشی بەربکەوێت. ئەڵبەتە ئەمان هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دڵنیابوون لەوەی چارەنووسی ئەم دەوڵەتە لەناوچوونە، لەبەر پێکهاتەو سروشتی سیاسی دواکەوتووانەی وهەر لەو سۆنگەیەشەوە لە لایەن قەیسەری رووسیاوە، نیکۆلای یەکەم 1825ــ 1855 ناونرابوو "پیاوە نەخۆشەکە". وڵاتە سەرمایەدارە کۆلۆنیالیەکان لە نێو خۆیاندا لەکێبەرکێدابوون کەوا کامیان بەشی شێرو بەرژەوەندیی باشتری دەست بکەوێت، لە سەروەت وسامان وپێگەی ستراتیجی قەڵەمڕەوی ئەم ئیمپراتۆریتە بەرفراوانە. کاتێکیش کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بۆیان دەرکەوت نەوتێکی زۆر لە ناو خاکی ئەم ئیمپراتۆریتەدا هەیەو بایەخی بەرچاوی پەیداکرد بۆ پیشەسازی هێندەی تر شێلگیر بوون و کەوتنە پیلانگێڕیو پەیڕەوکردنی دیبلۆماسییەتی نهێنی بۆ دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریتەکە و شانبەشانی جەنگە نەبڕاوەکانیان لەگەڵ عوسمانیداوبە تایبەتی رووسیاو کێبەرکێیانلە سەر گەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی تەنگی بۆسفۆرو دەریای ناوەڕاست و کەنداوی فارس وسەرچاوەکانی نەوت وکانزای جۆراوجۆر، لەژێریشەوە لە جەنگێکی نهێنیی گەرمدابوون کەوا کامیان زۆرتری بەردەکەوێت وکاریگەریی زیاتر دەبێت لە سەر حکومەتی سوڵتانەکان و کێیان دەتوانێ رێککەوتننامەی دووقۆڵی لەگەڵ ئەم حکومەتەدا ببەستێت، یان چۆن ژێربەژێر لە ناوخۆیاندا ڕێکبکەون وەك لە ڕێککەوتننامەکەی سایکس ـ بیکۆ، لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئاشکرابوو.

نموونەی بەرچاوی ئەم کێبەرکێیە ئەڵمانیا بوو کە پردێکی پەیوەندیی گەورەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دروستکردبوو وکاریگەرییەکی زۆری بە سەرەوە هەبوو و تەنانەت لە رێککەوتننامەی بەرلین لە ساڵی 1878دا بسمارك سەرپەرشتی کرد و رۆڵی رووسیای سنووردار کرد، کە پاش سەرکەوتنی لە جەنگی رووس وعوسمانیداو لە پەیماننامەی سان ستێفانۆی هەمان ساڵدا کۆمەڵێك هەلومەرجی قورسی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاندو تەنانەت لە ئەستەمووڵیش نزیك بووبۆوە. ئەڵمانیا کاریگەریی زۆری لەناو حکومەتی عوسمانیدا پەیداکردبوو و ئیمتیازاتی باشی بۆ بەرژەوەندیەکانی بەدەستهێنابوو، چەشنی ئیمتیازی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا. بەرلین وبەستنەوەی

دەوڵەتی عوسمانی بە ئەڵمانیاو وڵاتانی ئەوروپاوە. هەروەها کاریگەریی تەواوی هەبوو لەنێو سوپای عوسمانیداو حکومەتیش لەزۆربەی سیاسەتەکانیدا پابەندی بوو، تەنانەت گەلێ سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کەوا سوڵتان عبدالحمیدو پاش ئەویش تورکە لاوەکان بەپێی پلان وتەگبیری ئەڵمانی قەتلۆعامی ئەرمەنیان کردووە بەو پێیەی ئەرمەنەکان و بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان بووبوونە دەسکەلای تەواوی رووسیا لە جەنگەکانیدا دژ بە عوسمانی، لە ئەنجامی زوڵم وستەمی دەوڵەت و وەك هەوڵ وتێکۆشانیش بۆ سەربەخۆییان و رزگاربوونیان لە دەست چەوساندنەوەی عوسمانی ورووسیا لەم کێبەرکێیەدا لە هەوڵدابوو بۆ داگیرکردنی قەوقازو ئەرمینیاو کوردستان وگەیشتن بە ناوچە گرنگەکانی ئەم ئیمپراتۆرێتەو بەرژەوەندیی باڵای لەوەدا بگاتە ئاوە گەرمەکان و کۆنترۆڵی هێڵی ئازوگوێزی دەریایی بکات لە ئاوەکانی بۆسفۆر و دەردەنێڵ ودەریای ناوەڕاست وکەنداوی سوێس ودەریای سوور وکەنداوی فارس و ناوچە بایەخدارەکانی تر، بێجگە لە ململانێ و چاوبڕینە کەرەستەی خاوو پاشتریش نەوتی تازە دۆزراوەی خاکی ئەم ئیمپراتۆرێتەو لەم ڕووەوە لە ململانێدا لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسا کە دوو گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالی بوون وکاریگەرییان بە سەر تەواوی جیهان وبە تایبەتیش گەلان وولاتانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە بوو ولەهەر ململانێو کێبڕکێیەکدا ڕەچاوی ڕۆڵی گەورەی ئەمان دەکرا.

لەم سەردەمەدا ئەمەریکا کاریگەریی زۆری نەبوو، بەڵام وردە وردە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا کاریگەریی زیاتر دەبوو ولە ڕێگەی نێردە مسیۆنێرەکانەوە جێ پێی خۆی لە نێو گەلان وکەمینە مەسیحییەکانداو بە تایبەتی ئەرمەن قایمتر دەکردو نێردەکان لە هەموو شوێنێکی گەرەك و ناوچە ئەرمەن نشینەکان دامودەزگای خێرخوازی وقوتابخانەو نەخۆشخانەو دەزگای جۆراوجۆریان دادەمەزراندو هاوکاریی هەمەچەشنەی ئەرمەنەکانیان دەکردو لەگەڵ سەفارەت و کونسولیەتەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا هەماهەنگییان دەکردو پشتیوانیی جموجووڵ و ڕاپەڕینی ئەرمەنەکانیان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان کە سوڵتان عبدالحمید لە بەندی 61ی پەیماننامەی بەرلینی ساڵی 1878دا بەڵێنی دابوو بە ئەنجامیان بگەیەنێت. ئەڵبەتە مسیۆنێرەکان لە ئەستەمووڵی پایتەختدا کاریگەری‌و هەماهەنگییەکی گەورەیان هەبوو لەگەڵ پەتریارکییەت ودەستەبژێری دەسەڵاتدارو خاوەن قسەی ئەرمەنداو کەمینەی مەسیحیی تێدابوو، بەجۆرێك وایلێهاتبوو کە لەگەڵ کونسوڵو نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکاندا شێوە دەوڵەتێکیان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا دروست کردبوو بە لووت ژەندنە ناو کاروباری دەوڵەتەوە، کە لە کۆتاییەکانی

سەدەی نۆزدەوەو لـە سـەردەمی سـوڵتان عبدالحمیـددا هێنـد فشـەڵ و لاواز بووبـوو لـە ئاسـت دەوڵەتـە زلهێزەکـان ومسـیۆنێرەکاندا کـە بـۆ هـەموو هـەنگاوێك پرسـی پێـدەگرن و هـەزارو یـەك حیسـابی بـۆ دەکردن، هەرچەندە عوسمانیەکان وفێڵو تەڵەکەی خۆیان هـەبوو لـە سـەردەمی سـوڵتان عبدالحمیـددا هەمیشە پاساویان بـۆ قـەتلۆعامی ئەرمـەن نکووڵی کـردن وتاوانبـارکردنی کـورد بـووەو دواتـریش لـە سـەردەمی ئیتیحادییەکانـدا پاسـاو جـەنگی جیهـانی یەکـەم و راگواسـتن بـوو لـە بـەرەکانی جـەنگی رووسیادا.

ئەرمەنەکان کاریگەریی وڵاتە زلهێزەکان ومسیۆنێرەکانیان بە هەل زانی وتـەواوی قورسـایی خۆیـان خستە سـەر ئـەم لایەنـەو قەناعـەتیان وابـوو دەوڵەتـە گـەورەکان پارێزگارییـان لێدەکـەن وبەرپەرچـی دەوڵـەتی عوسمـانی دەدەنـەوە کـە زیـاتر پێڕابکێشێت لـە سیاسـەتی کوشـتن ولەناوبردنیانـداو کاریـان گەیاندە ئەوەی لە رێگەی راپەڕین وشۆڕشی چـەکدارانەوە ئـەو دەوڵەتانـە ناچـار دەکـەن هێـز بنێرنـە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ وەك چۆن رووسیاو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە بولگاریادا کردیان ولـەم رێگەیـەوە دەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورە رادەگەیەنن وعوسمـانی ودواتـر تورکـە لاوەکـان نـاتوانن هیچیان لەگـەڵ بکەن وکارەکەیان دەبێتە دیفاکتۆ. لەم رووەشەوە بزووتنەوە رزگاریخوازەکـەیان هـیچ حیسابێکیان بـۆ کوردی دراوسێ وتێکەڵیان نەدەکردو بەردەوام لە چالاکی وپرۆپاگەندەی دیبلۆماسییاندا لە ئەمـەریکاو وڵاتـانی رۆژئـاوا بـە کۆمەڵـە خێڵێکـی بێسـەوادو دواکـەوتوو لـە قەڵـەمیان دەدان ودژایەتییـەکی ملهوڕانـەیان دەکـردو بـەهیچ شـێوەیەك دانیـان بـە بـوونی کوردسـتانێکدا نـەدەناو سـەرجەمی شـەش ویلایەتەکەی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵیان لە ئەرمەنستانی گـەورە دەزانـی لـە هەنـدێ رەفتاریشـیاندا وایـان پیشاندەدا کە ئـەم وڵاتـەیان بـە بـێ کـورد دەویست، هەرچـەندە کـورد رێـژەی زۆر زیـاتر بـوو لـەمان. بێگومان حکومەت وکاربەدەستانی عوسمانی وئیتیحادییەکان زۆر کاریان لە سەر ئـەم لایەنـە دەکـرد و بەردەوام هەوڵیاندەدا ناکۆکیی ودژایەتی نێوانیان قووڵ بکەنەوەو دەبێ ئەو راستییەش بگوترێ کـەوا دەرەبەگی کورد کـە چـەندین سـەدە بـوو جووتیـاری کـوردو ئەرمـەنی وەك یـەك دەچەوسـاندەوە پێـی قـورس بـوو لـە دەوڵـەتێکی ئەرمەنیـدا بـژی کـە تـا دوێنـێ جووتیارەکـانی ژێردەسـتەی خـۆی بـوون ودڵنیابوو لەوەی نەك زەوی و زارەکەشی لەدەست دەچێت بەڵکو ژیانیشی دەکەوێتە مەترسییەوە هـەر ئەم هۆکارە بوو کە زەمینەی بـۆ قوبـووڵکردن ودروسـتبوونی سـوارەی حەمیـدی سازکردو کاریگـەریی بزووتنـەوە نەتەوەییەکـەی ئەرمـەنیش بـوو کـە کـوردی رەشـۆکی ترسـاندو بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان کردنیە دوژمنی خۆیو هەندێکیشیان دواتـر بـوون بـە داردەسـتی عوسمانیـەکان لـە جێبـەجێ کردنـی

سیاسەتی فڕکردنی ئەرمەندا. بێگومان کورتبینی عوسمانیـەکانیش ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، چونکە ئەوان بێجگە لە سیاسەتی کوشتن ولـەناوبردن چارەسـەرێکی تریـان لانـەبوو. حیـزب و ڕێکخراوەکـانی ئەرمەنیش وبە تایبەتی داشناکییەکان هێندەی تر قوڕەکەیان خەست کردەوەو بە دەست لـە پشـتدانی دەوڵەتە کۆلۆنیالێیە بەرژەوەند خوازەکان ڕەشوڕووتی گەلی ئەرمـەنیان تووشـی ئـەو بەڵایـە کـرد کـە کردیان و وەك لازاریـف دەڵێ "لـەو ڕۆژگـارەدا داشـناکییەکان خزمـەتێکی خراپیـان بـە گـەلی ئەرمـەن کردو بۆ ڕاپەڕینێك هانیاندەدا کەوا کاتی نەهاتبوو، هەروەها لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی خۆیاندا گیانی ڕق و کینـەیان دەورووژانـد دژ بـە هـەموو کوردوتورکێـك". هـەروەها چـەند مێژوونووسـێکی ئەرمـەنیش چوارچێوەی ئـەم مەسـەلەیان بـە شـێوەیەکی بابـەتی شـیکردووتەوەو لـەم ڕووەوە دکتـۆر ئاروتونیـان دەڵێ:

"لــە جیــاتی ڕاکێشــانی هێــزە دیموکراتــەکانی گــەلی کــورد وەك هاوپــەیمان جۆشــدانی خــەباتی ڕزگاریخوازانەی هاوبەش لەگەڵیان دژ بە فیوداڵە کوردو تورکەکان، حیزبـە نەتەوەییـە دیموکراتـەکانی ئەرمــەن بــە بانگەشــەیان بــۆ دژایــەتی ڕەگەزپەرســتانەو ئــاینی، هــەموو شــتێکیان کــرد لــەپێناوی دروستکردنی دیوارێکدا لە نێـوان هـەردوو گـەلی ئەرمـەن و کورددا، لەبـەر ئـەوە سیاسـەتێکی نـامیللی وخۆکوژیی لەم چەشنە دەبـوو هـەر خزمـەتی چینی دەرەبـەگی کـورد و تـورك بکـات، کـە بەڕاسـتیش کردی".

دەوڵەتـە کۆلۆنیالێـەکان، لەبـەر ململانێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان هـانی ئەرمـەنیان دەداو پشـتیوانی خۆیانیــان بــۆ ڕادەگەیانــدو ئەمــەش نــەك هــەر بەرپرسـانی دەوڵــەتی عوسمــانی بــەڵکو کوردیشــی ترساندبوو، چونکە وایان لـە کوردەکـان گەیانـدبوو کـەوا دەوڵـەتێك بـۆ ئەرمـەن دروسـت دەکرێـت بـە یارمەتیی ڕووسیاو بـەریتانیاو فەرەنسـاو کـوردە موسـڵمانەکانیش دەکەونـە ژێـر دەسـتی ئـەم دەوڵەتـە مەسـیحییەو بەرپرسـە عوسمانیـەکانیش دەسـتێکی باڵایـان هـەبوو لـە بڵاوکردنـەوەی تـرس لـە نێـو کوردەکانداو تێکدانی پەیوەندییان لەگەڵ ئەرمەنەکان.دەوڵەتـە گـەورەکان کـاری ململانێـی خۆیـان بـۆ بەرژەوەندییەکانیان لـە دەوڵـەتی عوسمانیـدا زۆرجـار بـەوە پـەردەپۆش دەکـرد کـە میللـەت وکەمینـە مەسیحییەکانی بندەستی دەپارێزن و بەتایبـەتیش ئەرمـەنیان کردبـووە مەڤاشـی دەسـتیان، بـەڵام لـە ژێریشــەوە چاوبەســتییان لێــدەکردن وبــۆ بچــووکترین بەرژەوەنــدیی ئــابووری وسیاســی خۆیــان دەیانفرۆشـتن وپشـتیان تێـدەکردن. بـۆ نموونـە بـەریتانیا کەلـە سەرشـانۆی جیهـان وەك دەوڵـەتێکی کۆلۆنیالی مەزن دەرکەوت یەکەمجار بەرهەڵستی دەوڵەتـە کۆلۆنیالـەکانی تـری دەکـرد کـە دەیانویست

دەوڵەتی عوسمانی لەناوبەرن وخاکەکەی دابەش بکەن، بە تایبەتی دژ بە رووسیاو فەرەنسا دەوەستایەوە، کە زانی کاریگەریی رووسیاله سەر کوردو ئەرمەن زیاتر بووەو سیاسەتی وا بوو کە ئەم دەوڵەته بە لاوازی بمێنێتەوەو بەم پێیە زیاتر دەستێوەردان لە کاروباریدا دەکات وهەلومەرجی خۆی بە سەریدا دەسەپێنێت. بەمڕەنگەش زنجیرەیەك ڕێککەوتننامەی نهێنی لەگەڵدا بەست بۆ جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییە ئابووری وسیاسییەکانی وبوو بە توندترین داکۆکیکار لە سوڵتانی عوسمانی، بە تایبەتی لە پاش پەیماننامەی بەرلین وکاتێ کە ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی لەگەڵ سوڵتاندا ئیمزا کرد کە دژ بە تەماحکاریی رووسیاو داخوازییەکانی ئەرمەن بوەستێتەوە لە بەرانبەر وازهێنانی سوڵتان لە دوورگەی قوبرس وبۆ بەهێزبوونی کاریگەریی بەریتانیا لە دەریای ناوەڕاستدا. بەڵام لە هەمان کاتدا بەڵێن ودروشمی دنیای دەدا لەبارەی مافی میللەتان وبەتایبەتی میللەتی ئەرمەن لە دەوڵەتی عوسمانیداو خۆی بە پارێزەری ئەم گەلە دادەناو لەولاشەوە چاوپۆشیی دەکرد لەو هەموو کوشتارەی دەرهەق بە ئەرمەنەکان ومیللەتانی تر کە لە ژێر سایەی دەسەلاتێکی ملهوڕدائەنجامدەدراو چەندین جار پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد لە شەڕو شۆڕیدا دژ بە گەلانی بندەستی و نموونەش بۆ ئەم سیاسەتەی راستەوخۆ داوای لە سوڵتانی عوسمانی کرد کەوا شۆڕشی میر بەدرخان لەناوبەرێت ساڵی 1847و بە ژمارەیەکیش پسپۆڕانی ئینگلیز بەشداری کرد لە دانانی پلانی جەنگ وهاوکاری کردنی سوپای عوسمانیدا.فەرەنساش گەلێ هەڵوێستی هاوشێوەی بوو وئیدیعای پشتیوانی ئەرمەنی دەکردو لە شەرێکدا لە شاری مەرەش بۆ گێڕانەوەی ئەرمەنە دەرکراوەکانی ئەو شارە پشتی کردە فیداییەکانی ئەرمەن بە تەنها بەرەنگاری سوپای کەمالییەکان ببنەوەو خۆیشی پاشەکشەی کردو بە بەرچاوییەوە تەواوی ئەرمەنەکانی شارەکەیان کوشت.

سەبارەت بە رووسیاش، هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانییەوە کەوتە دژایەتی کردنی چونکە خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆرێتی بیزەنتیدەزانی وبەردەوام داواکاری ئەوە بوو قوستەنتینیە بخرێتە سەر رووسیاو هەمیشە تەماحی لەوەدابوو بگاتە ئاوە گەرمەکان وتەنگی بۆسفۆرو خۆی بە پارێزەریمەسیحییە ئەرسۆدۆکس وهەموو مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەزانی. لەپاش پەیماننامەی گوڵستان لەگەڵ ئێراندا و بچڕینی بەشێك لەئەرمینیا بۆ سەرخاکی رووسیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی پەیداکرد لەسەر مەسەلەی ئەرمەن و تارادەیەك کوردیش. بەپێی ڕێککەوتننامەی نهێنی سایکس ـ پیکۆی 1916 ش، لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسا ڕێککەوتبوو کە ئەرمینیای رۆژئاوا وبەشێکی گەورەی کوردستانیش بەر بکەوێت. بەم پێیە لەگەڵ ئەوپەڕی دژایەتی وناکۆکیی رووسیاو دەوڵەتی

عوسمانی بەڵام هەڵوێستێکی دووفاقی هەبوو لەگەڵ ئەرمەن وهەروەها لەگەڵ کوردیشداو زۆریش سڵی لەوە دەکردەوە کە هەردوو بەشی ئەرمینیای بندەستی رووسیاو عوسمانی یەکبگرنەوەو دەوڵەتی ئەرمەنستان دامەزرێت ولە مەسەلەی کوشتاری ئەرمەندا زۆر بە جیددی مەسەلەکەی وەرنەگرتبو چ لە کاتی سوڵتان عبدالحمید ودوای ئەویش لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا.

بێگوما وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەڵوێستی ئەڵمانیش لە سەر مەسەلەی ئەرمەن تارادەیەکی زۆر نزیك یان هاوشێوەی هەڵوێستی تورك بوو، لەبەر بە دەستهێنانی کاریگەری وئیمتیاز لە دەوڵەتی عوسمانیدا، چەشنی هێڵی ئاسنینی بەغداو حیجازو کارکردنی ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕ و ئەفسەری ئەڵمانی بۆ نوێکردنەوەو بەهێزکردنی سوپای عوسمانی و بەهێزکردنی پێگەی لە بەرانبەر دەوڵەتە رکابەرەکانیداو بە تایبەتی فەرەنساو رووسیا و دواتریش بەریتانیا و تەنانەت بیرۆکەی راگواستنی ئەرمەن لە تورکیادا لە ینەڕەتدا بیرۆکەیەکی ئەڵمانی بووە وبە پلانی ئەوانیش کراوەو دەبینین دواتر بە ئاشکرا چاوی لەو هەموو کوشتوبڕەی ئەرمەن پۆشیوەو تەنانەت هانی دەوڵەتی عوسمانیشی داوە بۆ ئەو کارەو هاوارو پرۆتیستۆی بیرمەندی ئەڵمان هاری ستوبورمەر باشترین شایەتییە بۆ هەڵوێستی پڕ شوورەیی حکومەتی ئەڵمانی لە قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەندا کاتێ کە دەڵێ "ئەمە شوورەییە بۆ مێژووی جیهان کەوا گەلێك بە تەواوی لەناو ببرێت، کە زیاد لە ملیۆن ونیوێکن، بەشێوەیەکی درندانەو بە وردی پلان بۆ داڕێژراو، لە سەردەمێکدا کە وا ئەڵمانیا گەورەترین کاریگەریی هەیە لە تورکیادا" و ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ رۆڵی پیلانگێڕی ئەڵمانیا لەم کوشتارەدا.

ئەڵبەتە رۆڵی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانی دیکەش لە رۆڵی ئەڵمانیا کەمتر نەبوو لەم بوارەداو لە رێگەی "نێردە مژدەدەرەکان و سیاسەتی پڕلە پرۆپاگەندەی ئاینییەوە، کەوا ئەوروپاییەکان برەویان پێدەدا"و ئەم نێردانە، کە چوبوونە ناو هەموو جومگەی ژیانی کۆمەڵگەی عوسمانی وبە تایبەتی ئەرمەن و مەسیحییەکانی ترەوە، رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە وروژاندنی ناکۆکیی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئاینیداو بە تایبەتی ناکۆکیی ئاینی ئەرمەن ودراوسێ کوردەکانیان هەر نەبوو یان زۆر لاواز بوو، بەڵام دواترە پاش جێپێ قایمکردنی نێردەکان ئەم ناکۆکیانە سەری هەڵداو قووڵ بووەوە. بێگومان زۆرێك لەم نێردانە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی وڵاتەکانی خۆیانیان دەکردو ناردبوونیان بۆ کۆڵینەوە لە گەلانی ناوچەکە وپاشان ئاسانکردنی داگیرکردنیان و زۆربەی زۆریان سیخوڕی وڵاتەکانی خۆیان بوون و راپۆرتی بەردەوامیان دەنارد لە سەر بارودۆخی ئەو وڵاتانەو گەلانیان.

ئەڵبەتە وەك پێشتر باسمان كرد، دەوڵەتی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە لاوازو بەرەو داڕووخان دەچوو ودەرگای خستبووە سەرپشت بۆ هەموو دەستێوەردانێكی دەرەكی وچالاكی نێردە مسیۆنێرەكانیش بە ناوی ئاین و چاودێری كردنی كاروباری ئاینی مەسیحییەكان لە هەموو ناوەندە رەسمیەكانی عوسمانیدا رێگەپێدراو بوو. یەكەمجار نێردە فەرەنسیەكان هاتن ودوای ئەوانیش لەڕووی قەبارەوە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو ئەوجا ولآتانی تر. بێگومان ئەمەریكا لە رێگەی نێردەكانیەوە تەواو دەستی كێشابووە ناو ولآتەوەو بۆ نموونە تەنها ئەم 675 قوتابخانەی هەبوو كە نێردەكان سەرپەرشتییان دەكردو رۆڵێكی گەورەیان هەبوو لە كێشە دروست كردندا لە نێوان میللەتانی ناوچەكەداو بە تایبەتی لەنێوان كوردو ئەرمەن وئاشورییەكاندا و رۆڵێكی زۆر خراپیشیان دەبینی لە هاندان وپشتیوانی كردنی بزووتنەوەی ئەرمەنەكاندا دژ بە كوردو تێكدانی نێوانیان وگەورەكردنی كێشەی بچووك وگەیاندنی سكالآی ئەرمەنەكان بۆ سەفارەت و كونسوڵی ولآتان وبە لووتبەرزی رەفتار كردنیان لەگەڵ خەڵكی ولآتەكەداو بلآوكردنەوەی پرۆپاگەندەی ئەوەی بەم زوانە ئەرمەن دەوڵەتی خۆی رادەگەیەنێت و پشتیوانیی دەوڵەتە گەورەكان مسۆگەر دەكات خەڵكی كوردو توركی خستبووە مەترسییەكی گەورەوە. بەتایەتی لە كاتی جێبەجێكردنی چەند خاڵێكی چاكسازیی دۆخی ئەرمەن وگرتن و دوورخستنەوەی ژمارەیەك لە فیوداڵو سەرۆك خێڵو دەستڕۆیشتووانی كوردا بۆ حەڵەب وشوێنانی ترو پاشانیش لە دوای ساڵی 1908و كوودەتای توركە ئیتیحادییەكانداو هاوپەیمانی نێوان ئەرمەن وتوركە لاوەكان دژ بە كورد بە پلەی یەكەم و رۆڵی مسیۆنێرەكان لە بەدناوكردنی كورداو هەماهەنگی لەگەڵ باڵە توندڕەوەكەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەندا بۆ شێواندنی دۆخی ناوچەكەو پاڵپشتی كردنی ئەو هەڵوێستەی ئەرمەنەكان كەتا زیاتر جەنگی پارتیزانی و راپەڕین توند بكرێتەوەو تا زیاتر دژایەتی كورد بكرێت وپشێوی بخرێتە دۆخەكەو ناوچەكەوە لە بەرژەوەندیی مەسەلەی رزگاریی ئەرمەن دەشكێتەوەو دەوڵەتە زلهێزەكان بەهێزی سەربازییانەوە دەست دەكێشنە ولآتەكەو چەشنی بولگاریا ئەرمەن رزگاری دەبێت ودەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورە رادەگەنێت وكوردیش لەوخاكەی خۆی كەهەزاران ساڵە لە سەری ژیاوە دەریدەپەڕێنێت. لەم كورتبینییەی كردارو رەفتارەدا نێردە مسیۆنێرەكان لە سۆنگەی ئەوەی كەنوێنەری ولآتە بەهێزو دەسەڵاتدارەكانیانن لەگەڵ بزووتنەوەی ئەرمەنەكان یەكیانگرتەوەو هیچ حیسابێكیان بۆئەوە نەكرد كە دامودەزگای عوسمانی وپاشتریش ئیتیحادییەكان لەوان كورتبینترن وبێجگە لەكوشتن و راگواستن چارەسەرێكی لۆجیكییان پێ نیە وئەنجام بە پیلانگێڕیی هەردوولاو

نەخوێندنـەوەی هەلومـەرجی ئـەو دەمـەو ئەقڵییـەتی ملهوڕانـەی کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی عوسمـانی وسڵنەکردنەوەیان لەئەنجامدان وبـەرپاکردنی هەرتاوانێکئەرمـەنیان بـەو دەردە گەیانـد کەگەیانـدیان. راستییەکیش هەیە دەبێ بوترێت کەوا لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم ودوای ئـەوە هەرچـەندە ئەمـەریکا لـەو جەنگـەدا بەشـداری سـەرەکی نـەبوو بـەڵکو وەك دەوڵـەتێکی زلهێـز وردە وردە دەسـتی دەکێشایە وڵاتانی ناوچەکە بۆ "بەدیهێنان وچەسپاندنی" هەنـدێ بـەهای دیموکراسـی لـەم وڵاتانـەداو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان جاڕی لە چواردە بەند دا کەسەرجەمیان ڕێزگرتن بوو لـە بـەهاکانی مافی مرۆڤ ودیموکراسی لـەوڵاتان ومیللـەتانی ژێردەسـتی دەوڵـەتی عوسمـانی وچەسـپاندنی مافـەکانی چارەی خۆنووسین وسەربەخۆیی ئەو گەل وکەمینە ئاینی وئەتنیکیانەی لەپاش جـەنگ لەژێردەسـتی دەوڵەتی عوسمانی شکستخواردوو لەجەنگدا ڕزگاریان بووە.

ویڵسن پشتگیری تەواوی خۆی و ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بۆ ئەرمەنەکان دەربڕی وتەنانـەت خـۆی نەخشـەی ئەرمینیایـەکی ڕزگـاربووی کێشا کـە دواتـر بیخاتـە ژێرمانـدێتی ئەمـەریکاو تـا ئـەو دەمەی کە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەیخاتە سـەرپێی خـۆی دەسـتی لێ بـەرنادات. بێگومـان ئەرمـەن بـەم پشـتیوانییەی ویڵسـن وئەمـەریکا تـەواو دڵخۆشـبوون ولـەوە دڵنیاکرانـەوە کـەپاش ئـەو کۆکـوژی وکارەسـاتە قورسـەی بـە سـەریان هـات ئـەوانی کەلـە دەسـت قڕکـردن دەربازیـان بـووە دەگەنـە ئـاواتی خۆیان لەدەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەییـدا وبەتـەواوی توانـای ئەمـەریکاو وڵاتـانی زلهێـز پشـتگیریی دەکرێن ویارمەتی دەدرێن بۆتیماری دەردی کوشندەی جینۆسایدکردنیان.

جاڕدانی مەبدەئەکانی ویڵس نـەك ئەرمـەن بـەڵکو تـەواوی میللـەتانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی دڵخـۆش کردبـوو، لەوانـە کـوردیش، کـە پـاش تەکانـدنی تـۆزی کەڵەکـە بـووی چـەندین سـەدەی زوڵـم وزۆری عوسمانی ئیدی میللەتانی ژێردەستە لە سایەی هەڵکردنی بای دیموکراسی لـە ئەمـەریکاوە بـە تـەواوی مافی خۆیان دەگەن. ئەوەتا دەبینین ڕابەرێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی وەك شێخ مـەحمودی حەفید لەبەرهەڵستی کردنیدا بۆ بەریتانیەکان وکاتێ کە لە شـەڕدا دەسـتبە سـەری دەکـەن ودەیبەنـە بەردەمی دادگای سەربازییان، ئەم چەند بەندێك لە چواردە بەندەکەی ویڵسنلە سـەر لاپـەڕەی قورئـان دەبەسـتێتە باڵیـەوەو دەڵێ مـن بـەپێی ئـەم بەندانـە بـەرەنگاری ئێـوە بوومەتـەوەو مـافی میللـەتان بانگەشەی خۆتانە. ئەڵبەتە شێخ ودەیـان ڕابـەری نەتـەوەیی و نیشـتمانی میللـەتانی تـری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بە دڵی پاك ومتمانەی تەواوە بەرەوڕووی بانگەوازەکەی ویڵسنی سـەرۆکی ئەمـەریکا چوون، بـەو نیـازەی گەلـەکانیان لـە سـتەمکاریی سـەدان ساڵەی عوسمـانی و ملـهوڕان ڕزگـاری ببێـت وچـەمك

وماناکانی دیموکراتییەت لە وڵاتانی ئەمانیشدا گەشە بکات ونەیاندەزانی ئەمەش پەردەیەکی ترە بۆ نیازو مەبەستی تەماحکاری و چاوبڕینە شێوەیەکی لە داگیرکاریو بە تاڵان بردنی سامانی وڵاتان.

ئەرمەنیش یەکێك بوو لەو گەلانەی، چەشنی کورد، بوون بە قوربانیی سیاسەتی چاوبەستی وپڕ پێچ و پەنای دەوڵەتە کۆڵۆنیالە زلهێزەکان وپاش ئەوەی هەموو هێلکەکانی خۆیان، بە کردەوە، خستە سەبەتەی بەڵێنی هاوکاریو پشتیوانیی دەوڵەتە زلهێزەکانەوەو بە تایبەتی ئەمەریکا، بە ڕەچاوکردنی بەندوباوەکەی ویلسن وگوایە لێرە ماناکانی دیموکراسی ومافی مرۆڤ وپشتیوانی کردنی گەلانی بندەست زیاتر بەرجەستەیەو ئەمەریکایان بە مەسیحی رزگارکەر زانی، کەچی لەیەکەم پێچی بەرژەوەندیدا هەموو ماناکانی پشتیوانی ودۆستایەتی با بردی وبوون بەقوربانی سیاسەتی بەرژەوەندخوازی دەستگرتن بە سەر ناوچە پڕ نەوتەکانی ویلایەتی مووسڵو میزۆپۆتامیاداو کار وا کەوتەوە سیناتۆری ئەمەریکی ئەو سەردەمە، پات هاریسن، بەوپەڕی گوزارشتی راستەقینە لەو سیاسەتە بەرژەوەندخوازەی ئەمەریکا بڵێ "بیرە نەوتێك پیشان ئەم ئیدارەیە بدە، ئەویش سیاسەتی دەرەکیی خۆیت بۆ دەستنیشان دەکات". هەر لەم سۆنگەیەشەوە لویس ئاینشتاین، لەبارەی پشتگیریی ئەرمەنەکانەوە لە گۆڤاری (زە نەیشن) دا بنووسێت "خۆمان دزییەوە لەراگەیاندنی شەڕ دژی تورکیاو هەڵوێستمان لەبەرانبەر گەورەترین مەسەلەی ئەخلاقی لە مێژوودا تەنها خۆتووڕەکردن وبۆڵەبۆڵ بوو. بیانووی ئەم شکستەشمان پاراستنی سەروماڵی ئەمریکییەکانی ناو تورکیابوو. هیواشمان وابوو مسیۆنێرەکان بتوانن خەڵکە مەسیحییەکەی ناوچەکە بپارێزن، بەڵام تەواو بەهەڵەداچوونی ئەم بۆچوونەوەی دواییان رەشەکوژی وقەتڵوعامەکان سەلماندیان".

لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم ودۆڕاندنی دەوڵەتی عوسمانی بە ئاشکرا ئەوە روونبووەوە کە چاوبڕینە کانزاو نەوتی وڵاتانی ژێردەستی عوسمانی گەورەترو پڕبەهاتر بوو لەبەهای مافی مرۆڤ وسەربەخۆیی گەلان وبۆ ئەرمەنەکانیش، "بەلای ئیدارەی ئەمریکییەوە، بەفیڕۆدانی سەرچاوەو سەرمایەی سیاسی لە سەر وڵاتێکی ئەرمەنیی تازە دروستبوو، لەکاتێکدا کە فەرەنساو بەریتانیاو هۆڵەندا دەستیان گرتووە بە سەر کێڵگە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیادا، ئەگەر هەر هیچیش نەبێت شتێکی خەتەرناکە". ئەڵبەتە لەم سەروبەندەدا ئەم ئیدارەیە خەریکی دارِشتنی سیاسەتێك بوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دواتر بە سیاسەتیکرانەوە ناسرا " ئۆپن دۆر پۆلیسی"، ئەو سیاسەتەی کە دارِێژرابوو بۆ برەودان بە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ئەمەریکاوبە تایبەتیش لە بواری نەوتدا.

ئەڵبەتە ئەرمەنەکانیش هەمان دەردی کوردیان بە سەرهات لە هەردوو پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی 1920و لوزان لە ساڵی 1922داو مەسەلە ڕەواکەی ئەمانیش بوو بەقوربانی ململانێی بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان ولە کاتێکدا لە پەیماننامەی سیڤەردا، بەڵام ئەمیش وەك کورد لە لوزانداو لەبەر دارشتنەوەی نەزمێکی نوێی سیاسەتی کرانەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی نەوت لە بەرانبەر رژێمی نوێی تورکیای کەمالیزم و ململانێ لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی تازە دروستبوودا ناوی لەم پەیماننامە نوێیەدا سڕایەوەو وەك پیتەر باڵەکیانی نووسەری کتێبی دیجلەی گڕگرتوو دەڵێت "ڕێککەوتننامەی لوزان دەرگاکەی هێندە بەتوندی داخست بەڕووی ئەرمینیادا کە تەنانەت ڕێگە نەدرا وشەی (ئەرمنیا)ش لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا بەکاربهێنرێت و وەك لە گۆڤاری کرێنت هیستۆری مانگی 1923/2دا هاتووە "کۆنفرانسەکە بە فیعلی ئەرمەنەکانی لە کەشتییەکەوە فڕێدرایە خوارەوە". لە هەڵبژاردنی ساڵی 1924ی ئەمەریکاشدا دیموکراتەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیان وهیچی تر لە پلاتفۆرمی خۆیاندا دەڵێن "ئێمە ئیدانەی ڕێککەوتننامەی لوزان دەکەین لەبەرئەوەی خیانەت لە گەلی ئەرمینیا دەکات و مافە رەواکانی دەگۆڕێتەوە بە مافی دەرهێنانی نەوت". ئەمریکییەکان لە سۆنگەی پەیڕەوی کردنی سیاسەتی کرانەوە سەبارەت بە نەوتی میزۆپۆتامیا، کە بە سیاسەتی دۆلاریش دەناسرا، هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە رای خۆیان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەنەکانیش گۆڕی. پەیماننامەی لوزان بوو بە سەنگی مەحەك وهەر سەرکردەی سیاسی و مسیۆنێری بوو پەیتا پەیتا هەڵوێستیان دەگۆڕی. ئەوەتا جۆرج پلیمتن، کە هەر لە ساڵی 1915وە یەکێك بوو لە ئەندامە سەرەکیەکانی کۆمیتەی ئەمریکی بۆ نەهامەتیەکانی ئەرمەن، بایدایەوە بەلای کەمالیستەکانداو دەڵێت "ئێمە لە ئەمەریکا دەڵێین ئەمەریکا بۆ ئەمریکییەکانە، ئەی بۆچی تورکیاش بۆ تورکەکان نەبێت؟".

زیاد لەوەش، دیسان وەك پیتەر باڵەکیان لە کتێبە ناوازەکەیدا "دیجلەی گڕگرتوو" دەڵێت هەندێك ئەمریکی، بەشێوەیەك تووشی ئەو پەتای نەوتە بوو بوون وەك ئەدمیراڵی خانەنشین کۆڵبی چێستەر، کەوایان لێهاتبوو زۆر بە پەرۆشەوە یارمەتیی حکومەتی تورکیایان دەدا لە پەردە پۆش کردنی مەسەلەکاندا. ئەدمیراڵ چێستەر کاتی خۆی دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ سوڵتان عبدالحمیددا بەستبوو. ئەوە بوو ساڵی 1897 چێستەر وەك نوێنەری بەرژەوەندیی مسیۆنێرە ئەمەریکییەکان نێردرا بۆ بابی عالی بەڵام دوایی کە تورکیای جێهێشت ڕێککەوتننامەی بیرە نەوتێکی لەگەڵ سوڵتاندا بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو. ساڵی 1922 چێستەر، بەو هیوایەی ئەو مافە نەوتیانەی کە بەڵێنی

پێـدرابوو هاتبێتــە بــەر کــە (نیویــۆرك تــایمز کــەرەنت هیســتری)دا دەنووســێت "ئەرمەنــەکان لــە ناوچەیەکی شەڕاوی وپڕ گۆبەندەوە، کە بـەردەوام گێچەڵیان پێدەکراو نەیاندەهێشت پێشکەوتن بـە خۆیانەوە ببینن،گوێزرانەوە بۆ خۆشترین و بەپیتترین شوێنی سوریا .. کە ئاووهەواکەی، لە خۆشـی وسازگاریدا دەڵێی ئاووهەوای کالیفۆرنیایـە و بـە پـارەوپوول وهـەوڵو مانـدووبوونێکی زۆر دەسـتەبەر بووە بۆیان".

بەم پێیە هەر لە سەرەتای ساڵانی 1920کانەوە، نکوولی کـردن لـە جینۆسـایدی ئەرمەنـەکان تـوانی جێگەی خۆی لە نێو ئەو کەشوهەوایەی تورکدۆستی ناو ئەمەریکادا، بە ئاسانی بکاتەوە.

جینۆسـایدی ئەرمــەن، لەبـەر بەرژەوەنـدیی ئەمــەریکاو ئــەو دەوڵەتــە زلهێزانــە لەگــەڵ تورکیــای کەمالیزمدا تا یادی پەنجا ساڵەی، کە 1965 بـوو، لـە یادەوەریـدا خەفـە کـراو چـەندین سەرچـاوە بـە جینۆسایدی لەبیرکراو ناویان دەبردو تەنانەت هیتلەر لـە سـاڵی 1939داو بـە نیـازی ئـەوەی قڕبخاتـە ناو جوولەکەکانی ئەڵمانیاو ئەوروپا لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگـەڵ سـەرانی نـازی دەڵێ "کوا کێ هەیـە ئێستا باسی کوشتارو قڕکردنی ئەرمەنەکان بکات". بەڵام لەو ساڵەدا، واتـە 1965، شـتێکی چاوەڕوان نـەکراو ڕوویـداو لـەیادی پـەنجا سـاڵەی ئـەو جینۆسـایدەدا، کـە 24ی نیسـان سـەدان هـەزار ئەرمـەن وخەڵکی دۆستیان لە ئەمەریکاو ئەوروپاو یەکێتی سۆڤیێت وئـەرمینیا ڕژانـە سـەر شـەقامەکان ولـەوە بەدوا ئەو یادە هـەموو سـاڵێك دەکرێتـەوەو بـەڵام لـە ئەمـەریکاو زۆرێـك لـە وڵاتـانی ئـەوروپاو دنیـادا دەکرێتەوە، بەڵام تا ئێستاش لەبەر بەرژەوەندییان لەگەڵ تورکیادا خۆیان لەقەرەی ناوی ئەنجامـدەری کوشتن ودەربەدەرکردنی نزیکەی ملیۆن ونیوێك ئەرمەن نادەن وزۆریـش نـاوی جینۆسـاید نابـەن وتـا ئێسـتاش مــەرایی ودووڕوویــی و درۆ مــۆرکی ڕەفتــاری ئەمــەریکاو دەوڵــەتانی بەرژەوەنــدخوازە کــە پـەیڕەویی دیبلۆماسـییەتی دۆلار دەکـەن. ئـا ئێسـتاش، کـە 23 دەوڵـەت لـە جیهانـداو چـل ویلایـەتی ئەمەریکاو چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافی مـرۆڤ دانیـان بـە ناسـاندنی جینۆسـایدی ئەرمەنـدا ناوە، کەچی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا. دانـی پێـدا نـەماوەو مەسـەلەکەش تـەنها بەنـدە بـە بەرژەوەنـدە جۆراوجۆرەکانیـەوە لەگـەڵ دەوڵـەتی تورکیـادا، هەرچـەندە دەیـان کەسـایەتیی نووسـەرو کۆنگرێسمان وخاوەن پێگەی سیاسی و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایـەتیی گـەورە لـە ئەمـەریکا خۆیـو جیهانـدا هـەوڵی ئـەو ناسـاندنە دەدەن، بـەڵام حکومـەتی ئـەو وڵاتـە ناچـێتە ژێـری. بـۆ نموونـە کەسـێکی وەك دێبۆرالیپشتادت نووسراوێك دەداتە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو مافی مرۆڤی سەر بـە کـۆنگرێس وتێیدا دەڵێت: "نکوولی کردن لـە جینۆسـاید، جـا تـورك ئەنجامیـدابێت بەرانبـەر بـە ئەرمـەن، یـاخود

نازییەکان کردبێتیان بەرانبەر بە جوولەکە مەبەست لێی خوێندنەوەیەکی تر نیە بۆ مێژوو، بەڵکو نکوڵیکار دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە تۆوی چەواشەکاری بچێنێت بەوەی گوایە لێکۆڵینەوەی جیددییان لە مەسەلەکەدا کردووەو نکۆڵیکاران دەیانەوێت قەناعەت بەلایەنی سێهەمی بەستەزمان بکەن کە گوایە (مەسەلەکان بەو شێوەیە نین کە باس دەکرێن). نکووڵیکارانی جینۆسایدەکان هەوڵدەدەن مێژوو بەشێوەیەکی تر دابڕێژنەوە. بەشێوەیەك کە قوربانیەکان تاوانبار دەرچن و تاوانبارەکانیشبێگوناه. من داواتان لێدەکەم کە پشتگیری لەو بڕیارە بکەن، چونگە ئەمە ئەو ڕۆڵە دەسەلمێنێت کەوا کاتی خۆیو لە سەروبەندی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا، حکومەتی ئەمەریکا دەیگێڕا، لەبەرژەوەندیی گەلی ئەرمەن".

## • ڕۆڵی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەندا .. وەك ئەنجامدەر و وەك رزگارکەر

وەك پێشتر، لە گەلێ شوێنی ئەم نووسینەمدا ئیشارەتم پێداوە کەوا کورد کەم تا زۆرێك ڕۆڵی بووە لە کوشتاری ئەرمەندا، بەڵام نەك وەك میللەت یان نەتەوە بەڵکو وەك تاکە کەس خێڵو دەستەو تاقمێك کە لە ریزی سوپاو جەندرمەو سوارەی حەمیدی وتەشکیلای تری دەوڵەتی عوسمانیداو دەبێ پێش هەموو شتێك لەوە بگەین کەوا بە حوکمی پێکەوە ژیانی هەردوك کوردو ئەرمەن لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵو بە تایبەتی لە شەش ویلایەتەکەی وان وبەدلیس وئەرزڕوم وسیواس وخەرپوت و دیاربەکردا کەوا بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەن بە ئەرمینیای یان ئەرمەنستانی رۆژئاوا ناوی بردووەو لە هەوڵی بەردەوامدا بووە کە دەوڵەتی گەورەی ئەرمەنستانی لە سەر دامەزرێنێو ئەمە بووەهۆی بەر یەککەوتنێکی سەخت لە نێوان هەردوولاداو لایەنی عوسمانی وەك پیشەی پێشتری لە ئیدارەدان و سیاسەت کردندا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە توندکردنی ململانێینێوانیان بەپێی سیاسەتی لە مێژینەی "پەرتکەو زاڵ بە".

پێش ئەوەی بچینە هەندێك وردەکاریی رۆڵی کورد لەم مەسەلەیەدا وا چاکە چاوێك بخشێنین بە پێکهاتەی دیموگرافی وشێوازی ژیانی هەردوولا لەم بەشەی وڵاتی عوسمانیدا، کە دواتر ململانێ لە سەر ناسنامە تا دەهات سەختتر وقووڵتر دەبووەوە. ئەڵبەتە لەو دەمەدا، لەوانە لە سەروەختی

جینۆسـایدی ئەرمەنـدا، دەوڵـەتی عوسمـانی لـە ترۆپکـی قۆنـاخی دەرەبەگایـەتیی (فیـودالیزم)دا بوو و سیستەمی پەیوەندییەکانی خێڵ هێشتا هەروەکو دەیان وسەدان ساڵ پێشتر بووە.

ئـەو دەمـە کـورد لـە ئەنـەدۆڵی رۆژهـەڵاتی تورکیـا یـان کوردسـتانی بـاکووردا، کـە خـۆی لـە شـەش ویلایەتەکـەدا دەبینییـەوە زۆرینـە بـوو وژیـانی خێڵـە کوردەکـان لـە سـەر ئاژەڵـداری بەنـد بـوو وبـۆ بەخێوکردن ولەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان کۆچەر یان نیمچە کۆچەر بوون، بەشێکی تری ئـەم خێڵانـەش نیشتەجێ بوون وبێجگە لە ئاژەڵداری جووتیاریشیان دەکرد. ئەو دەمە تـەواوی ناوچـەکە دابـەش بـوو بـەسـەر سـەرۆك خێڵەکانـدا کـە لـە هـەمان کاتـدا دەرەبـەگ وخـاوەن ملکـی ناوچـەکانیان بـوون وجووتیارو مەڕدارەکان دەبوو باج وسەرانەیان بدەنێ.

سەبارەت بە ئەرمەنیش، کە بێجگە لە نیشتەجێ بوونیان لە شارو دێهاتی تری وڵاتی عوسمانیـداو بـە تایبەتی ئەستەمووڵی پایتەخت وشارە تورکیـەکانی تـر بـەڵام زۆرینـەیان لـە کوردسـتانی بـاکوور یـان شـەش ویلایەتەکـەی رۆژهـەڵاتی عوسمانیـدا نیشـتەجێ بـوون، کـە ئـەمان یـان رابـەرە سیاسـیەکانی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکـەیان بـە ئـەرمینیای رۆژئاوایـان دادەنـا. ئەرمەنـەکان لـەم بەشـەی دەوڵـەتی عوسمانیدا نزیکەی 20٪ ی‌دانیشتوانیان پێکدەهێناو دوو شێوازی ژیانیان پێکدەهێنا کـەوا بەشـێکیان دانیشتووی دێهات وخەریکی ئاژەڵداری وکشتوکاڵ بوون وئەمانیش چەشنی جووتیاری کورد دەبوو باج وملکانە بدەنە ئاغا کوردەکـان کـەوا بـە یارمـەتی دەوڵـەت وکاربەدەسـتە گەنـدەڵو بـەرتیل خۆرەکـانی عوسمانی دەستیان نابووە بینیان وبۆ جووتیاری ئەرمەن مەسەلەی جیاکاری ئاینیشی هـاتبووە سـەر. بەڵام دانیشتوانی شار نشینی ئەرمەن بژێوییان لـە سـەر دوکانـداری وپیشـەگەری بەنـد بـوو وزۆربـەی پیشەکانی بازرگانی ودارتاشی وئاسـنگەری و مسـگەری و زێڕنگـەری و.. تـاد، بـە دەسـت ئەمانـەوە بـوو وئاستی گوزەرانیان بەردەوام لە کوردی دانیشـتووی ناوچـەکە بـە دێهـات وشـارەوە باشـتر بـوو، چـونکە هەمیشـە جووتیـارە کوردەکـە کـە ڕووی لـەم کـردووە بـۆ سـەلەم کردنـی بەروبوومـە کشـتوکاڵی وئاژەڵدارییەکـەی وئەمـەش فرەجـار بووەتـە مایـەی ئێرەیـی وبـەغیلی وبـەرپابوونی جـۆرە ناحـەزی ودژایەتییەك لە نێوان خاوەن قەرزو قەرزارەکەدا.

ئەڵبەتـە جووتیـارە ئەرمەنـەکانیش هـەمان دۆخـی جووتیـارە کوردەکانیـان هـەبوو، لـە سـەرێکەوە زۆربـەی رەنجـی ساڵیان بـە بـاج وسـەرانە دەدا بـە دەوڵـەت وئاغـا کوردەکـان وبـۆ ئـەمان تـەنها بەشـی مەمرەو مەژی دەمایەوەو بەردەوام هەژاریو نەداری باڵی بە سەریاندا کێشابوو، لە سـەرێکی تریشـەوە

ژێردەستەی خێڵە کۆچەرە کوردەکان بوون، بە هەردوو نیشتەجێبووانی کوردو ئەرمەنەوە، بە حوکمی سروشتی گەرمیان کوێستان کردنی ئەم خێڵانە وبە کەم تەماشا کردنی نیشتەجێبووان بەردەوام زیانیان پێدەگەیاندن وستەمیان لێدەکردن. ئەڵبەتە دەوڵەتیش لە رەفتاری خێڵە کۆچەرەکان بێدەنگ بوو چونکە ئەوان سەربازو جەندرمەیان دەدایە دەوڵەت کە هەمیشە پێویستی بە جەنگاوەر بوو بۆ رایکردنی جەنگ وشەڕوشۆڕەکانی لە ناوخۆو دەرەوەدا.

بێگومان لەم سیستەمەدا جووتیاری ئەرمەن بە حوکمی جیاوازی ئاینی وهەژموونی ئاینی ئیسلام و راڤە جۆراوجۆرو دژ بەیەکەکانی رابەرانی ئەم دینە لە مەلاو شێخانی تەریقەت، کە لە چەندین بۆنەدا گەلی ئەرمەن وئاشووری وکوردی ئیزیدی وهی تریشیان بە گاور ناودەبردو ناکۆکی وناحەزیی ئاینییان بەرپا دەکرد لەنێو میللەت وئایینە جیاوازەکانی چوارچێوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیداو ئەڵبەتە لەم نێوانەدا هەر کەمینە ئاینی ومەزهەبییەکان زەرەریان دەکرد وبە ناچاری ستەمیان قوبووڵ دەکرد.

ئەڵبەتە ئەم دۆخە دەیان وبگرە سەدان ساڵیش لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بەمجۆرە بەڕێوە دەچوو وچەشنێك لە ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عوسمانیدا جێگیر بووبوو وهەر لایەك بە قەدەری خۆی قەناعەتی کردبوو،هەندێ سەرچاوە دەگێڕێتەوە کەوا خێڵە کوردەکان جۆرە دۆستایەتییەکیان لەگەڵ جووتیارە ئەرمەنەکاندا دروستکردبوو، کەوا هەر ماڵە کۆچەرێکی کورد ماڵە دۆستێکی ئەرمەنی هەبووە لە گوندەکانداو ئەم ماڵە ئەرمەنە لە زستاندا کاتێ کەوا خێڵ لە زۆزانەوە بۆ ئاران یان لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان دا گەڕاوەو ئەم ماڵە جێگەی بۆ دۆستە کوردەکەی دابین کردووە وهەروەها ئالیکی زستانیشی بۆ ئاژەڵەکانی دەستەبەر کردووە لە بەرانبەر کرێ ومزێکدا کەوا کوردەکە داوێتیێو بەم دۆستایەتییەی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییە وتراوە(کریف) ولە بەرانبەریشدا کوردەکە دۆستە ئەرمەنەکەی لە زوڵم وستەمی خەڵکی ترو خێڵی تر پاراستووەو بە تایبەتیش ئاغاو دەرەبەگە کوردەکان لە بەرانبەر بڕێك سەرانەو خزمەتکردن بە ئاغا ئەرمەنەکانیان لە ستەم ودەستدرێژی کردن پاراستووە لە ناوچەکانی خۆیانداو داکۆکیان لێکردوون. ئەڵبەتە تێکڕا جووتیارو خێڵە کۆچەرە کوردەکان بەردەوان ئیشیان بە بازرگان وپیشەگەرە دەستڕەنگینە ئەرمەنەکان بووە لە شارەکاندا بۆ دروستکردنی کەرەستەو پێداویستی کشتوکاڵی وئاژەڵدارییان وئەمە بۆ پیشەگەرەکان بازاڕێکی پڕ برەو بووەو هەر لەم سۆنگەیەشەوە بووە کەوا ئاستی بژێوی و گوزەرانیان لە هی رەشەخەڵکەکە باشتر بووەو بەڵکو گەلێ لە ئەرمەنی ناو شارەکان لە ئاستی چینە دەوڵەمەندو

ناوەڕاستەکاندا بوون. بەم پێیەش کاریگەرییان لە سەر دامودەزگاو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی زۆر بەرچاو بووەو بەتایبەتی لە ئەستەموولی پایتەخت وچەند شارێکی گەورەدا بۆ راییکردنی کاروباری دەوڵەت وبەتایبەتی لە ڕووی ئابورییەوە گوێ لە قسەیان گیراوەو گەلێکیشیان بەشدار بووە لە جومگەکانی حوکمڕانی ودەسەڵاتدا ئەمەش وایکردووە کە بەردەوام کاربەدەستانی عوسمانی بە (میللەتی سادیقە) ناویان ببەن.

من لێرەدا نامەوێ داکۆکیی لە پەرێزی کورد بکەم لە رەفتاریدا دەرهەق بە ئەرمەن بەڵکو دەمەوێ واقیعی سەردەمێك بخەمەڕوو کە تێیدا جووتیارو هەژاری کوردو ئەرمەن پێکەوە لەژێر رکێفی سیستەمێکی فیودالی عوسمانیدا ژیاون وکەوا مەکینەی وەگەڕخستنی ئیدارەو سوپاکەی لە سەر شانی خەڵکە ڕەنجکێشەکەی ئیمپراتۆریەتەکە بووە بە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانیەوەو لە رێگەی ئاغاو دەرەبەگی کوردو تورکەوە ئەم سیستەمە بەڕێوە چووە وبێگومانیشم لەوەی سەرۆك خێڵو ئاغاو دەرەبەگەکان بۆ مسۆگەر کردنی بەرژەوەندیی خۆیان وبە پشتیوانی کاربەدەستانی دەوڵەت درێغییان نەکردووە لە ستەم وقورس کردنی باری سەرشانی خەڵکی رەشوڕووت و پشکی رەنجدەرو هەژاری ئەرمەنیش لەم بوارەدا زیاتر بووەو بێجگە لە ڕووە ئابوورییەکەی جیاکاریی ئایینی بەکارهاتووە بۆ چەوساندنەوەی زیاترو تەنها ناوهێنانیان بە "گاور" و جیاکردنەوەی گەڕەك وشوێنی نیشتەجێبوونیان لە شارەکاندا بەسە بۆ ئەوەی بزانرێت کە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ومەعنەوییان چۆن بووە. ئەگەرچی لای کورد، بە کۆچەرو جووتیاری نیشتەجێشەوە هەرگیز مەسەلەی توندڕەویی ئاینی ئەو کاریگەرییە قووڵەی نەبووە کە ناحەزیو شەڕی لە سەر دروست ببێت ولەگەڵ ئاییەنەکانی تری غەیرە موسڵماندا و بە تایبەتی مەسیحییەکان بە تەبایی ژیاون وهەرگیز وشەی "گاور" مانایەکی دزێوی نەگەیاندووە لای کوردو تەنانەت لەگەڵ ئەرمەنەکاندا سەردانی مزگەوت وکەنیسەی یەکتریان کردووەو لە بۆنە ئایەنیەکانی یەکتردا بەشداربوون ولەو سەردەمەدا کورد وەك مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی وکولتووری مامەڵەی لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا کردووە.

ئەڵبەتە ئەوەی لە سەردەمی جینۆسایدی ئەرمەندا ڕوویدا کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو، کە پێشتر هەندێ بە وردی باسکراون وئاڵۆزییەکی تەواوی خستە پەیوەندیی نێوان کوردو ئەرمەنەوە، کە پێشتر دەیان وبگرە سەدان ساڵ پێکەوە دەژیان، بە پێی ئەو سیستەمە سیاسی ئابوورییەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا باوبوو وهەر لایەك بە قەدەری خۆی ڕازی بوو لە ملکەچ بوون بۆ دەوڵەت وباج وسەرانە

دان به ئاغاو سەرۆك خێڵەكان. ئەم بارە لە سەر وەختی میرنشینە كوردەكانیشدا هەر بەو چەشنەی سەرەوە بوو.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە وردە وردە كاریگەریی بیری نەتەوەیی، كە لە ئەوروپا سەریهەڵدا بوو، لای گەلانی ژێردەستی ئیمپراتۆریتی عوسمانی دەركەوت ولەملاو لەولا ناڕەزایی لە سیاسەتی دەوڵەت بەرپابوو، میللەتان دەیانویست كە چیتر لەژێر چەپۆكی عوسمانیدا نەمێنن وبەتایبەتی دوای ئەوەی گەلانی بەلكان دەستیان دایە شۆڕش وبە تایبەت تریش دوای ساڵی 1870 كاتێ كە بولگاریا ڕزگاری بوو لەژێر دەستی عوسمانی. ئەڵبەتە ئەرمەن پێش زۆربەی گەلانی بندەستی عوسمانی كەوتن لە داواكارییان بۆ مافی زەوتكراو یان چەوساندنەوەی چەندین سەدەیان. دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بكەین كە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەن لە هی كوردو عەرەب وگەلانی تر گەلاڵەترو بەهێزتر بوو وەك دەرەنجامێك بۆ كاریگەریی بزووتنەوە سیاسیەكانی ئەو دەمەی رووسیا لە سەر ئەو بەشەی ئەرمینیای رۆژهەلاَت كە لە بندەستیدا بوو لە سەرێكەوە كە بووە هۆی بلاَوبوونەوەی بیری رزگاریی نەتەوەیی لە بەشەكەی تری بندەستی دەوڵەتی عوسمانی وهەروەها پشتیوانی ولاَتانی ئەوروپاو بەتایبەتی دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەو دەمە چەشنی بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا لە سەرێكی ترەوەو كاریگەریی بەرچاوی مسیۆنێرەكان و رەخساندنی هەلی خوێندنی بەرفراوان بۆیان لە هەموو قۆناخەكانی خوێندندا.

پێداگرتنی حیزب و رێكخراوە ناسیۆنالیستەكانی ئەرمەن لە سەر جێبەجێكردنی بەرنامەی چاكسازییەكان، كە لە ساڵی 1839دا حكومەتی عوسمانی دەریكرد بەناوی (تەنزیمات)ەوە بەلاَم هەرگیز جیدی نەبوو لە جێبەجێكردنی و لە دوای جەنگی عوسمانی لەگەڵ رووسیاداو سەركەوتنی رووسیاو تێكشكانی سوپای عوسمانی ساڵی 1878 لە ڕێككەوتننامەی بەرلینی ساڵی 1878دا دەوڵەتی عوسمانی پابەندكرا بە جێبەجێكردنی خاڵەكانی چاكسازی كە تیایدا دەبوو نیمچە سەربەخۆییەك بۆ ئەرمەن دەستەبەربكرێت لە شەش ویلایەتەكەی رۆژهەلاَتی ئەنەدۆڵدا، واتە كوردستانی باكوری ئەمڕۆ، كە ئەرمەن دەیانویست دەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورەی لە سەر دامەزرێنن بێ رەچاو كردنی كەوا زۆرینەی دانیشتوانی كوردن. ئەڵبەتە لە قۆناغەدا ئەرمەن بە تەواوی پشتیان بە رووسیاو دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەوروپا بەست بوو وحیزبە ناسیۆنالیستەكانی ئەرمەن وبەتایبەت تاشناك رۆڵێكی زۆر خراپیان دەگێڕاو جاڕی راپەڕینی چەكدارییان دا، بێ ئەوەی هەلومەرجی لەبار بێت ودەوڵەتە زلهێزەكانیش هەریەكە بۆ بەرژەوەندی خۆی كاری دەكرد. حكومەتی سوڵتان عبدالحمیدیش

هێندەی تر شێلگربوو وبەوە تۆمەتباری دەکردن کە بوون بە دەسکەلای رووسیاو وڵاتانی ئەوروپاو راستیەکەشی هەروا بوو و رێکخراوەکانی ئەرمەن دەیانویست بەهەر نرخێك بووە بارودۆخی (ئەرمینیای رۆژئاوا) بشێوێنن بەو هیوایەی وەك چۆن رووسیا دەستی کێشایە ناو بولگاریاوەو بوو بە هۆی رزگاربوونی بەو چەشنە رووسیاو دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا ناچار بکەن ناوچەکە داگیر بکەن وپاشان لە بەرژەوەندی ئەرمەن بشکێتەوە.

ئەم کارەی ئەرمەنەکان، کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی خۆیان هەموو رەوایی وپاساوێکیان دەدایە، وەك وروژاندنی شارە زەردەواڵە بوو وحکومەتی سوڵتان لە جیاتی ئەوەی بەڕاستی بەندەکانی چاکسازی جێبەجێبکات بە جارێ دەهری بوو و کەوتە قڕکردنی ئەرمەن لە پایتەخت وشارەکان و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ ئەڵبەتە بۆ ئامادەکاریش ساڵی 1891 بەشێکی بەرچاوی خێڵە کوردەکانی چەکدار کرد لەژێر ناوی (سوارەی حەمیدیە)داو کەوتە پیلانگێڕی ئەوەی کوشتارەکە بە کورد بکات لەژێر پەردەی ئاین وهاندانی مەلاو شێخانی تەریقەت گوایە مەسەلەکە لە پێناوی ئاینی ئیسلامدایەو دژ بە کافران کە پێشتر زەمینەسازی بۆ کردبوو وسەرجەمی ئەرمەنی بە (گاور) ناودەبرد. بۆ ئەم مەبەستەش سوڵتان جاڕی (جیهادی پیرۆز)ی داو بەردەوام حکومەتەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کورد وەك خێڵ و وەك خاوەن مڵك لە کوشتاری ئەرمەنەوە بگلێنێ‌و تەماحی تالان ماڵ‌و سامان وزەوی‌وزاریان بخاتە بەردەست. بێگومان بێجگە لە کورد میللەتانی تریشی تێوەگلاندبوو وەك چەرکەسن وئەلبان کەوا لە جەنگەکانی بەڵکان وچەنگی ڕووس وعوسمانیدا وەك میللەتانی موسڵمان لەو وڵاتانە دەرکرابوون ولە تورکیا لە ناوچەکانی ئەرمەن وکورددا نیشتەجێ کرابوون ئەمانە پێیاندەوتن (موهاجیر)و لە شوێن وماوای خۆیان پێش کۆچکردنیان هەموو ماڵ‌و سامانیان تاڵانکرابوو و رقێکی ئەستووریان لە گەلانی مەسیحی دەبووەوە وبۆ هەل دەگەڕان تۆڵەی خۆیان بکەنەوەو لەپای ئەو زوڵم چەوساندنەوەی لە وڵاتی خۆیان تووشی هاتبوون وئێستا لە مەسەلەی ئەرمەن لەبارتر نیە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.

لە سەری ئەرمەنیشەوە رابەرانی بزووتنەوە نەتەوەییەکەی ئەرمەن وبەتایبەتی حیزبی تاشناك هێند شێلگیری پشێوی نانەوە بوون هێند بەتەنگ بەرنامەڕێژی و هاوخەباتییەوە نەبوون لەگەڵ کوردو رابەرانیدا، کە ئەمانیش بە هەمان چەشنی ئەرمەن چەوساوەو ژێردەستە بوون وسوودمەند لەم بەینەدا سەرۆك خێڵ‌و ئاغاو دەرەبەگە کوردەکان بوون کە زۆرێکیان وەك پێشەی ئەم چین وتوێژە لە هەموو کات وشوێنێکدا ئەوەی کە بۆ بەرژەوەندیی چینایەتییان دەبنە داردەستی رژێمە

سەرکوتکەرەکان، دەنا جووتیارو خەڵکی هەژاری کورد هیچ سوودو قازانجیان نەبوو لە دژایەتی کردنی خەڵکی ئەرمەندا تا رەشەخەڵکەکەی ئەمانیش لە هەردوو سەری رابەرانی نەتەوەییان وحکومەتی عوسمانییەوە بە گورگانخواردوو چووون و بوون بە قوربانی وسووتەمەنی. حکومەت بەوە هانی کوردی دەدا لە دژی ئەرمەن کەوا ئەمان، واتە ئەرمەن، دەیانەوێت تەواوی خاکی کوردان داگیر بکەن ودەوڵەتی خۆیانی لە سەر دامەزرێنن لەڕاستیشدا رابەرانی نەتەوەیی ئەرمەن نکوولیان لەمە نەدەکردو لەناو کۆمەڵگەی ئەرمەن ولە ناوەندەکانی دەرەوەدا کوردیان زۆر بەدناو کردبوو وبە چەتەو پیاوکوژو شەڕەنگێز لە قەڵەمیان دەداو وایان دەردەبڕی کە ئەوان گرفتاری دەستی کوردن نەك دەوڵەتی عوسمانی.

ئەڵبەتە بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەرمەن لە سەردەمی جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە گرتنی تاقمی تورکە لاوەکانەوە یان کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی لە ساڵی 1908 تا 1914 لەگەڵ ئەم حکومەتە تەواو تەباو هەماهەنگ بوون و دژ بە کوردو رابەرانی هەڵوێستیان وەرگرتبوو وتەنانەت لە قەتلۆعامی ساڵی 1909ی شاری ئەدەنەش بێدەنگ بوون کەوا بە دەسیسەی ئیتیحادییەکان هەزاران کەسی ئەرمەن کوژران.

کاتێك کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد حکومەتی تورکە لاوەکان لە جەنگدا دایە پاڵ ئەڵمانیاو لەبەر شەڕی رووسیادا لە ساری قامیش ساڵی 1914 سوپای عوسمانی تووشی شکستێکی گەورە هات و رووسیا شاری وان وچەند ناوچەیەکی بەرفراوانی داگیرکردو ئەرمەنەکان بە تەواوی توانایانەوە دایانە پاڵ رووسیاو دژ ببە دەوڵەتی عوسمانی وەستانەوەو لە شاری وان ودەوروبەری قەتلۆعامێکی زۆری کوردیان کردو هەڕەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەن لە رۆژهەڵاتی ئەرمەندا تەواو بەرجەستە بوو ومەکینەی پڕوپاگەندەی عوسمانی زۆر سەرکەوتوو بوو لە تەیارو ئامادەکردنی بەشێك لە کورد کەوا لە ڕووی بەئاگایی یان بێئاگاییەوە بێت بەشداربن لە کوشتاری ئەرمەنەدان، کە لە بەهاری ساڵی 1915دا بە خەستی وپەلاماریکی بەربڵاو دەستی پێکردو سیاسەتی دەوڵەتیش کە بە دروشمی "پەرت کەو زاڵ بە" کاری دەکرد ئەنجامی باشی بۆ حکومەتی ئیتیحادو تەرەقی هەبوو.

گەلێ لێکۆڵەرو سەرچاوە کۆکن لە سەر ژمارەیەکی هێجگار قەبەی قوربانیانی ئەرمەن و ڤ.تارلیە پاش لێکۆڵینەوەو وردەکارییەکی تەواو کۆتا ژمارەی زیانی ئەرمەن بەم شێوەیە دیاری دەکات: "کوژراوانی سەردەمی سوڵتان عبدالحمید 300 هەزار کەس، کوژراوانی ئیتیحادییەکان ملیۆن ونیوێك، هەڵاتووان

بۆ قەوقازو وڵاتانی عەرەبی 800 هەزار". وەك نموونە لە بەشداریی کورد لە کوشتاری ئەرمەندا دکتۆرکەمال مەزهەر لە کتێبە مێژووییە ناوازەکەیدا "کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا" دەگێڕێتەوە:لە کوشتاری یەکەمدا ساڵی 1895 شێخێکی تەریقەت بەناوی مەلا سەعید ئەحمەد لە شاری ئورفە یەکەم دەسپێکی ئەوە بوو کە ئەرمەنییەکی بێتاوانیان هێناوەتە بەردەستی ولەبەرچاوی خەڵك سەری لەلاشەی کردووەتەوەو فەرمانی قەتلۆعامی کردووە کەوا ئەرمەن "ملکەچی سوڵتان وخەلیفەی موسڵمانان نەبوون". هەروەها ناوی چەندین پیاوکوژ دێنێ کە هەریەکەیان سەدو دووسەدو سێسەدی کوشتووەو بە غەزاو جیهادیان لە قەڵەم داوە. بە هەمان شێوە چەندین ئاغای کورد کاروانی ئەرمەنەکانیان لە جەندرمەی تورك کڕیوەتەوەو پاش ئەوەی ڕووتیان کردوونەتەوەو چییان پێبووە لێیانسەندوون کوشتوونیان وئەمە مەرجی جەندرمەکان بووە بۆ ئاغا کوردەکان ئەڵبەتە پاش کوشتنیشیان سکیان هەڵدڕیون وبۆ لیرەی ئاڵتوون گەڕاون. ڤ. کردلێڤسکیش لەم ڕووەوە دەڵێ: "بە چاوی خۆم لە هاوینی 1916دا دیومە کەوا کوردەکان تاقم تاقم ئەرمەنیان وەبەرخۆیان داوە بۆ بەدلیس. بەو نیازەی لیژنەی پەنابەران پارەیان لە سەر بدەنێ".

لە گەلێ شوێن کوردەکان لای خۆیان ئەرمەنەکانیان لە تورك دەشاردەوەو پاشان دەیانبردن بۆ بەدلیس و ڕادەستیان دەکردن. لە هەندێ حاڵەتیشدا سەرۆکە کوردەکان تەواوکەری کاری خەڵکی تر بوون وبۆ نموونە سمکۆی سەرۆکی شکاك لە تەنگی قوتووردا بۆسەیەکی بۆ چەند دەستەو تاقمێکی ئەرمەن دانابوو کەوا لە مردن ڕزگاریان بووبوو وپیاوەکانی هێرشیان کردبوونە سەرو قەسابخانەیەکی نوێیان بۆ سازکردبوون و ئەمەش مشتێکە لە نموونەی خەروارێك.

ڕاستێکەی سیاسەتی عوسمانیەکان تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوو کە دەیانویست ئۆباڵی قەتلۆعامەکانیان بخەنە ئەستۆی کوردو دەبێ پێ لەوەش بنێین کەوا دەمارگرژیی کوێرانەی ئاینی، کە لە ئەنجامی هاندان و پروپاگەندەی عوسمانیەکانەوە هاتبووە ئاراوەو دواکەوتوویی کورد لەڕووی شارستانیەوە دوو هۆکاری سەرەکی بوون کەوا پاڵیان بە زۆر کوردەوە دەنا بە دەم بانگەوازی"جیهادی پیرۆز"ی سوڵتانەوە بڕۆن ولە کوشتارو غەزای "کافراندا" خێرو چاکەی خواوەندیان دەست بکەوێت وهەندێکیشیان لە کاتی سەربڕینی ئەرمەندا سڵاواتیان لە سەر پێغەمبەر دەدا.هەرلەم ڕووەوە کەمال مەزهەر باسی لە بەراوردێکی مێژوویی دەکات ودەڵێ خۆکوردو تورك وگەلانی دیکەی ناوچەکە لەپێش ئەم کوشتارەدا دواکەوتووتربوون وبێگومان پابەندی ئیسلام بوون کەچی لەسەدان ساڵی ڕابردوودا کارەساتی خوێناویی وا لەنێوان کوردو ئەرمەن یان کوردو ئاشووریدا ڕوویندەداوە وتەنانەت

زۆرێـك لەنووسـەران ولێكۆڵـەرەوانی بیـانی بەشـێوەیەكی تایبـەتی سـەرنجی ئـەم حاڵەتـەیان داوە كەپەیوەندیی نێوان كوردو مەسیحییەكانی كوردستان لەباشترین پەیوەندیی نێوان گـەلانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بووەو تەنانەت هێندە بەئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ یـەكتر كـردووە كـەوا ئەرمەنـەكان چوون بۆمزگەوتی موسوڵمانان وئەمانیش سەردانی كەنیسـەكانی ئـەوانیان كـردووە وهـیچ گرژییـەكی ئـاینی ومەزهـەبی لەنێوانیانـدا نـەبووە. كـەوابوو هۆكـارە نوێكـانی دنـەدان وهانـدان، وەك باسمـان كـرد، پەردەیـەكی ڕەشـی دەمـارگرژیی كوێرانـەیان كێشـا بەسەرهەسـت وبـیری ئـاینیی كـورددا دەرهـەق بەئەرمـەن وگـەلێ بەلگـەش هـەن كەپشـتیوانی ئـەم ڕایـە دەكـەن ولـەزۆرێك لەناوچـە كوردییەكانـدا پیاوانی ئاین لەمەلاو موفتی وشێخانی تەریقەت، بەپێی فـەرمانی حكومـەت هەسـت وسـۆزی خـەڵكیان دەوروژانـدو بەئاشـكرا هانیانـدەدان"كـافران" بكـوژن وكەنیسـەو پەرسـتگاكانیان بـڕووخێنن و بـەم لۆجیكە ئەوەی لەئاینی مەسـیحی خـۆی هەڵگەڕایەتـەوە و ببوایەتـە ئیسلام زیانیـان پێنەدەگەیانـد و بەم ڕەنگە هەستی كوێرانەی ئـاینی لای كـوردە سادەوساكارەكان كەتائـەو كاتـە لەناخیانـدا خەفـەبوو، بەپێی نەخشەو پلانێكی داڕێژراو لەمتبوون خەبەریان كردەوەو بەزۆر كوردیان تێئاخنی.

ئەڵبەتە زۆربەی ئەو كوردانەی كەبەشداربوون لەكوشتاری ئەرمەندا لەڕیزەكانی"سوارەی حەمیدی"دا بوون، كە لەبنەڕەتدا بۆئەم كارە دامەزرابوو. ئەمانە بێجگـە لـە ڕۆڵـی خۆیـان خـەڵكی عەشایەریشـیان هاندەدا بۆكوشتاری ئەرمەن وبەتایبەتی لەكوشـتاری دیاربـەكرو ئـەرزڕوم و شـوێنانی تریشـدا ڕۆڵێكـی زۆر بەرچـاویان بـووە. ئەڵبەتـە دەبـێ ئـەوە بڵـێین كـەوا بەشـداری هێزەكـانی سـوارەی حەمیـدی لەكوشتاری ئەرمەندا وەك تەشكیلەیەكی حكومەت بووە، چەشنی بەشداریی سەربازو جەندرمـە، نـەك وەك بەشـداری كـورد، هەرچـەندە دواكـەوتوویی ژمارەیـەك لـە ئاغـاو دەرەبەگـەكانی كـوردیش ڕۆڵـی خۆیان بینی ولە سەرێكی تریشەوە سەركردەكانی سوارەی حەمیدی وژمارەیەك لەو ئاغایانە كوشـتاری ئەرمـەنیان بەهـەل دەزانـی بۆئـەوەی گیرفانیـان پڕبكـەن وملـك ومـاڵ وزەوی وزاریـان داگیربكـەن ولەمەشدا حكومەتی عوسمانی هانیدەدان وهاوكاریی دەكردن.

وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆكردووە، لەڕووی تێگەیشتن لەدۆخی ئەو دەقـەوە حیـزب و ڕێكخراوەكـانی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی ئەرمـەن و بەتایبـەتیش تاشـناك وەك حیزبێكـی باڵادەسـت نـەیانتوانی پەیوەندیی دراوسێتیی چەندین سەدەی كوردو ئەرمەن هەڵبسـەنگێنن بەڕاسـتی وكـار بـۆ ئـەوە بكـەن هەسـت وسـۆزو خـەباتی هـەردوو میللـەت یەكبخـەن و وەك لازاریـف دەڵـێ "تاشـناكیەكان خزمـەتێكی

خراپی گەلی ئەرمەنیان کرد چونکە هانیاندان بۆ راپەڕینێك کە هێشتا کاتی نەهاتبوو و گیانی رق وکینەیان لایان دەورووژاند دژ بە هەموو کوردو تورك".

هەروەها ئۆرۆتونیان دەڵێ: "لە جیاتی راکێشانی دیموکراتییەکانی گەلی کورد وەك هاوپەیمان وخەبات کردن پێکەوە دژ بە ئاغاو دەرەبەگی تورك، حیزبە نەتەوەییە دیموکراتەکانی ئەرمەن لە رێگەی بانگەشەیانەوە بۆ رق و کینەی رەگەزپەرستی و ئاینی، توانییان دیوارێکی ئەستوور لە نێوان هەردوو گەلی ئەرمەن وکورددا دروست بکەن. ئەڵبەتە سیاسەتێکی لەم چەشنەی نامیللی وخۆکوژی پێش هەموو شتێك خزمەتی تەنها چینە فیودالەکەی کوردو تورکی کردو هیچی تر".

ئەم سیاسەتی پێداگرییەی نەتەوە پەرستانی ئەرمەن کە بە تەنها خۆیان سوارچاکی مەیدان بن وهەموو ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی باکوور بخەنە ژێر رکێفی ئەو دەوڵەتەی بەتەمابوون دروستی بکەن وئەرمینیای گەورەی ناوبنێن بەو پێیەی لە رۆژگاری دێریندا لە ژێردەستی دەوڵەتەکانی ئەواندا بووەو ئەمە بەجارێك کوردی ترساندو بەتایبەتی وای هەست دەکرد کە دەوڵەتە گەورەکان هاوکارو یارمەتیدەری ئەرمەنن، کە هاوئاینیانن. بەم پێیە ئەگەر مەسەلەکەمان بەشێوەیەکی تر تەماشاکرد ئەنجام وا دەکەوێتەوە کە مونەوەری کورد دەترسا رۆڵی کەم بێتەوەو جووتیاری کورد دەترسا زەوییەکەی لە دەست بچێت وئاغاو دەرەبەگەکانی کوردیش ئامانجیان ئەوە بوو کە پارێزگاریی لە دەسەڵاتی خۆیان بکەن. بێگومان کاربەدەستانی عوسمانیش دەستێکی باڵایان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ترس لەناو کورددا تێکدانی پەیوەندیی کوردو ئەرمەن وبە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا درزی نێوانیان قووڵ بکەنەوەو رێگایان لە هەر هەوڵێکی نزیکبوونەوەی ئەو دوولایەنە دەگرد. ئەڵبەتە کورتبینیی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەهەردوولای کورد و ئەرمەنەوەو دەستێوەردانی دەوڵەتە گەورەکان وهەوڵی بەردەوامی دەوڵەتی عوسمانی بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان کوردو ئەرمەن وچەواشە کردنی کورد رۆڵی خۆیان بینی بۆ هەڵچوون و وروژاندنی بەشێك لە کورد دژ بە ئەرمەن و ئەنجام دەگەینە ئەو راستییەی کە گرژیی کوێرانەی ئاینی تاقە هۆکار نەبوو بۆ کوشتاری ئەرمەن.

ئەگەرچی بەشێك لە کورد بوون بە ئامێرو دەسکەلای حکومەتی عوسمانی بۆ کوشتاری ئەرمەن وکاریگەری خراپی کردە سەر پەیوەندیی هەردوولاو ئاسەواری تا ئێستاش بەدیدەکرێت ولەو سەردەمەو دواتریشدا کاریگەریی خراپی لە ناوەندی نێودەوڵەتیدا بە جێهێشتووەو هەمیشە کورد

وەك پیاوكوژ وێنا كراوە. بەڵام سەرباری ئەو هەموو بەدناو كردنە كوردی سادەو ساكار بە سروشتی خۆیان هەڵوێستی زۆر شەرەفمەندانەیان هەبووە لە ئاست قوربانیانی پلانی لەناوبردنی ئەرمەنداو هەرچەندە سیاسەتی حومكڕانان بەری بەو مەسەلەیە دەگرت ونەیدەهێشت تەشەنە بكات بێگومان زۆربەی خەڵكی كورد بەشدار نەبوون وتەنها وەك تەماشاكەر مانەوە لەبەر هەڕەشەی كاربەدەستانی دەوڵەت بە سزادانی قورسی هەركەسێك یارمەتی ئەو ئەرمەنە لێقەوماوانە بدات وئەگەر هەر كەسێك ئەرمەن لەماڵیدا بگیرێت گەورە بێت یان منداڵ ئەوە مامەڵەی ئەرمەنی لەگەڵ دەكرد. لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشەیەشدا كەچی زۆرێك لە خەڵك نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕی لەو كوشتارەو لە گەلێ شوێن یارمەتیی ئەرمەنە لێقەوماوەكانیان دەداو سەدان وهەزارانیان لە برسێتی و مردن رزگاركرد. لەم بارەیەوە گردلیڤسكی دەنووسێت "ئەرمەنەكان لە هەموو شوێنێك دۆستیان هەبوو لەناو كوردەكانداو لە دەستی تورك رزگاریان دەكردن".

بەڵگەی لەم چەشنە زۆرن و هەر ئەمەشە وایكردووە كەوا كوردێكی وەك عبدالعزیز یاملكی بڵێت "ئەو ئەرمەنانەی كە لە ئەنەدۆڵدا ماونەتەوە ئەوانەن كە لە شمشێری تورك رزگار بوون وبێ هیچ زیادەڕۆییەك سێ لە سەرچواری ئەوانە بە یارمەتیی كورد رزگاربوون.دەكرێ لێرەدا چەند نموونەیەك باس بكەین:

ئیبراهیم پاشای پاشای میللی بەوە ناسرابوو كە زۆر دڵسۆزی عبدالحمیدە لەناو هێزی سوارەی حەمیدیدا لەگەڵ ئەوەشدا هەڵویستی زۆر ئیجابی بوو بەرانبەر بە ئەرمەن لە قۆناخی یەكەمی كوشتارەكەدا توانی نزیكەی دە هەزار ئەرمەن رزگار بكات. لە قەتلۆعامەكەی ئورفەدا ساڵی 1894، 2500 ژن ومنداڵ لە ترسا چوبوونە كەنیسەی ئەرمەنەوەو خەڵكی هەرچی و پەرچی نەوتیان پێدا كردن وئاگریان تێبەردان وسێ كورد كە مستەفا ئاغاو دوو برای بوون پەنجا كەسیان لێ دەربازكردن وهەر ئەم سیانەش توانییان تەواوی ئەرمەنی گەڕەكەكەی خۆیان لە مردن قورتار بكەن. لە شوێنێكی تردا هاتووە كەوا "زۆرێك لە ئاغاكان ژمارەیەكی بەرچاویان لە ئەرمەن رزگاركردووە مەحمود زادە بەیتوڵڵا بەگ تەواوی ئەرمەنەكانی ناوچەی موكسی لە مردن دەرباز كردووە...". لە گەلێ شوێنی تریش كوردەكان هاوكاریی ئەرمەنیان دەكرد لە هەڵاتن وخۆشاردنەوەدا لە چەند شوێنێكی تریش كوردەكان هەر لەم ئاستەدا نەدەوەستان گەلێكیان بە چەكی خۆیانەوە دەچوونە پاڵ ئەرمەنەكان وبەرهەڵستیی حكومەتیان دەكرد كە سنوورێك بۆ كۆمەڵكوژی دابنێت و لەم رووەوە رۆڵی كوردانی دەرسیم بەرچاوەو چەندین چار لەگەڵ ئەرمەن راپەڕینیان بەرپاكردووەو نزیكەی پێنج هەزار

ئەرمەنیان دالْدەداو نەیانهێشت بکوژرێن. کوردە ئێزیدییەکانیش، کە وەك مەسیحییەکان، بەر زوڵم وستەمێکی زۆری عوسمانی کەوتبوون بەوپەڕی هەستی دۆستانەوە یارمەتی وهاوکاریی ئەرمەنیان دەکرد.

لە گەرمەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کاتێ کە هێزەکانی رووسیا دەگەیشتنە هەر شوێنێك لە ئەرمینیاو کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری پەنابەری ئەرمەنیان لای کوردەکان دەبینی و لە قاتوقڕی وگرانی وبرسێتی سالآنی جەنگدا ئەمانە ئەو نانە کەمەی خۆیان دەکردە دوو لەتەوەوگیانی ئەرمەنیان پێ دەپاراست.لە پاش کۆتایی جەنگ خەلْکێکی زۆری ئەرمەن دۆزرانەوە کەوا کوردەکان دالْدەیان دابوون. لە پاش ئاگربەستی مۆدرس چەند نوێنەرێکی کورد سەردانی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی بەریتانیایان لە حەڵەب کردو نامەیەکیان ڕادەستیان کردکە تێیدا هاتبوو: "لە گوندو رەشماڵەکانماندا 650 ئەرمەنی هەن کە زۆریان ژن ومندالْن ولای دراوسێکانیشمان زیاد لە 3800 کەس هەن. ئێمە ماوەی چوار ساڵە بەخێویان دەکەین ونامانەوێ نانەکەمان بە خۆڕایی بڕوات. هەروەها لای خێڵەکانی دۆستمان، کە زۆرتر لێەوە دوورن 6800 ئەرمەنی دالْدە دراون...". بەم رەنگە سەدان ئەرمەنی پەنایان بردبووە بەر گوندو ڕەشماڵی خێڵ وجووتیارە کوردەکان ولە کوشتن پارێزراو بوون، لە هەردوو کوردستانی بەری عێراق وئێرانیشدا. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە هەر کەس وخێڵێکیان بزانیبایە دالْدەی ئەرمەنیان داوە تووشی گەورەترین سزایان دەدان. بێجگە لە کورد گەلێ لە خەڵکی بیرمەندو رۆشنفکری تورکیش لە دژی ئەم کۆمەڵکوژییە وەستابوونەوەو بۆ نموونە لە هاوینی ساڵی 1915دا هاولآتیانی شاری ئەرزڕوم کە تورك بوون دژی دەسەلآتداران وەستانەوە لە کوشتاری ئەرمەندا لە تەرابزۆنیش گەلێك لە خێزانە تورکەکان ئەرمەنیان دەشاردەوە لە ماڵەکانی خۆیانداو بە هەمان شێوە لە شاری یۆزگاتی نزیك ئەنکەرەدا تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاویش لە کاربەدستانی تورك وەك والی وقایمقام وفەرماندەکانی سوپاو جەندرمە دژ بەم کوشتارە بوون ولەو شوێنانەی بیانتوانیایە هەوڵیاندەدا جێبەجێی نەکەن.

لە مەسەلەی بەشداری کردنی کورد لە کوشتاری ئەرمەندا د. هۆگر تاهیر تۆفیق لەکتێبەکەیدا"الکرد والمسألة الأرمنیة 1897 ــ 1920" کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵو ناوازەیە باس لە دووبەشی کورد دەکات سەبارەت بە رۆڵیان لە جینۆسایدی ئەرمەندا، یەکەمیان کەوا کەمینەو زۆربەیان لە عەشیرەتە کۆچەرەکانن و ئەمەشیان زیاتر بۆ تالآن وبڕۆ بووە، لەبەر باری ئابووریی سەختی ئەو دەمەی کوردستان و هەندێ نەریتی خێڵەکیی ئەو دەمە کە وەك نەریت تالآنی باو بووە لەناو خۆشیاندا. لەم

حاڵەتەدا کەمتر کوشتار روویداوە.دووەمیان، کە زۆرینەی میللەتی کورد دەگرێتەوە لە باکووری کوردستاندا، کەوا هەلگری رەوشت خەسڵەتی کوردی رەسەنن وئەوان لەو رووداوانەدا بەشدارییان نەکرد، بەڵکو گەلێ ئەزموون وبەلگە هەن کەوا تاقە دۆستی ئەرمەن کورد بوون وئەمانیش بوون کە رۆڵی گەورەیان هەبووە لە رزگارکردنیانداو تەنانەت بەشێکیش لە سوارەی حەمیدی رۆڵی رزگارکردنیان بینیوە.

سەبارەت بە بەشی یەکەم لە کورد سەرەکیترین پاڵنەریان بۆ بەشداربوون لەو کوشتووبڕەدا هۆکاری تۆڵە کردنەوە بووە لەو کارو رەفتارە دزێوانەی کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەن بەرانبەریان دەیانکردو لەبەر ئەوە هەروەختێ بۆیان بکرایە تۆڵەیان دەکردەوە. ئەم حاڵەتانە زیاتر لەناوچەی وان وناوچە سنوورییەکانی تری عوسمانی لەگەڵ ئێراندا روویدەدا کاتێ کە رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەن لەوێوە دەهاتن بە دیوی عوسمانیداو کوردەکانیان دەکوشت وئەمانیش تۆڵەی خۆیان دەکردەوە.

بێینەوە سەر رۆڵی کورد لە رزگارکردنی ئەرمەندا لە سەروەختی کۆمەلکوژییەکەیاندا دیسانەوە لێکۆڵەر د. هۆگر تاهیر تۆفیق وردەکارییەك لەم رووەوە باس دەکات کە جەنەراڵ مایۆسکی، کەوا کونسوڵی گشتیی رووسیا بووە لە وان وئەرزڕوم لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ. لە راپۆرتێکی دوورودرێژیدا باس لە رۆڵی کورد دەکات لە هاوکاری و رزگارکردنی ئەرمەنداو ناوی چەند شێخ و ئاغایەکی کورد دێنێ کە رۆڵی بەرچاویان بینیوە لە پاراستنی ئەرمەنەکاندا، لەوانە حوسێن پاشای حەیدەرانلی وسوڵتان بەگی برای وکەسێك بەناوی حاجی ئاغا لە ویلایەتی مووسڵ وچەندین ناوو هەڵوێستی ئیجابی لەم رووەوە، تا ئەو رادەیەی کەوا مایۆسکی لە چەندین شوێندا گاڵتە بەو بیروڕایانە دەکات کە ئەرمەنیان بە کۆیلەی کورد لە قەڵەم دەداو کوردەکان هەموو دزو جەردە بوون.هەر هەمان نووسەر لە جێگەیەکی تری کتێبەکەیدا لەبارەی رۆڵی عەشیرەتە کوردەکانەوە بۆ رزگارکردنی ئەرمەن دەڵێ "سەبارەت بە عەشیرەتە کوردەکان لە رووداوەکانی ساڵی 1915ی قەتلوعامی ئەرمەنەکاندا شایەتحاڵانی وەك کارۆساسۆنی وعبدالرزاق بەدرخان وکامل بەدرخان وشاخۆڤسکی و ئەفسەرانی تری رووس کۆکن لە سەرئەوەی عەشایرەکان لەو ڕووداوانەدا بەشدار نەبوون بەڵکو رۆڵیشیان زۆر بووە لە رزگارکردنیانداو لە ساڵانی 1915ـ1917 زۆرێك لە ئەرمەنیان خستووەتە ژێر چاودێریی خۆیانەوەو پۆشاکی کوردییان لەبەرکردوون وشاردوونیانەوەو

بـەو هۆیەشـەوە سـەرۆکەکانیان دواتـر تووشـی سـزای حکومـەتی عوسمـانی بـوون". لـەم ڕووەوە تـەنها مووسا بەگ ناوێك لە ناوچەی مووش ڕۆڵێکی خراپی بووە لە کوشتاری ئەرمەندا.

زۆرجار مژدەدەرە ئەوروپاییەکان ڕۆڵێکی خراپیـان هـەبووە لـە بـەدناو کردنـی کورددا و زیادەڕۆییـان لەو ڕووەوە کردووە کەچی لە هەمان کاتدا کە شایەتییان لـە زاری ئەرمـەنێکی دەربـازبوو وەرگـرتبێـت پاش گێڕانەوەی بە سەرهاتی تاڵی خۆی پێی لەوە ناوە کە خێزانێکی کورد یان شێخ و ئاغایەکی کورد ڕزگاریـان کـردووە. حەسـەن هۆشـیار کـە کەسـێکی لێکۆڵـەری هاوچـەرخی ئـەو ڕووداوانـە بـووە لـەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەوانەی وا ئیدیعا دەکەن کە کورد ئەرمەنیان کوشتووە، ئەی بۆ ئەوە ناڵێن کە چۆن لەو قەسابخانەیە ڕزگاربوون ونکووڵی لـەو چاکەیە دەکـەن؟ لـە کاتێکدا کـە زۆرێـك لـە پیـاوانی ئـاین کوشتنی ئەرمـەنیان حـەرام کـردووە بـە تایبـەتی شـێخ سـەعیدی پـیران فتـوای داوە کـە هـەر کەسـێك ئەرمەنێك بکوژێت وەك ئـەوە وایـە موسـڵمانێکی کوشـتبێت وزیـاد لـەوەش هـانی خـەڵکی کوردی داوە داڵدەیان بدەن و لە تورك بیانشارنەوە.بۆ ڕاستیی ئەم دۆخە قەشەیەکی ئەرمەنی دەڵێ "ئەگـەر هـەر کوردێـك داکـۆکیی لـە دراوسـێ ئەرمەنەکـەی بکردایـە ئـەوا حکومـەت جەندرمـەی دەنـاردە سـەری ودەیانکوشـت".تەنانـەت سـۆگۆمۆن تـەهلیریانی ئەرمـەن کـە سـاڵی 1921 تەڵعـەت پاشـای لـە بـەرلین کوشت لە بەردەم دادگای ئەڵمانیدا ڕاشکاوانە وتی کـەوا لـە کـاتی کۆمـەڵکوژیی کەسـوکارەکەیدا لەگـەڵ هـەزاران ئەرمـەنی شـارەکەیدا (ئـەرزنجان)و خێزانێکـی کـورد ئـەمیان بـۆ مـاوەی زیـاد لـە بیسـت ڕۆژ شـاردووەتەوەو جلـی کوردییـان لەبـەر کـردووە بـۆ ئـەوەی کـەس نەیناسـێتەوە دەربازیـان کـردووە بۆقەوقازی ڕووسیا.

زۆرێك لە سەرچاوەو شایەتحاڵەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە کەوا لە کـاتی ڕاگواسـتنی ئەرمەنەکانـدا دەیـان ژن ومنــداڵ کــە لەلایــەن خــەڵکی کــوردی دراوســێیانەوە شــاردراونەتەوە وســەرباری گرانــی وقاتوقڕیی ئەو سەردەمە نانی وشـکی خۆیـان لەگـەڵیان بەشـکردووەو وایلێهاتووە ئێسـتا لەکۆمەڵگـەی تورکیـای ئـەم سـەردەمەدا بـاس لـە زیـاد لـە ملیۆنێـك کـەس دەکرێـت کەنـەوەی ئـەو ژن و منداڵـە ڕزگارکراوانەن کـەوا زۆرێکیـان کـورد ڕۆڵـی سـەرەکیی هـەبووە لـە شـاردنەوەو دەربازکردنیانـدا، بـەڵام تائەمڕۆش نەوەی ئەرمـەن ونووسـەران ولێکۆڵـەرانیان هێشـتا هـەر لـەژێر کاریگـەریی ئـەو بەنـدوباوە ناڕاست و چەواشانەدان کەوا کاتی خۆی بـاڵی چـەوتی بزووتنـەوەی نەتـەوە پەرسـتی ئەرمـەنکاری لـە سـەردەکردو خـەڵکی ئەرمـەنی پـێ فریـودەداو مـژدەدەرە ئـەورووپی وئەمەریکییـەکان وسیاسـەتی بەرژەوەنـدخوازی وڵاتـانی زلهێـزی ئـەورووپاش ئـاگری دووبـەرەکی و ڕقیـان جۆشـدەدا بـەو ئەقڵـەی

کەتائەم لایەنە قووڵ بکرێتەوە ئەنجامی باشی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنستان دەبێ لە سەر خاکێك کەکوردی تێدا زۆرینەبوو ودەیویست ئەو خاکە بۆ هەردوولایان بێت وبەلام ئەرمەنی تێدا کەمینە بوو و رابەرە نەتەوەپەرستە کورتبینەکانی دەیانویست تەنها بۆ ئەرمەن بێت بەبێ کورد. بێگومان حکومەتی عوسمانیش وریایانە کاری لە سەر دەکردو گرەویشی تێدابردەوە. ئەڵبەتە مێژوو تا ئێستا بەڕوونی هەڵوێستی کوردەکانی عەشیرەتی محەمەد ئاغا لە ساسۆن دەگێڕێتەوە کە رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پاراستنی ئەرمەنداو وەك باس دەکرێت نزیکەی دە هەزار ئەرمەنیان رزگارکردووە و رێگەیان بۆ ئاسانکردوون بگەنە رووسیا.

لەم بارەیەوە واچاکە ئارام دیکرانی موزیکژەنی کوردی بەڕەچەڵەك ئەرمەن باس بکەین، کاتێ کە بۆ گۆڤاری ئۆزگور دەدوێت ولەپرسیارێکدا کەلێی دەکرێت کەوا" تۆبەڕەچەڵەك کورد نیت بەلام گۆرانیبێژ و موزیکژەنی کوردی، بۆچی بە کوردی گۆرانی دەڵێیت؟" ئەمیش لەوەلامەدا دەڵێ:باوکم خەڵکی ناوچەی ساسۆنەو دایکیشم سلێڤانییەو ساڵی 1923 خێزانەکەم لە تورکیا هەلاتوون بۆسوریا وساڵی 1966 گەڕاوینەتەوە بۆ ئەرمەنستان وباوکم دەیوت قەت خۆتان لەکورد جیامەکەنەوە ولێیان دوورمەکەونەوە، ئەوان زۆر یارمەتییان داین وئێمە لەدێرزەمانەوە دراوسێین وهیچ دوژمنایەتییەك لەنێوانماندا نەبووەو لەخێرو چاکە بەولاوە هیچمان لێیان نەدیوە. لەبەر ئەوە باوکم بەکوردی شیعری دەنووسی وهەردەم چاکەی کوردی لە سەر زمان بوو وبەهۆی ئەم تێکەڵییەوە من ئێستا بە هونەرمەندێکی کورد دەناسرێم وزمانم وژێی عودەکەم وئاوازەکانم خۆیان بۆزمانی کوردی دەگەڕێن".

لەکۆتاییدا کورد وەك نوسەری ئینگلیز کیلینگ، کەپاش گەڕانێکی زۆری لە رووسیاو تورکیادا ساڵی 1924 کتێبێك چاپ دەکات وتێیدا بەکورتی دەڵێ" کورد هەزاران ئەرمەنیان رزگارکردووە".

بلەچ شێرکۆ دەگێڕێتەوە کەوا ئەو ژمارە ئەرمەنەی کورد رزگاری کردوون دەگاتە پەنجاهەزارکەس، حەسەن هۆشیاریش لەیاداشتەکانیدا باس لە 165 هەزار دەکات وژمارەکە لای ك.چاچیانی زانای کوردناس دەگاتە دووسەد هەزار کەس وگەلێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کەوا "گەورەترین پرۆسەی رزگارکردنی گەلێك بووە لە سەردەستی گەلێکی تر لەچەرخی نوێدا".

- **ئـەنـجـام و پـەنـــد**

**جینۆسایدی ئەرمەن یەکەم ئۆپەراسیۆنی کۆمەڵکوژیی مرۆڤە بەم ئاستە دڕندانـە و ترسـناکە لە مێژووی نوێدا دەرهەق بە گەلێکی غەیرە موسـڵمانی ژێردەسـتی حکومـەتی عوسمـانی کـەوا گوناهی ئەوە بـوو داوای مـافی ڕەوای خـۆی دەکـرد و دەیویسـت لـە دەسـت سـتەمکاریی سـەدان سـاڵەی ئـەم ڕژێمـە ملـهوڕە ڕزگـاری بێـت، بـەڵام ئـەم وەك پیشـەی خـۆی لـە گـەڵ تـەواوی ڕەعییەتەکەی و بە تایبەتی لە گەڵ میللەتانی بندەسـتی هەمیشە بـە ئـاگر و ئاسـن مامەڵـەی کردووە و کام تاوان سەختە درێغیـی نـەکردووە لـە ئەنجامـدانی بەرانبـەریان و ئـەوەی کـە لـە گەڵ میرنشینە کوردەکان کردی لە کوشتوبڕ و کۆتایی پێهێنانیان ئەویش هەر جینۆساید بوو.**

**ئەرمەن و کورد لە شەش ویلایـەتی ڕۆژهـەڵاتی ئیمپراتـۆرێتی عوسمانیـدا پێکـەوە دەژیـان بـۆ سەدان و دەکرێ بڵێین چـەند هـەزار سـاڵیش و هـەمان جـەور و سـتەمی داگیرکـەرانی خـاك و وڵاتـی تێکهەڵکێشـی هـەردووولایان چەشـتووە و چەوسـاوەکانی هـەردوو گـەل هـەمان دەردیـان چەشتووە بـە دەسـت کاربەدەسـتانی دەوڵـەت و ئاغـا و خـاوەن مڵکـی کـورد و تـورك و سـەرۆك خێڵـی کۆچـەر و لـە هـەمان کاتیشـدا بازرگـانی ئەرمـەنی قۆرخکـاری بـازاڕەوە. ئـەم مێـژووی پێکەوە ژیانە لە گەڵ جیاوازیی ئاینی هەردوو میللەتدا بـەڵام هێنـد ئاوێتـەی یـەکتر بووبـوون لەڕووی نەریت و کولتـوورەوە کـە لـێکتر جیاکردنـەوەیان ئەسـتەم بـوو. هـەموو بەڵەنامـەکانی مێژوو گەواهیی ئەوە دەدەن کە تا دەرکەوتنی مەسەلەی ئەرمەن لە حەفتاکانی سەدەی نـۆزدە بەدواوە هیچ ناحەزی و ناکۆکییەك لـە نێـوان ئـەمان و کـورددا نـەبووە بـەڵکو پەیوەندییـەکی بـاش و جێگیریشـیان هـەبووە. بـەڵام دەرکـەوتنی ناسـیۆنالیزمی ئەرمـەن پەیوەندییـەکانی هەڵگێڕایەوەو بە ڕووکەش داوای پارێزگاریی دەکرد لە ستەمی کورد و چـەرکەس و ئەرمـەنی بە قوربانیی ستەم و تالان و بڕۆی کوردی "نەزان و دڕندە" لـە قەڵـەم دەدا بـەڵام ڕاسـتیەکەی لە پشت ئـەم ئیدیعایـەوە ئامـانج دروسـتکردنی دەوڵـەتی ئەرمەنسـتانی گـەورەو دەرپەڕانـدنی کـورد بـوو لـە سـەر خاکەکـەی، لـەڕووی نێودەوڵەتیشـەوە مەسـەلەی ئەرمـەن بـەکارهێنرا بـۆ ململانێی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان و بەرژەوەندیەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانیـدا و بزووتنـەوە نەتەوەییەکەی ئەرمەنیش هەموو هێلکەکانی خۆی خستە سەبەتەی ململانێی زلهێزەکانـەوە و لە جیاتی هاوپەیمانی کردن لە بزووتنەوە نەتەوەییە تازە گەشەکردووەکەی کورددا کە هەمان داخوازی ڕەوای ئەرمەنی هەبوو کەچی پشتی تێکرد و بـە کـردەوە بـوو بـە دوژمنـی و سـواری**

سەری خۆی بوو و هێند کورتبینانە مامەڵەی لە گەڵ کورد دەکرد کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە هاوپەیمانی حوکمڕانانی ئیتیحاد و تەرەقی لە دوای ساڵی 1908 ەوە و جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ئەم دوو بزووتنەوە نەتەوەییە، کە هەردوك دەیانویست لە چەپۆکی سەرکوتکارانەی مێژوویی عوسمانلی دەربچن و بە مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆیان بگەن، ئەوە بوو کەوا کورد هەمیشە گەرەکیان بوو ئەرمەن هەمیشە برایان بن لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستانی سەربەخۆدا و تەنانەت واز لەو ناوچانەش بێنن کە ئەرمەن زۆرینەن تێیاندا، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمان دەیانویست لە سەر هەمان خاك کە کورد تێیدا زۆرینە بوو جاری دەوڵەتی ئەرمەنستان بدەن و تەنها ئەرمەنی تێدابێت و لەم پێناوەدا حیزبە ناسیۆنالیستەکانی ئەرمەن درێغییان لە هاندان و واتەواتی بێ بنەما نەکرد دژ بە کورد، لە کاتێکدا دوژمنی سەرەکیی ئەوان و کوردیش و تەواوی گەلانی بندەست دامودەزگای سوڵتانی عوسمانی و دواتریش تورکە لاوەکان (ئیتیحادییەکان) بوون و لە سیاسەتی پەیڕەو کردنی کۆمەڵکوژیدا کەمیان بە کورد نەکرد.

بێگومان دەزگا و دامەزراوەی ئەو دەوڵەتە پۆلیسییە، سەرباری دواکەوتوویی، بەڵام میراتی ستەم و ملهوڕی هێندەی بۆ هێشتبووەوە کە بتوانێت یاریی فێزەونی خۆی بکات و سیاسەتێکی زیرەکی "پەرتکە و زاڵ بە" بەکاربێنێت و ناکۆکیی نێوانی هەردوولا زیاتر قووڵ بکاتەوە و سوارەی حەمیدی لە کورد پێکبێنێت و دانی ئاغا و سەرۆك خێڵی کورد لە مڵك و ماڵ و سامانی ئەرمەن تیژ بکات و لە قاتوقڕی و گرانی و برسێتیی سەردەمی جەنگدا هانی خەڵك بدات بۆ تالآن و کوشتن و گیانی گرژی و توندوتیژیی ئاینیی بورووژێنێت و بە "جیهادی پیرۆز" ی دابنێت و کوشتنی منداڵ و ئەتکی ژن بە ئەرکی پیرۆزی کورد و تورکی موسڵمان لە قەڵەم بدات و پاشتر لەشکر و جەندرمەکەی و "تەشکیلاتی مەخسووسەی" هەرچی تاوانی کۆمەڵکوژییە ئەنجامی بدەنو پاشان بیخاتە ئەستۆی کورد ئەوە سەرکەوتنی سیاسەتی فێزەونی ئەو ڕژێمەیە و ئەنجامی بیر و ڕەفتاری کورتبینیی هەردوو لایەو بە تایبەتی حیزبی تاشناکی نەتەوەپەرستی توندڕەوی ئەرمەن بوو. ئەڵبەتە ئەو بەشەی کوردی بە هیچ شێوەیەك لێبەدەرناکەم و پاکانە بۆ تاوانە سامناکەکانیان ناکەم هەرچەندە وەك میللەتی کوردیش بەشدار نەبووبێتن و وەك تاکەکەس و جەردە و تالآنکەر و خێڵ و سوارەی حەمیدی تاوانیان ئەنجام دابێت. لێرەدا جەخت لەوە دەکەمەوە کە پلاندارێژی تاوانی

کۆمەڵکوژییەکە و ئەنجامدەری حکومەتی عوسمانی و دەزگا سەرکوتکەرەکەی بوو بەلاّم ئەمە ئەستۆی ئەو بەشە بەشداربووەی کورد و حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەرمەن و دەوڵەتە زلهێزە بەژەوەندخوازەکان و مژدەدەرە مەسیحییە هاندەرەکان و پەتریاکییەت و رابەرە ئاینیەکانی ئەرمەن لەلایەك و دامودەزگای ئەڵمانیای قەیسەریی ئەو دەمە کە دەسەلاّتی رەهای هەبوو لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا، پاك ناکاتەوە کە بە هەموو لایەکیان دۆخێکی ئالّۆزی وایان دروستکرد کەوا شارە زەردەواڵەی ملهوڕیی تورکی عوسمانی و پاشتریش تورکی نەتەوەپەرستی تۆرانیزم بورووژێت و ئەو سەدان هەزار خەڵکە بێگوناهەی ئەرمەن بەو دەردە ببەن کە بردیان.

هەرچۆنێك بێت ئەو کوردانەی کە لەو قەسابخانەیەدا بەشدار بوون تەنها کەرەستە و ئامێری دەستی دەوڵەت بوون و هیچ وەختێ کورد وەك میللەت بەشداریی نەکردووەو بەڵکو لە گەلێ رووەوە یارمەتیی برایانەیان پێشکەشی ئەرمەنە ئاوارە و لێقەوماوەکان کردووە و دەیان هەزاریشیان لە کوشتن و برسێتی رزگار کردووە. بەلاّم تا ئێستا، کە زیاد لە سەد ساڵ تێدەپەڕێت بە سەریدا، کاریگەریی ئەو برینە قووڵە هەر ماوە بە تایبەتی لای میللەتی ئەرمەن و دەبێ بانگەشەی "زاڵبوون بە سەر کینەدا" کەوا لێکۆڵەری کورد سیامەند زەید عوسمان و فیلمسازی سینەمایی کوردی کۆچکردوو یەڵماز گوینای و سیاسەتمەدار و رۆشنبیری ئەرمەن جیرارد لیباردیان دەریانکردووە جێگەی خۆی لە پەیوەندیی نێوان کورد و ئەرمەندا بگرێتەوە لەبری یەکتر تۆمەتبار کردن بە بەرپرسیاریی لەم رووداو یان ئەویتر. ئێستا گرنگ ئەوەیە ئێمە پەند لەو رووداوانەی رابوردوو وەربگرین و زۆریی یەکتر تۆمەتبار کردن و بە تایبەتی لەلایەن ئەرمەنەوە و وەئەستۆ خستنی کوشتاری ئەرمەن بە گەردنی هەر کوردێك کە تازە لەدایك دەبێت، وەك لە ئاینی مەسیحییەتدا هەیە و دەڵێت کەوا (مرۆڤ کە لەدایك دەبێت گوناهەکانی باوکە ئادەمی لە ئەستۆیە) لە بەرژەوەندیی هیچ لایەك نیە و ئاشکرا بووە کەوا پەردەکانی شانۆیی مەسەلەی ئەرمەن تەنها لایەنێکی ململانێی زلهێزەکانی جیهان بوو و ئاشکراشە کە ئەو تۆمەتانەی بەرەورووی ئەرمەن دەکرێتەوە لەو تۆمەتانە کەمتر نین کە بە ناوچاوانی کورددا دەدرێن.

سـەرچـاوەکـان:


- الدكتور كمال مظهر أحمد: "كردستان فى سنوات الحرب العالمية الأولى"، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، الطبعة الثانية، بغداد ـ 1984.
- هوكر طاهر توفيق: "الكرد والمسألة الأرمنية 1877 ــ 1920"، دار الفارابى ــ بيروت، دار آراس ـ أربيل، 2014.
- "مسألة إبادة الأرمن أمام المحكمة"، ترجمة: غسّان نعسان، مراجعة: ماموستا جعفر، ط 2، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، السليمانية ـ 2008.
- فارس عوسمان: "الكرد والأرمن .. العلاقات التاريخية"، ط 2، من منشورات مؤسسة ماركريت، السليمانية ـ 2008.
- أرشاك سافراستيان: " الكرد وكردستان"، ترجمة: د. أحمد محمود الخليل، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، ط 2، السليمانية ـ 2008.
- جليلى جليل، م. أ. حسرتيان، شاكرو محويان، م. س. لازاريف، أولغا جيغالينا: "الحركة الكردية فى العصر الحديث"، ترجمة: د. عبدى حاجى، دار الفارابى ــ بيروت، دار آراس ــ أربيل، 2013.
- پیتەر باڵەکیان: "دیجلەی گڕگرتوو .. مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن"، وەرگێڕانی: رزگار عومەر عەلی، خانەی وەرگێڕان ـ 2011.
- ئەرنۆڵد توینبی: "جینوسایدی ئەرمەنییان"، وەرگێڕانی: ئەبو بەکر خۆشناو، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ـ 2008.
- رۆبەرت فیسك: " یەکەمین هۆلۆکۆست .. دەربارەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان"، وەرگێڕانی: نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا، دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، سلێمانی ـ 2012.
- جەستن مەکارسی، ئەسعەد ئەرسەلان، جەمالەدین تاشکیران، عومەر توران: "یاخیبوونی ئەرمەنەکان لە ڤان"، وەرگێڕانی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ــ 2013.

- Rubina peroomian: And Those Who Continued Living in Turkey after 1915.

  Armenian Genocide Museum – Institute. Armenia - Yerevan, 2012.
- Armenian Genocide – Wikipedia
- A century After Armenian Genocide - 2015